


# ڕۆژنامەنووسیی ئەدەبی

## • دیار لەتیف

ڕۆژنامەنووسیی ئەدەبی

• دیار لەتیف

ڕۆژنامەنووسی خراپ ئەو بۆمبە غازییەیە وا دەکات بەرچاوڕوونی نووسەر لێڵ بکات و مەوداکانی لێ تەسک بکاتەوە. چەندە ڕەخنەگر گرنگ بێت، هێندەش بوونی ڕۆژنامەنووس پێویستە. ڕۆژنامەنووسی کارامە بونیادنەرە و بوژێنەرە، پایە و پێگەی لێکۆڵەرەوەی هەیە. پرسیارساز کنجکۆڵە و پێویست دەکات خاوەن تێگەیشتنێکی بەرز بێت، ڕۆڵی ڕەخنەساز بگێڕێت و ئەرکی دۆزەرەوەی لەسەرە

Literary journalist
Diyar Latif

ISBN 978-91-89439-20-7

# ڕۆژنامەنووسیی ئەدەبی

## توێژینەوە و دیدار

دیار لەتیف

٢٠٢١

ناوی کتێب: ڕۆژنامەنووسیی ئەدەبی
ناوی نووسەر: دیار لەتیف
بابەت: توێژینەوە و دیدار
پیتچنین: نووسەر
هەڵبژێری: پێشەوا کاکەیی
ڕووبەرگ: ئیبراهیم ئازاد
نۆرە و ساڵی چاپ: یەکەم، 2021
چاپخانە: کارۆ، سلێمانی
تیراژ: (٥٠٠) دانە
نرخ: (٣٠٠٠) دینار
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان، ژمارە (١٩٨٣)ـی ساڵی 2021ی پێ دراوە

**ناوەرۆک**


دیدارسازیی گوتاری پەیدۆزیی.......................................................... 5

دیداری تەوەری ........................................................................... 9

پێگەی پرسیارسازیی .................................................................... 14

مێژووی ڕۆژنامەنووسیی ئەدەبی کوردی ........................................ 18

ڕەهەندی مێژوویی دیداری هونەریی .............................................. 28

دیدار لەگەڵ هەندرێن.................................................................... 35

دیدار لەگەڵ دانا عەسکەر.............................................................. 49

دیدار لەگەڵ فەرهاد مستەفا............................................................ 62

دیدار لەگەڵ ئارام فەتحی .............................................................. 83

دیدار لەگەڵ جەلال بەرزنجی......................................................... 105

دیدار لەگەڵ کۆچەر ئەبوبەکر......................................................... 110

دیدار لەگەڵ بەیان سەلمان ........................................................... 129

## دیدارسازیی گوتاری پەیدۆزیی

دیداری وێژەیی لەناو ناوەندی ڕووناکبیریی کوردیدا، هێشتا شێوە ڕاستەقینەکەی خۆی نەگرتووە، (هەرچەندە ناوەندەکە هێندەش چۆڵ نییە، تا بەداخەوە باسی لێ بکەین، هەوڵی جوانکار هەیە و شایەنی خوێندنەوەن.)

پرسیارەکەم لەو ژێدەرەوە دەپەیڤێت، کە دیداری پرۆژەیی کرۆکئاسا و ئەزموون خوێن و هەڵوەشێنەرەوەی نووسەر، کەم و دەگمەنە و پانتاییەکە تەنیا بۆ نووسەر ڕەخساوە قسەی تێدا بکات. پرسیارساز تەنیا ڕۆڵی پرسیارکەری چوونئاسای نێوان فێرخواز و مامۆستا دەگێڕێت. پرسیارساز دوو جۆرە، یان نووسەرکوژە و ئەویتریان ژێنەرەوەی نووسەر. ڕاستییەکەی ئەمە هۆکارێکە وا دەکات بەرانبەر ئەم کەرتە وێژەییە ڕەشبینانە گۆزاری بکەم. لەناو دیدارسازەکان، کولتوورێکمان لە دیدار هەیە، وا تێدەگات پێویستە لەگەڵ نووسەرانی ناودار، یان ئەو نووسەرانەی ئەستێرەیین و ئەوانەی ناوبانگیان تا دوور ڕۆیشتووە بکرێت. (کە هەرچەند پێم وایە ئەمە هەڵەیەکی زەقە.) ئەوە بێ متمانەییە بە چینی تایبەتی نووسەرانی گەنج، پاشان دەرفەتی هاتنەگۆیان لێ دەسەنرێتەوە، ئەوەشە وا دەکات نووسەرە گەنجەکان هەم کەم خوێنەر بن، هەمتر متمانەی خوێنەرانیان بەدەست نەهێنابێت! گەر خوێنەر بۆچوونی نووسەری لەسەر وێژایەتی خوێندەوە، هەوڵی خوێندنەوەی بەرهەمی نووسەرەکە دەدات.

پرسیارساز کونجکۆڵە و پێویست دەکات خاوەن تێگەشتنێکی بەرز بێت، ڕۆڵی ڕەخنەساز بگێڕێت و ئەرکی دۆزەرەوەی لەسەرەو پابەندە بە ڕێزمانی ئیتیکی ڕۆژنامەگەرییەوە.

پابەندبوونی پرسیارساز پابەندبوونێکی نائایدۆلۆژی و نائایینی و ناکۆمەڵایەتییە. پرسیارسازەکان ئەوانەن خاوەن گومانێکی بیرکەرەوەن و ئاشکراکارن. وردبینیی ئەزموون و دەق دەکەن. نەک ساکار لە دەق و ئەزموون بڕوانن و تەنیا لە پێناو وەرگرتندا بپرسن. ئەوانە نابنە پرسیارسازی بوونیادنەر، تەنک مەلە دەکەن و ناتوانن بچنە قووڵاییەوە. نووسەر لە بەرانبەر پرسیارسازدا دوو ڕێی لە بەردەمە، یەکێک لەوانە تەقینەوەی کانگای سەرچاوەی پرسە شاراوەکانی ئەزموون و مەعریفەیەتی، ئەمە بە وردکاری و بیرکۆڵی ئاستەبەرزەکەی پرسیارساز دێتە بەرهەم. ئەویتریان سڕکردنی تواناکانی جوانیناسی و کۆزانینی نووسەرە، ڕێگر بە بەرباسدان. ئەمەش هۆکاری بەدڕۆڵیی پرسیارسازی ناشارەزایە. کارامەیی پرسین، بزوێنەری کردنەوەی لایەنە پەنهانەکانی پەڕڵەی نووسەرە و دەبێتە پیتاکێک بۆ ڕێنوێنی بەردەنگ بە ئاشنابوونی نووسەر.

پاشخانی پرسیارساز خۆی لە هەمەجۆری خوێندنەوەدا دەبینێتەوە، ڕێخۆشکەرە بۆ پتەوکردنی دیمانەیەکی دڵخوازانە. ڕێنووسکاری و ڕێزمان و وشەسازی لە پێویستییەکانن، پرسیارساز ئاشنای بێت. پرسیارساز ئامانج لە پشت پرسینییەوەیە و توخمەکانی کۆڵەڕەوەی تێدایە، بەرهەمی نووسەر کێوماڵ بکات و ئاگادار بێت. بێلایەنانە مامەڵەی دەق بکات، نە دۆستایەتی و نە کینە ڕەنگدانەوەی لە پرسیاردا نەبێت. دەقخوێنەرەوەیەکی ڕاڤەکار، درکپێکەر و پەیدۆزی نەدۆزراوەکانە. دەق و ئەزموونی نووسینی نووسەر دەخاتە بەردەم هەڵوەشاندنەوە.

پرسیارسازی هۆشمەند، دەکارێت، تەنانەت لە پرسیاری لاسایکەرەوە و سواویش پرسی تازە بهێنێتە بەرهەم، سەرباری بۆ پرسیارە زۆر بەکارهاتووەکان هەیە.

بنەمای فەلسەفە پرسیارە و دژە پرسیاریش ئایینە. فەلسەفە کار لەسەر گومان لە ڕێی پرسیارەوە دەکات، ئایین کار لەسەر دڵنیایی لە ڕێی پرسیارەوە دەکات. ئایین سنوورێک بۆ پرسیارکەر دەکێشێت و داوا دەکات پابەندخواز و سنوورخواز بێت. فەلسەفە ئەو هاوکێشە ئاوەژوو دەکاتەوە و ئازادی بە پرسیارکردن دەبەخشێت. بە هەمانجۆری ئایین، نەریت و تەنانەت دەسەڵاتە پاوانخوازەکان جەخت لەسەر دامرکاندن و چەپاندنی پرسیاری پرسیارخواز دەکەنەوە. بەڵام ڕێڕەوە هزرییەکانی ناو ئایین دەرفەتیان ڕەخساندووە و هەلیان بە پرسیارساز داوە بۆ خواستی پرسین. دەکرێت پرسیارساز تەنیا بە مانا ڕۆژنامەگەرییەکە وەرنەگرین و ئەو چەمکە هەم فراوانە و هەمتر دەتوانین بەربڵاوانە لێی بڕوانین هێزی پرسیارساز لە دیداری ڕووبەڕوودا دەر دەکەوێت، بە هەمانشێوە بۆ نووسەریش. دیداری ڕووبەڕوویی ئەوەتا کە ڕاستەوخۆییە و پشت بە دەنگبەندێک دەبەستێت بۆ تۆمارکردنی زانیارییەکان.

ئەمجۆرە دیمانە زیندووە، چ وێژەیی و چ ڕامیاری و چ زانستی، جۆرە تاقیکارییەکیشە بۆ لێکدانەوەی تواناکانی بەرسڤکار و دەتوانین هەمانجۆری دادگایەک ببینین. دیداری گەرم کە دەکاتە دیمانەی ڕووبەڕوو، یەک لە ڕەهەندە ئەرێنییەکانی ئەوەیە هەڵدەکەوێت وەڵامدەر نائاگایی دەرهاویشتە بکات. بە هۆی پەستانی پرسیاری پرسیارسازەوە، وای لێ دەکات وزەیەکی زۆر بەکار بهێنێت، لە نائاگاییەوە بەر وەڵامی ناباوی جودا بکەوین، ئەمەش بە ڕوانگەیەکی ئەرێنی بۆ دیداری ڕووبەڕوو دەهەژمارێندرێت. جۆرە دیدارێکی نووسراوی

ئەلیکترۆنی بەرانبەرییانە هەیە پشت بە گفتوگۆی پرسیار_وەڵام دەبەستێت و پرسیارەکان دەبنە پەرچەکرداری وەڵامەکان و پرسیارساز لە وەڵامەکانەوە پرسیاری خۆی چێ دەکات و ئاڕاستەی وەڵامدەرەوەی دەکات.

هێشتا ئەم شێوازەی دیدار نەبووتە دیاردەی ڕۆژنامەگەریی ڕۆژنامەنووسی ئەدەبی. ئەم ڕەوتە ماندوێتی زیاتری تێدایە، بەڵام دیدارەکە گەرمتر دەکات، بەهێزتر و دامەزراوەتری دەکات و دەنگی پرسیارساز ون نابێت و جۆرە تاقیکارییەکی نووسەر و پرسیارسازیشە.

## دیداری تەوەری

پشتبەستووە بە پرسیارێکی گشتگیر، دەکرێت لە پرسیارێک زیاتر بێت، نووسەرانێک دەستنیشان دەکرێت، نووسەرانی گەنج، پرسیارە تەوەرییەکەیان ئاڕاستە دەکرێت، ئەم جۆرە دیدارە گەنجخوازانەیە. تاقیکاریی ئەزموونی ئەو دەنگانەیە سەبارەت بە دیدگا و ڕوانینیان. پشکنینی تواناکانە و جیاکردنەوەی خوێندەوار و خوێندەوارتر و خوێندەوارترینە.

پرسیارساز لە دیداری تەوەری، پابەند نییە بەوەی بەرهەمەکانی نووسەری خوێندبێتەوە، تەنیا هێندە بەسە ئاگاداری پێگەی دەنگبوون و ناسینی شێوەی کاری نووسەر بێت. دیداری زیندوو ئەو دیدارەیە ڕاستەوخۆ پرسیار لەسەر وەڵام سەرهەڵدەدات و وەڵام پرسیار دەکات، لە هەمووی گرنگتر، دەنگی پرسیارساز لە دیدارەکەدا ون نەبێت، ونبوونی دەنگی پرسیارساز و زاڵبوونی دەنگی نووسەر، هۆکارێکە بۆ درزکەوتنە هاوسەنگیی گرێچنی دیدارەکەوە. پرسیارساز ڕێپێدراوە بۆچوونی خۆی بەرباس بدات، بکەوێتە وتووێژەوە، هەڵبوەشێنێتەوە، ڕاڤەکار بێت. دیداری خولاوە دیدارێکە پرسیار لەسەر لاسایکاری و پاتبوونەوە دادەڕێژرێت. وەک ئەو دیدارانەی کە هیچکات سوودبەخش نابن بۆ

سەر پاشخانی خوێنەر، دیدارەکە دەبێتە ناسینی ژیننامەی نووسەر، نەک دەق. جارِی مەرگی دەق دەدرێت و نووسەر دەبێتە چەقی وتووێژەکە.

دیدارێک کە پێڕەوی زۆر کەمە و چ ڕۆژنامەنووسان و کەمتریش نووسەران خۆیانی لێ نادەن، دیداری مێزگردانەیە، نەک دیداری بیستراو و بینراو، بەڵکوو دیداری نووسراوە، کە هەر نووسەر وتاربێژ نەبێت، خودی ڕۆژنامەنووس ڕۆڵی ڕۆژنامەنووسی نووسەرانە ببینێت. بەشداری گرنگ و بە تینی لە پرسەکەدا هەبێت، باز بەسەر نووسەریشدا بدات و بتوانێت کەناڵێکی زانین بێت، هاوشانی نووسەر. ئەمە وا دەکات دیدارەکە دەوڵەمەندتر بێت. دەنگدانەوەی دەنگ و هزرینی نووسەر و سستی و بێدەنگی دەنگ و هزرینی ڕۆژنامەنووس، تەنانەت کارێکە خوێنەر بێزار دەکات، هاوکات خودی نووسەر کە لە لایەن پرسیارسازەوە ناورووژێنرێت، دەبێتە هۆکاری چەقبەستوویی دیدارەکە. دیدارەکە ناچێتە پێش، جووڵەی سنووردار دەبێت، مەودای بەرین بۆ خۆی جێناکاتەوە، ڕۆشنایتر ناپرژێتە سەر وەڵام.

چونکە کەسی دیدار لەگەڵکراو بە پێی ئاماژە سنوورداره‌کانی ڕۆژنامەنووسەکە بابەتەکە ڕۆشن دەکاتەوە. کەم نووسەر هەن بتوانن خۆیان لە بەستێنی پرسی پرسیارساز بپسێنن و مەودایەکیتر بۆ دیدارەکە بکەنەوە. نەک تەنیا کەم نووسەر، بەڵکوو بەمجۆرەش بکرێت، هێشتا دیدارەکە لاواز خۆی دەردەخات، بە هۆکاری کزی دەنگ و فکرینی پرسیارسازەوە، بە هۆکاری ئەوەش کە نووسەر ئەو کات لە ڕێڕەوی پرسیار لادەدات و دەکرێت سەرەداوی دیدار بپچڕێنێت و بیباتە باری بابەت و وتارەوە.

نووسەر هەیە دیمانەی ڕۆژنامەوانی لەگەڵ خۆی سازاندووە و بۆ ماڵپەڕێکی ناردووە و بڵاوبووەتەوە. ئەمە مەرگەسات نییە بۆ خودی نووسەر، هێندەی مەرگەساتە بۆ ڕۆژنامەوان و ڕەخنەگران، بەتایبەت

ڕۆژنامەوانە تایبەتمەندە وێژەییەکان. نەریت دیاردەیەکی زۆپە لەناو ڕۆژنامەگەری کوردیدا، بە پاساوی ڕەچاوکردنی تەمەن وەک لە بەرهەم. توانای نەوەیەکی گەنج ئەوەی سەلماندووە تەنانەت ئەو ئەزموونە پێچەڵ پێچەڵەی نووسەرانی بەتەمەن هێندەی کارامەییان بڕناکات. ئەمەش بەرمەبنای خوێندنەوە و بۆگەڕان و ماندووبوون و خۆمژوولی و خولیابوونە. سەرکوتکردنی وزەی نوێی گەنجان، ڕێگری لە هاتنە پێشەوە، بە کەم نرخاندنیان، پەیماندان و وەک دەرویش بینینیان، نەریتێکیتری وێژەی کوردی و نووسەرانی خۆسەپێنە. نووسەر چ بەتەمەن و ئەزموون، چ گەنجان، مافی خۆیانە قسەیان لەسەر بەرهەمی خۆیان هەبێت. بەردەنگ لە دیداری ڕۆژنامەوانی وێژایەتی، چێژ وەردەگیرێت و ڕوونکردنەوەکانی دەبێتە هۆکاری لابردنی تەمومژی سەر بەرهەمەکەی، بەڵام وەک بۆچوونێک نەک خوێندنەوەیەکی ڕەها. ڕەهەندێکیتری دیدار چێژە، خوێنەران چێژ لە چیرۆکەکانی پشت نووسینەوە و بەرهەمهێنانی دەق وەردەگرن و ئاگاداربوونیش لە ڕوانینەکانی نووسەر، چ ژیانی کەسێتی و چ ژیانی ناو نووسین. سەرباری ئەوانەش، دیدار تاقیکردنەوەی توانای نووسەری دەقە. هۆشیاری و پشتەکی زانینی نووسەر دەردەخات.

ڕۆژنامەنووسی خراپ، ئەو بۆمبە غازییەیە، وا دەکات بەرچاوبینی نووسەر لێڵ بکات و مەوداکانی لێ تەسک بکاتەوە. چەندە ڕەخنەگر گرنگ بێت، هێندەش بوونی ڕۆژنامەنووس پێویستە. ڕۆژنامەنووسی کارامە، بوونیادنەرەوە و بوژێنەرە، پایە و پێگەی لێکۆڵەرەوەی هەیە. ئەوەی کەم تا زۆر لە دیداری ڕۆژنامەوانی وێژەییدا بزرە، ڕەخنەسازییە. گرنگە دیدارساز ڕۆڵی ڕەخنەدۆزیی بنەمادار ببینێت، وەک لەوەی تەنیا ئامانجی پرسیار وەشاندن بێت. پرسیارکردن بە پێی حەز نەبێت، بەڵکوو لە قووڵاییی بابەتەکەوە سەری هەڵدابێت و هزراندن و شیکاریی لە کارە سەرەکییەکانی بێت. گەر پێچەوانەی ئەمە ڕوو بدات، بە زۆر باردا

دیدارێکی تاقیکردنەوەیی و ڕووکەش دەردەچێت، نەک هەڵوەشاندنەوەگەریی و ڕاڤەکاریی.

دیداری ڕۆژنامەوانی، چ میدیایی بە بیستراو و بینراوەوە، چ بە نووسراو، هەڵهێنجانەوەی نووسەرە و سەرلەنوێ داڕێژەرەوەیەتی و لەگەڵ ئاشکراکردنی خاڵە شاراوەکان. کولتووری نەخوێندنەوە لەناو چینی ڕۆژنامەوانان دیاردەییە. چڕپرسی و پوختنووسی و ڕەوانبێژی و زمانپاراوی و داڕشتن و پێدانی وزەی واتا بە پرسیارەکە و تەنانەت ڕێنووس و خاڵبەندی و هەروەها پرسیاری بیرسازییانە، بۆ دیداری نووسراوی ڕۆژنامەوانی ڕۆڵ و کاریگەری خۆی هەیە.

دیمانەسازی نە ستایشە نە لێدانە، خوێندنەوەیە، کولتووری گفتوگۆیە نەک سڕینەوە! دیدار، پرۆسەیەکی بارگاویانەی نووسەرە و جۆرێک بەردەوامی بە نووسەر دەبەخشێت. ڕۆشنبیریی کوردی، سیاسیانە مامەڵەی لەگەڵ چەمکی دیداردا کردووە و تا دەگاتە ئێستاش نەرێیانە خۆی کاراتر دەکاتەوە. کۆمەڵەی ڕووناکبیریی کوردی، نەیتوانیوە گرێی نێرسالارانەی هەناوی فڕێ بداتە دەرەوە، گرێی خۆبەشتزان و گرێی باوکانە، باوکانەیەکی تاکجەمسەر، کە دیالۆگ ڕەت دەکاتەوە. دەخوازێت نەوەیەک لە ڕێی مۆڵەتدانەوە چێ بکات، نەک ڕووبەڕووبوونەوەی ڕۆشنبیرانە. نووسەری باوکانەی کوردیی، قەرزی زۆر چەمکی سیاسی و ئایینی کردووە، دەخوازێت پەرژینێکی نەریتیانەی بەربڵاو لێ بدات، لێکتێگەشتن لەکار دەخات، پەنا دەباتە بەر سەپاندن. لە کاتێکدا دان بە ویدا دەنێت، کە لەژێر هەژموونی خۆیەوە هاتبێتە دەر، نەوەی گوێڕایەڵ، فەرمانخواز بێت؛ داننانەکەش داننانێکی کزۆڵانەیە.

نووسەرانی ناسراو، بە ئەستێرەکراوان، پەرێزی داواکاریی دیداری ڕۆژنامەنووسی نەوەی گەنج، نەوەیەک لە دەرەوەی باوکایەتییەوە دەگرن و خۆیان لەو مامەڵە دوور دەخەنەوە. نووسەری باوکانە، نەوەی

پاشخۆی بە هەڕەشە بۆ سەر بەرژەوەندی پێگە و ناوبانگی خۆی دەبینێت. دەسەڵاتی تاکڕەوانەی نووسەری باوکانە تێگەشتنێکی دینی و سیاسیانەیە. ئەم دیوارهەڵچنینە زیان بە پرۆسەی پێشکەوتن و گەشەی ڕۆشنبیریی دەدات. پرسیار توخمێکی جاڕسانەی تێدایە، دەتخاتە بەردەم هەڵکۆڵینەوە. هەم نووسەر و هەمتر ڕۆژنامەنووس دەخاتە هەمبەر کردەی قووڵبوونەوە و ڕامانەوە. ڕۆژنامەنووس ئەوکاتە دەبێتە پرسیارساز، کە بیرکەرەوە و ڕانانکار بێت. کورتهێنانی نووسەر پڕبکاتەوە و نەک هاویشتنی پرسیارە پایبووەوەکان، کە ڕوودەدات ئەو پرسینە پاتبووانە نووسەر تووشی فەلەجیی بیرکردنەوە بکات، دەروازەی خۆنوێکردنەوەی بە ڕوودا دابخات. بەر لە ڕۆژنامەنووس، ئەمە زۆرترین زیان بە خودی نووسەر دەگەیەنێت.

هەر پرسیارێکی ڕۆژنامەنووس، ئامانجێکی لە پشتەوەیە، بێ ئامانجی پرسیار، دیدارێک دەسازێت لە دەرەوەی بەهاکانی پیشەی ڕۆژنامەوانییەوە. هیچ ڕۆژنامەنووسێک بێ پشتەکیی زانین و ڕۆشنبیری سەروەر نابێت و گەمژاندن بەرهەم دەهێنێتەوە. نووسەری خۆشبەخت ئەو کەسەیە ڕۆژنامەنووسێکی بنکۆڵکار دەیدوێنێت!

ڕۆژنامەنووسی فشۆڵ، شێرپەنجەی نووسەرانن، ئەو بەردەن باڵەکانی نووسەر دەپێکن و لە فڕینی ئازادانەی دەخەن. پرسیارسازی وێژەیی لە هەربوارێک پێویستی بە جۆرێک لە زانین و شارەزاییە، ئەمەش بۆ فراوانکردنی دیدی پرسیارساز.

## پێگەی پرسیارسازیی

پرسیارسازی زانیاریگەر، ڕۆژنامەنووسی وێکیپیدیاین، تەنیا بایەخ بە ڕووکەش و زانینی ئامادەکار دەبەستن، پرسەکانیان ختووکەدەر نین، لاسایکارانەن. وەبەرهێنان ناکەن و جۆرێکیتری پاتبوونەوە دەخەنە بەردەست. پرسیارسازی ڕەخنەگرانە، ئەو ڕۆژنامەنووسانەن خاوەن پاڵنەرێکی زۆری بواری ئەدەبین و تایبەتمەندن بە بوارەکە.

خەریک بە بەرهەمهێنانەوەی وتوێژێکن گەڕۆک بە دوای هەقیقەتی نوێ. مێژووی ئەدەبیاتی ڕۆژنامەگەریی وێژەییمان، ڕەخنەگرانە نەبووە، ڕێکاری دۆستانەی پێڕەو کردووە نەک ڕەخنەدۆزانە. دانەرتەوەر بووە وەک لەوەی دەقتەوەر و ڕاڤەکار. لەبارەی دەقی فرەڕەهەندەوە پرسیاری سادەی خولقاندووە. پرسیارێک، بووەتە هۆکاری لاوازکردنی پایەی بەرهەمەکە. دوێنەری دیدار، شوناسپێدەری دەقە و تەنانەت هاوشێوەی مەلەوانی ژێردەریایی بە دەقی یەک ئاڕاستەش ڕۆ دەچێت و پرسیاری هزرگەرای جووڵێنەر بەرهەم دەهێنێت. دوێنەر ئازادە چۆن سەرەداوی گفتوگۆ لەگەڵ دوێنراو دەکاتەوە، بەڵام بەهاکانی ڕۆژنامەوانی پشتگوێ نەخات.

گرنگی ڕۆژنامەنووسی ئەدەبی لەوەدایە ڕەچاوی ئاکاری ڕێسا ڕۆژنامەوانییەکان و لایەنی پەروەردەیی و مەعریفی و نوێگەری بکات، ئاشنابێت بە کارنامە ڕەخنەیی و وێژەییەکان.

پرسیارسازیی؛ هونەری پەیدۆزییە، ڕەهەندکۆڵەرەوە و جۆرێکیتری ڕەخنەکاری دەقە. پرسیارساز وەک نەشتەگەری پێکهاتەی دەق، ڕۆڵی لە سەرلەنوێ بونیادنانەوەی دەقێک لەناو دەقێکیتردایە. تیشکی خۆی دەخاتە سەر دەق، نەک خودی نووسەر، ڕەچاوی تایبەتمەندی نووسەر ناکات. لە کاتێکدا بایەخ بە نووسەر دەدات، کە پێوەندی بە دەقەوە هەبێت، ئەو ڕووناکی خستنەسەر نووسەر، خودی نووسەری واقیع نییە، بەڵکوو نووسەری خوڵقێنەری دەقە. ئەو نووسەرەی بەرهەمەکەی نووسیوە، نەک نووسەرێک کە ڕۆژانە ژیانی خۆی دەکات. ئەمەش لە پێناو بەپیتکردنەوەی ناوەندی خوێندنەوەی دەقە، ئەو ڕۆڵدانە بە نووسەر. لە کاتێکدا کە ڕاڤەسازیی دەقەکە پێویستی بکات. چونکە نووسەر بەشداریی کارامەی لەناو دەقدا هەیە، کەواتە وەک بۆچوون وەرگرتنێک بۆ لێکهەڵوەشاندنەوەی پاژێکی پانتایی دەق سوودی لێوەردەگیرێت. گەر لە پرسیارسازیدا بەتەواوی نووسەرمان خستە دەرەوەی دەق، ئەوا مەودای چوونە ناو دەق تەسک دەکەینەوە و بۆخۆی لێدانە لەوەی زووتر بە تێگەشتن لە دەق بگەین.

پرسیارسازی ڕووکەش ئەوانەن بە تەنیشتی دەقدا تێدەپەڕن و نووسەر بە چەق دەکەن، بەڵام پرسیارسازی قووڵکار، دوێنراو ناکاتە ئامانج و دەقخوازە. زۆرینەی دیمانەسازی ئەدەبی کوردی نووسەردۆستە، ئەمە بۆ زۆرینەی ئەدەبیاتی نەتەوەکانیتریش ڕاستەوانە دێتەوە.

دیمانەی دەقخواز دەستەبژێرییە و کەم خوێنەرە، چونکە ڕۆچووە، شیکارساز و وردکار و ناگشتییە. دیمانەی نووسەرخواز، بەراورد بە دیمانەی دەقخواز، زۆرترین خوێنەری لێ کۆ دەبێتەوە و هۆکاری ئەوەیە

**دیار لەتیف**

سرووشتی مرۆڤ وایە حەز بە زانینی ژیننامەکەی دەکات، ئەم دیمانەش بایەخ بە نووسەر دەدات  تا ئاستێکی زۆر دەق فەرامۆش دەکرێت. دیمانەمان هەن بازرگانیانەیە، تەنیا لە پێناو پاداشتێک ئەنجام دەدرێت، جگە لە کەمکردنەوەی پێگەی ڕۆژنامەکە، بە زیان بۆ نووسەری دیدار لەگەڵ سازکراویش دەشکێتەوە، ئەمجۆرەی دیدار تەنیا بۆ پڕکردنەوەی ڕووپەڕی ڕۆژنامە و گۆوارەکانە. پرسیار گرنگە قووڵ بێت و ڕەهەندی بیرکەرەوەی تێدابێت.

ئەگەر بە جۆرێک سادەش بێت، ئەوا خاوەن ژێرخانی هزرین و ڕامان بێت. زۆرێک لە دیدارە ڕۆژنامەوانییە ئەدەبییەکانی ڕۆژنامەنووسانی کورد، بێ نەخشەڕێ و دووبارەن. بە دەوری بازنەیەکی سواودا دەخولێنەوە، پرسیارەکان کلێشەیین، دۆزەرەوە نین، یەک ڕەهەندن. ڕۆژنامەنووسی نووسەر، لەوەدا مۆرکی کاریگەر جێ دەهێڵێت، کە نووسەرە و کارامەی کەلەبەرەکانی بوارەکەیە، تەنیا ڕۆژنامەنووسبوون بەس نییە بۆ دیداری ئەدەبی، چونکە پیشەیبوون فریای دەستڕاگەیشتن بەسەر بوارەکەدا ناکەوێت. هەندێکی کەم چاوپێکەوتنی ئەدەبی هەن مایەی لێوردبوونەوەن بە هۆکاری نووسەربوونی ڕۆژنامەنووسەکە. ڕۆژنامەنووس وەک نووسەری دیدار لەگەڵکراو قسەی هەیە، بۆچوونی هەیە، ڕانانی هەیە، ڕەخنەی هەیە، پرسیاری هەیە و بەشدارە لە پرسەکەدا و ڕۆڵگێڕە لە بەرهەمهێنان.

پرسیارساز هەم دەبێت خاوەن مەعریفە بێت، لەگەڵ ئەوەشدا شارەزایی لە بواری دیمانە تێداکراو و ڕەوانبێژی پرسیار لە گەیاندنی واتا و پەیامدا هەبێت. ڕۆژنامەنووس کە دەیەوێت دیداری ئەدەبی لەگەڵ نووسەرێکدا بکات، لانیکەم پێویستی بە خۆ پڕزانینکردنە سەبارەت بەو نووسەرە و بەرهەمەکانی و بەو بابەتەی کە بڕیارە دیمانەی لەبارەوە بکرێت. ڕۆژنامەنووسی پرسیارساز، لەسەرییەتی بایەخ بە گەڕان و پشکنین و ژێدەر بدات، بۆ ئەوەی دیمانەکەی ئاستێکی باش

سەرکەوتووبێت. ڕۆژنامەنووسیی ئەدەبی کوردی بە تەواوی لەژێر چەتری حیزبیبوون و ناسراوێتی و لاسایکاریی دەربازی نەبووە و هەرچەندە هەندێک هەوڵ هەن بۆ فراوانکردنی بوارەکە و قووتاربوون لە بنبەستی و ڕۆیشتن بەرەو نوێخوازی، بەڵام هێشتا وەک پێویست دڵخۆشهێنەر نین.

دیداری شاشەیی بەراورد بە دیداری نووسراوی ناڕاستەوخۆی ڕۆژنامەیی، وزەی زیاتری ڕۆژنامەوانی دەوێت. پرسیاری ڕووبەڕوویی و زیندوو یەکێکە لە خەسڵەتە لە پێشینەکانی ئەمجۆرە لە دیمانەی ئەدەبی. تاوەکوو ئاستی مەعریفی ڕۆژنامەنووسەکە بەرزتربێت، دیدارەکە گەرمەگوڕتر دەبێت. بینەر هەراسان نابێت بە دەستی پرسیاری پێشکەشکار و ڕۆژنامەنووسی ناشارەزاوە. پرسیاری سادە خوڵقێنەرە بۆ وەڵامی ساکار و بێ ئاست، کەواتە لەسەر ڕۆژنامەنووس پێویستە ئاگاداری بابەتی دیدار لەبارەوە کراو بێت و ئاشنایی بە بوارەکە هەبێت.

## مێژووی ڕۆژنامەنووسیی ئەدەبی کوردی

ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان وەک سەکۆیەکی سیاسی لێیان ڕوانراوە؛ چونکە هەمیشە قەوارە و ناسنامەی کورد لە بەردەم هەڕەشەی لەناوچوون و شۆڕش و خەباتدا بووە. کاتێک ڕۆژنامە و گۆڤارێکی ئەدەبی دەرکراوە، ئەو سەکۆ وێژەییەش لە سیاسەت بێبەش نەکراوە. سیاسەت پشکی ئەدەبیاتیشی خواردووە، گۆڤار و ڕۆژنامە ئەدەبییەکان نەیانتوانیوە بە تەواوی خۆیان بۆ ئەدەبیات تەرخان بکەن، بە هۆکاری دانانی کاریگەری بوارە ڕامیارییەکە. گەر بەناو ڕۆژنامەگەری کوردیدا بگەڕێین، کەمترین ڕووبەریش بۆ ڕۆژنامەنووسیی ئەدەبی دابین نەکراوە. بایەخ بە هونەرەکانی ڕۆژنامەوانی وەک (وتار، پەخشانی وێژەیی، هەواڵ، یاداشت، چیرۆک و شیعر) دراوە، کەچی ڕەگەزی دیمانەی ئەدەبیی پشتگوێ خراوە.

گفتوگۆی ئەدەبیی لە شێوەی زارەکی لە نێوان نووسەران و شاعیراندا هەبووە و بەڵگەیەک لەو جۆرە زارەکییە، وتووێژە وێژەییەی گفتوبێژی نێوان (ئەحمەد هەردی و بێکەس)ـی شاعیر بووە. کە جارێک بێکەس و

هەردی لە چاخانە چاویان بەیەکتر دەکەوێت، بێکەس بە هەردی دەڵێت زۆرم حەز بە وتووێژی ئەدەبییە و با گفتوگۆیەک پێکەوە بکەین و لە درێژەی قسەی نێوانیان، بێکەس باسی مشتومڕی نێوان دانیشتنی خۆی لەگەڵ کۆمەڵێک مەلا دەگێڕێتەوە و چۆن پلار لە بێکەس دەدەن، لەوەی خۆی بە باسی کوردبوونەوە مژووڵ کردووە و ئەوان جەخت لە پاشکۆیەتی و ملکەچبوونیان بۆ ئوممە و عرووبە دەکەنەوە. بێکەس لە کۆتاییدا دەهری دەبێت و بە کۆپلەیەک شیعر ئەوێ بەجێ دەهێڵێت. دواتر لە دانیشتنەکەی نێوان خۆی و هەردی داوا لە هەردی شاعیر دەکات پێکەوە کۆپلەیەکی دیکەی تێکهەڵکێش بکەن، کەچی هەردی پێی دەڵێت خۆت جوانترت نەخشاندووە و هەر خۆشت تەواوی بکە و لەوێدا بێکەس کۆپلەیەکی دیکەی بۆ سەربار دەکات. ئەمجۆرە لە دانیشتن و گوتووێژی زارەکیی وێژەیی نێوان شاعیران و نووسەران هەبووە، بەڵام بە شێوەی نووسراو بیری لێ نەکراوەتەوە. ئەمە زیاتر کاری ڕۆژنامەنووسە و ئەوسەردەمیش نەک هەر قەیرانی ڕۆژنامەنووس لە ئارادا بووە، بەڵکوو زمانی کوردی لەژێر هەڕەشە و گوڕەشەی داگیرکاری و فەرامۆشی ئاخێوەرانیدا بووە. ڕۆژنامە و گۆوارە کوردییەکان کەمترین ڕۆژنامەنووسی پیشەیی لە خۆ گرتووە، پیشەییوونی ڕۆژنامەوانیی، قووتی ڕۆژانەی ڕۆژنامەنووسی دەرنەهێناوە. ئەمە وایکردووە بە شێوەی لاوەکی و وەک مەیل کارەکە بەڕێوە ببەن.

لەبری ڕۆژنامەنووس، وێژەوانانی کورد ئەو ئەرکەیان ڕاپەڕاندووە و زۆرینەیان کاریان بۆ سەرخستنی گۆوار و ڕۆژنامە کوردییەکان کردووە، بەشدارییان لە پێشکەوتنی بواری ڕۆژنامەگەریی کوردیدا هەبووە. مێژووی هونەری دیدارسازیی وێژەیی، دەکرێت بۆ شاعیرانی کلاسیک بگەڕێندرێتەوە، نامەی ئەدەبیی پرسیارەوەشێن بۆ خۆی نزیکایەتییەکی لەگەڵ هەڤپەیڤینی وێژەیی هەیە.

نامە شیعری چامەییە کنجکۆڵەکەی نێوان نالی و سالم دەتواندرێت وەک دەروازەیەک و بەڵگەیەک بێتە هەژمارکردن؛ بەڵام هێشتا ناتوانین نامەی شیعریی و پەخشانیی نێوان شاعیران و نووسەران بخەینە ناو پۆلێنی دیدارسازیی ئەدەبییەوە. یەک لە خاسییەتەکانی دیداری ئەدەبی ئەوەیە ڕۆژنامەنووس لەگەڵ نووسەردا ئەنجامی دابێت، پاشان لە گۆڤار و ڕۆژنامە و پێگە و ماڵپەڕێکی ڕۆژنامەوانی بڵاو بکرێتەوە یان بڵاو کرابێتەوە.

بۆیە ئەو دیدار و هەڤپەیڤینە نامەشیعرییەی نێوان شاعیران وەک هونەری ڕۆژنامەوانی نایەتە ئەژمار، بەڵام دەکرێت وەک دەرچەیەکی ناهونەریی بواری ڕۆژنامەگەری تەماشای بکەین. یەکێکیتر لەو هۆکارانەی دیداری نامەی شیعریی ڕووبەری مەودای پرسینی ئازادانە تەسک دەکاتەوە و ڕووبەڕووی ڕێڕەوێکی باریکی وتووێژمان دەکاتەوە. دەشێت خزمایەتییەکی لەگەڵ دیمانەدا هەبێت، بەڵام ناچێتە قاڵبی داهێنانی نوێی ڕەگەزی دیداری وێژەیی ڕۆژنامەگەرییەوە.

ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکانی سەدەی بیست، بەگشتی بایەخیان بە زۆرینەی هونەرە ڕۆژنامەوانییەکان داوە، تەنیا چاوپێکەوتنی وێژەیی بوێژان نەبێت.

یەکەم ڕۆژنامەی کوردی، کە بە ناونیشانی (کوردستان) لە قاهیرە، لە لایەن میقداد مەدحەت بەدرخانەوە، ساڵی ١٨٩٨ـ١٩٠٢ دەردەچێت، بایەخ و ئاوڕ لە زۆرینەی هونەرە ڕۆژنامەوانییەکانی وەک ڕێپۆرتاژ و پەخشانی ئەدەبی و هەواڵ دەدات، جگە لە دیمانەی ئەدەبی!

گۆڤاری (ڕۆژی کورد) لە ساڵی ١٩١٣ کە دادەمەزرێت، ڕۆڵی لە پێشخستنی پەخشان و خاسییەتەکانی ڕۆژنامەگەری دەبێت، جگە لە دیدارسازیی وێژەیی.

به هه‌مانجۆر بۆ ڕۆژنامه‌ی (تێگه‌یشتنی ڕاستی: ١٩١٨) و گۆڤاری (زاری کرمانجی: ١٩٢٦) و ڕۆژنامه‌ی (پێشکه‌وتن:١٩٢٠) و گۆڤاری (گه‌لاوێژ: ١٩٣٩) و گۆڤاری (هیوا: ١٩٥٧) و گۆڤاری (شه‌فه‌ق: ١٩٥٨)، هه‌موویان بزوێنه‌ری پێشخستنی هونه‌ر و ڕه‌گه‌زی ڕۆژنامه‌گه‌ری کوردی بوونه، به‌ڵام بایه‌خ به دیمانه‌ی وێژه‌یی نه‌دراوه!

مێژووی به‌رچاوی دیداری ئه‌ده‌بیی له‌دوای شۆڕشی ١٤ی ته‌مووز سه‌ر هه‌ڵده‌دات. یه‌کێک له‌و هۆکارانه‌ی دیمانه‌ی ئه‌ده‌بی له کۆندا که مه‌به‌ست له سه‌ره‌تاکانی سه‌رهه‌ڵدانی ڕۆژنامه و گۆڤاری کوردییه و بایه‌خی پێنه‌دراوه، نه‌بوون و نابه‌رده‌سته‌یی تۆمارگه‌ی ده‌نگهه‌ڵگره، له‌مپه‌ری به‌رده‌م ڕۆژنامه‌نووسان بووه.

جیاوازییه‌ک له نێوان ڕۆژنامه‌گه‌ری نائه‌ده‌بی وه‌ک (کۆمه‌ڵایه‌تی_سیاسی_وه‌رزشی) و ڕۆژنامه‌گه‌ری ئه‌ده‌بیدا هه‌بێت، له‌و ڕووه‌وه‌یه، که ڕۆژنامه‌گه‌ری ئه‌ده‌بی خاوه‌ن جۆره نه‌مرییه‌که، کورتخایه‌ن نییه و سرک له ده‌ست ناڕوات، مه‌ودایه‌کی به‌رین له مانه‌وه بۆ خۆی دابین ده‌کات. چ وه‌ک سه‌رچاوه ده‌مێنێته‌وه و مایه‌ی بۆ گه‌ڕانه‌وه و سوود لێوه‌رگرتنه، هه‌م خاوه‌ن چێژی تایبه‌ته بۆ به‌رده‌نگه‌کانی، جگه له‌وه‌ی بابه‌ته‌کان بۆ ماوه‌ی کاتی نانووسرێن و وه‌ک جۆرێک له پڕۆژه ته‌ماشا ده‌کرێن.

مێژووی گرێی ئه‌ده‌بی، به زیان شکایه‌وه بۆ ناوه‌ندی دیدارسازیی ئه‌ده‌بی، ئه‌م دیدارانه نووسه‌رته‌وه‌رانه بوو، ڕێی به ده‌ق نه‌دا ببێته پاژی پرسی دیدار. ئه‌و نه‌ریته داکشایه ناو پانتایی سه‌کۆ وێژه‌ییه‌که‌وه. **گرێی له‌تیف هه‌ڵمه‌تی/ گرێی ڕوانگه‌یی**، گرێییه‌که له هه‌فتاکانی سه‌ده‌ی ڕابردووه‌وه داڕژایه ناو وێژه‌ی کوردییه‌وه. چۆن گرێی ئۆدیب خه‌سڵه‌تی ده‌روونناسییه، هه‌مانجۆریش گرێی هه‌ڵمه‌تی خاسییه‌تێکی ئه‌ده‌بییه.

گرێی هەڵمەتیی، هەر نوێیەکی هاوشانی و هەوڵدان بۆ سڕینەوەی لە پێناو نمرە یەکبوونی خودی خۆیدا، ئەمە بۆ ڕوانگەییەکانیش ڕاستەوانەیە.

گرێیەکە نووسەر لەگەڵ تووشهاتنیدا تەنیا خۆی دەبینێت و ڕەنگکوێر دەبێت. خودئەڤینی، بیرکردنەوە و ڕوانینی داگیر دەکات. ئەم گرێیە خوێنی ڕەخنەسازی و لێکتێگەشتنی پیس کرد و مەودای بۆ لێکخشان و پێداهەڵشاخان کردەوە. گرێیەک گفتوگۆ هەڵدەوەشێنێتەوە، جاڕی سوڵتانیبوونی خۆی لەسەر سەکۆی ئەدەبیات دەدات و ئەوانیتر دەکاتە فەرمانبەری بازنەی دەسەڵاتی خۆی. هەر پەیڤینێک لە خزمەتی هەژموونی حکومڕانییەکەیدا نەبێت، ڕاستەوخۆ تاوانباری دەکات. ئەم گرێیە سەرەتا وەک حاڵەت و دواتر بووە دیاردە، زیانی بە ئەدەبیاتی کوردی گەیاند. پەیوەندییەکانی پساند، ناوچەگەری و گرۆهبازی تۆخ کردەوە. کۆمەڵێک لە نووسەری گەنج وەک قوتابخانەیەک چاویان لێکرد و بوونە درێژکراوەی ئەو نەریتە زیانبەخشە. کە ئەم گرێیە دەگاتە ڕەهەندییەکان، ڕەهەندییەکان بایەخ بە خۆچەقبوون دەدەن. زنار و پێشڕەوییەکان و وێران، هەمان نەریت تۆخ دەکەنەوە. بەشێک لەو گرووپانە هەم ناوچەگەرییان زاڵدەست کرد و هەمتر کۆڵەکەی دەسەڵاتیان چ ڕاستەوخۆ و چ ناڕاستەوخۆ پتەوتر کرد و مۆدێلی حیزبایەتییان برەوتر پێدا. ڕەتکردنەوە بووە دیاردە و داننەنان بە یەکتردا و هەر لایەک خۆی خزاندە ناو باڵێکی حیزبییەوە!

ئەم گرووپانە بوونە گرێیەکی ئەدەبی_فەرهەنگی و بەناو جومگەکانی کۆمەڵگە و جڤاتی خوێنەرانیشدا شۆڕبوونەوە. گرێی هەڵمەتی و گرێی ڕوانگەییەکان و گرێی ڕەهەندییەکان، گرێی جوایەزەکان و وێران، هەر هەموو پێگەی دیکتاتۆرییەتیان لەناو ئەدەبیاتی کوردیدا چەسپاند و پایەی دیموکراسیبوونی وێژایەتیان ڕووخاند، لەبری وتووێژ و لێکتێگەشتن و یەکترخوێندنەوە، جێگرەوەکەی پێکهەڵشان و ڕەتکردنەوە و سەنگەر لە یەکتر گرتن ڕوویدا. لە دیدارە

ڕۆژنامەوانییەکانیان جەختی خۆپاڵەوانێتی و ڕزگارکەری وێژەی نەتەوەیەکیان دەکردەوە، ئەوانیتریان سڕ و ڕەت دەکردەوە، وەک ئەوەی بوونی ئەویتر زیان و مەترسی و ترسناکییە.

لەژێر ئەم سەردێڕەدا ڕووبەڕووی مێژوویەکی دیدەنەگیراو دەبینەوە و کەمتر کاری تێدا کراوە و تەنانەت هۆکار زۆرن و لە پێشتردا باسمان لێوە کرد. دەخوازم سەرنج لەسەر کۆمەڵێک دیداری کۆن و ئەو دیدارانەش بدەم کە هی شاعیر و نووسەرە ناسراوەکانن، جگە لەوەش ئەو شاعیرانەشی کە گومناون. گۆڤاری بڵێسە، کە گۆڤارێکی ئەدەبی و کۆمەڵایەتی و زانیاریی کوردییە و مانگانە جارێک بڵاو دەبوویەوە، ساڵی ١٩٦٠ دیدارێکی زنجیرەیی لەگەڵ نووسەران و شاعیران ساز دەکات، بۆ ژمارەی یەکەم، لەگەڵ (عەلائەدین سەجادی) دەبێت و ژمارەی دواتری لەگەڵ (جگەرخوێن)ـی شاعیردایە.

پرسیارەکان کورت و پچڕن و ساکارن، بەڵام بەرسڤەکان تا ئاستێک بەراورد بە پرسیارەکان سەرتر چوونەتە پێش. ئەم دیدارە وێژەییە، دەکرێت بە کۆنترین دیداری ئەدەبی کە بڵاو کرابێتەوە بە شێوەی بڵاوکراوە و کاخەزی هەژماری بکەین، چونکە بە پێی ئەو گەڕان و بەدواداچوونەی کردوومن، لەم دیدارە کۆنترم بەرچاو نەکەوتووە.

قۆناغی ڕۆژنامەی ژینی: ١٩٧٠_١٩٧٤، چەندین چاوپێکەوتنی وێژەیی لەگەڵ شاعیران و نووسەرانی وەک (شێخ محەمەدی خاڵ، شاکر فەتاح، ڕەمزی مەلا مارفی شاعیر) کردووە. ئەم گفتوگۆیانە هەم بۆ مێژوو و هەم بۆ ئاشنابوونی زێدەتر بە ئەزموون و بەرهەم و دیدگای ئەو کەسایەتییە ئەدەبیانە، دەبێتە ژێدەرێکی باش و سوودبەخش. ڕۆژنامەنووس و وەرگێڕ عەبدوولڕەزاق بیمار، چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ گۆرانی شاعیردا سازاندووە و مێژووەکەی بۆ ساڵی١٩٦٢ دەگەڕێتەوە، لەبەر هەندێک هۆ بڵاوبوونەوەی دواکەوت و دواجار لە (گۆڤاری بەیان:

ژ. ٢، ساڵی١٩٧٢) بڵاو کراوەتەوە. دیدارەکەیان جەخت لەسەر تازەگەری و نوێکردنەوەی شیعری کوردی دەکاتەوە و گۆران زۆر زانیاریی سوودبەخش دەبەخشێت. پرسیارێکیان ئاماژە بە ڕۆڵی نوێکردنەوەی شیعری کوردی دەدات و گۆران باس لەوە دەکات کە شێخ نووری شێخ ساڵح لە پێش خۆی دادەنێت و هۆکارەکانیشی لە دوو خاڵدا ئاماژە پێدەدات. بۆیە شێخ نووری لە ڕیزی پێشەوەیە، چونکە هۆکاری بڵاوکردنەوەی شیعرەکانییەتی، دواتر بە هۆی زۆری بەرهەمەکانییەوە و کاریگەری دانان لەسەر ئەدەبی کوردی. دواتر لە پرسیارێکیتری کە لێی دەکرێت دوورتر دەڕوات و پێی وایە ڕەفیق حلمی لە پێش شێخ نوورییەوە بێت بە هۆکاری نووسینی شیعر بە زمانی کوردی و تورکی و ڕاستەوخۆ بڵاوکردنەوەشیان. جارێکیتریش ئاماژە بە ناوی شاعیرێکی دیکە، بە ناوی (عەبدولڕەحمان بەگی نفوس) دەدات و پێی وایە زۆر لە شێخ نووریش کۆنترە و هەروەها دەستی بە تازەکردنەوە دابێت و بەڵام بەرهەمەکانی بڵاو نەکردووەتەوە و لە کۆتاییەکاندا وەستاوە.

دیدارێکی مستەفا ساڵح کەریم لەگەڵ محەرەم محەمەد ئەمینی چیرۆکنووس لە هەشتاکان هەیە، کە بۆ ڕادیۆی کوردیی بەغداد ئەنجام دراوە و لە ڕۆڤار بەردەستە. لەبارەی چیرۆکی کوردی و ئەزموونی نووسەرەوەیە. کۆمەڵێک پرسیاری زیندووی ڕاستەوخۆ لە نووسەر دەکات و ئەویش گەرماوگەرم وەڵامی بۆ پرسیارەکان هەبووە. دیدارێکی سەرکەوتووە و هەندێک سەرەباسی قۆناغێک لە قۆناغەکانی چیرۆکی کوردی و ئەزموونی چیرۆکنووسمان بۆ دەخاتە بەرباس. دیدارێکی هەردی شاعیر، کە بڵاوکراوەی نووسەری کوردستان لە ساڵی١٩٨٩ لەگەڵیدا ئەنجامی داوە. هەم پرسیارگەلێکی وردن، هەمتریش وەڵامەیلێکی بنکۆڵکار و ڕۆکار و ڕۆچوون و شاعیر زانستییانە دێتە گۆ. یەک لەو دیدارانەیە، کە بەراورد بە دیداری شاعیرانی دیکە، وەڵامەکان

درێژن و قووڵ دەچێتە ناو بابەتی پرسیارەکەوە و هیچ پاژێک جێ ناهێڵێت.

پرسیارەکان سەبارەت بە زۆر لایەنە، لە بەرهەمە تاقانەکەی شاعیر و لەوەی چۆن بەشێک لە شیعرەکان لە١٩٤٦ نووسراون و لە ١٩٨٣ تەواو کراون. شاعیر ژیربێژیانە وەڵامی بۆ ئەو پرسیارە دەبێت و نموونەی وردز وۆرس شاعیری ئینگلیزی دەهێنێتەوە کە چۆن شیعری کڵاوکوڕەی نووسیوە و پاش بیست ساڵ تەواوی کردووە.

دواتر پێی وایە، ئەگەر هاتوو نموونەشمان لەو کارە نەبێت، هیچکات نابێتە نەنگی ئەگەر بێت و ئەو شێوە نووسینە ڕووبدات. دواتر پرسیار لە بەرهەمێکی ڕەخنەی زانستی ئەدەبی لێدەکات، ئەویش کتێبی (عەرووز لە شیعری کوردیدا) و هەردی ڕوونکردنەوە لەسەر چۆنییەتی نووسین و پێویستییەکەی و گرنگی ئەو پڕۆژەی نووسینە ڕەخنەییە دەکات. چ پرسیارەکان و چ وەڵامەکان تۆکمەن و مافی ڕۆژنامەنووسیانەی پێدراوە و دوورن لە کرچییەوە.

لێرەوە دێمەوە سەر دیدارێکی نێوان (ڕەفیق سابیر و کەمەل میراودەلی لەگەڵ هێمنی موکریانی) کە لە ساڵی ١٩٧٨، دیمانەیەکیان لەگەڵ هێمنی شاعیردا سازاندووە و تۆماریان کردووە، بەڵام بڵاو ناکرێتەوە و بۆ یەکەم جار لە ٢٠٠٦، لە ژمارە ١ـی گۆڤاری کۆردۆلۆجیدا بڵاو دەکرێتەوە. هەروەها، دیدارێکی (فەرهاد شاکەلی و هێمن)ـی شاعیریش، کە ئەم دیدارە لەساڵی ١٩٨٥ فەرهاد شاکەلی لەماڵی هێمنی شاعیردا سازاندوویەتی و لە گۆواری ڕۆڤار بەردەستە. وتووێژێکی مەودادرێژە و زۆر پرسی تێدا ورووژێنراوە. لە بابەتی شیعر و ئەدەبیات و شاعیرانی تری ناوخۆ و دەرەوە. پاژەکانی پرسیاری دیدارەکە خۆی لە باسی ئیلهام و کتێبەکەی هێمنی شاعیر (ناڵەی جودایی) و زمان و نەریت

و غەریبی و زۆر پرسی گرنگی دیکە لە دیدارەکەدا باسی لێوەکراوە و تا ئاستێکی باش دیدارێکی سەرکەوتووە.

یەکەمین چاپکراوی وەک دیدار لە شێوەی کتێبدا، دەگەڕێتەوە بۆ نامیلکەکتێبی (گفتوگۆیەکی ئەدەبی لەگەڵ شاعیری کلاسیک: 'بورهان جاهید'دا،) لە ساڵی ۱۹۷۳، یەکێتیی نووسەرانی کورد_لقی هەولێر، کە هەریەک لە کەریم شارەزا و ئەحمەد شەریف و یوسف ئەحمەد دەرگەڵەیی، سازاندوویانە. لە شێوەی پرسیاری ڕاستەوخۆییە و ئاهەنگە کۆڕێکی فراوانە و وەک ڕێزلێنانێکیشە، لەوێدا هەم بۆ ئەزموون و بەرهەمەکانی شاعیر و هەمیش کۆمەڵێک پرسی دیکەی ئەدەبی دەپرسێت، هەڵبەت پرسیارەکان کنجکۆڵ و قووڵ نین، ئاستی دیدارەکەش لە ڕووی هونەرییەوە سەرکەوتوانە نییە، بەڵام بۆ مێژووی ئەدەبیمان سوود و گرنگی خۆی هەیە.

لە ژمارە سێی گۆڤاری ڕوانگە، ساڵی ۱۹۷۲ پرسیار و وەڵامێکی تەوەریی تێدایە، پرسیارێکە لەسەر چۆنیەتی و هەڵسەنگاندنی ڕۆڵی بزاوتی نوێخوازیی ڕوانگە لە کۆمەڵێک نووسەریان کردووە و ئەو پرسیارەش لە ۱۰_۱۱_۱۹۷۱ ڕەوانەی نووسەرانیان کردوون. هەریەک لەو کەسایەتییە وێژەییانەی بەشدارن بریتین لە (عەزیز گەردی، کوردستان موکریانی، محەرەم محەمەد ئەمین، محەمەد مەولوود (مەم)، محەمەد ساڵح دیلان). سەرنج و وەڵامەکان لە شێوەی دیداردا دەرنەبڕدراون، بەڵکوو شێوازی نامەییە. کەمتر لە دیدار دەچێت و بۆ ئەمەش بڵاوکراوەکە ئاماژەی بەوە داوە کە پرسیارێک و پێنج وەڵامە، نەینووسیوە دیداری وێژەیی. کەواتە زێدەتر مەبەست لە پەیامی ناساندنی ڕوانگەیە، نەک بایەخدان بێت بە ڕەگەزی ڕۆژنامەنووسیی ئەدەبی.

کەمال ڕەئووف، لە کتێبی ڕۆژێک لە ڕۆژان، دیمانەی کولتووریی و ڕۆژنامەنووسیدا، دیمانەیەکی ڕادیۆیی، شاعیر ڕەمزی مەلا مارفی لە

ساڵی ١٩٧١ بە دەزگەی تۆماری جۆری ناگرا کردووە. هاوسات پێشەکییەکی تێروتەسەلی لەسەر خودی شاعیر هۆنیوەتەوە. ڕۆژنامەنووس کەمال ڕەئووف، لەوێدا پرسیاری لە کاریگەری شاعیران بەسەر ڕەمزییەوە دەکات، خودی شاعیریش ڕوونکردنەوەکانی خۆی بە جوانی دەدات. کە دێتە سەر پرسیاری دووەم، ڕۆژنامەنووس کەمال ڕەئووف وشەیەکی دوور لە ڕێسای ڕۆژنامەوانی بەکار دەبات، ئەویش دەستەواژەی گەورەم، بۆ شاعیر بەکار دەهێنێت. ئەوە هیچکات ڕێپێدراو نییە و لە ئاستی زانستیبوونی دیمانە دەهێنێتە خوار. دیمانەی ڕۆژنامەوانی ڕەوتاری خۆی هەیە و لادان لێی کێماسی چێ دەکات.

## ڕەهەندی مێژوویی دیداری هونەریی

بەراورد بە ڕۆژنامەنووسیی ئەدەبی، ڕۆژنامەنووسیی هونەرییش کەمبایەخ تەماشاکراوە. لە ڕووی ڕێنووسییەوە هیچ کارێک ئەنجام نەدراوە، ئەوەی هەیە، بەرنامەی ڕادیۆییە، لە لایەن ڕۆژنامەنووسی کارامەوە، ئەویش کەماڵ ڕەئووف محەمەدە، کە بە پێشکەشکردنی بەرنامەیەکی ڕادیۆیی بەناوی ڕۆژێک لە ڕۆژان، لەساڵی ١٩٦٨ یەکەم بەرنامەی دیداری هونەریی لەگەڵ هونەرمەندان و فۆلکلۆرناسان دەستپێکرد و دیمانەکانی تا ساڵی ٢٠٠٨ درێژە پێدا. لەشێوەی کتێبێکدا لەساڵی ٢٠١١ چاپی کردووە.

کتێبەکە بە ناوی (ڕۆژێک لە ڕۆژان، دیمانەی کولتووریی و ڕۆژنامەنووسیی: ١٩٦٦_٢٠٠٨)ـی (کەماڵ ڕەئووف محەمەد)ە. گەڵالە و تۆمارکردنە و ژێدەرێکی بە بەهایە بۆ هونەردۆستان و مێژوونووسانی بواری هونەری و هونەرمەندان.

یەکەم چاوپێکەوتنی هونەریی، کە شێوەی فەرمی وەربگرێت دەگەڕێتەوە بۆ بەرنامەی ڕۆژێک لە ڕۆژانی ڕۆژنامەنووس کەماڵ ڕەئووف، ناسراو بە بابی لالۆ.

کۆنترین و یەکەمین دیداری بۆ ساڵی ١٩٦٦، سەرەتای دامەزراندنی بەرنامەکە دەگەڕێتەوە، دیدارە هونەرییەکە لەگەڵ ئەڵماس محەمەد سترانبێژێژی سەر ڕادیۆ و قەوان ساڵی ١٩٤٥، کە لە بنەڕەتدا خەڵکی بۆتانە و نیشتەجێی بەغداد بووە.

دیمانەکە ڕووبەڕوو بە دەزگەی تۆماری بەکرە، جۆری گرۆندیک لەساڵی ١٩٦٦ ئەنجامدراوە. ڕۆژنامەنووس شارەزایانە و خاوەنپیشەیانە پرسیاری لە هونەرمەند ئەڵماس محەمەد کردووە و زانیویەتی چی و چۆن بپرسێت و تێگەشتنی بۆ کارەکەی هەبووە. لەم دیدارەدا ئەوەی سەرنجە هونەرمەندەکەیە، چونکە گەیشتووەتە تەمەنێکی زۆر و پاشان لەوپەڕی هەژاریدا ژیان دەگوزەرێنێت، توانا و زانینی بۆ بەرسڤدانەوە سنوورداره و پاشخانێکی مەعریفی لە پشتەوە نییە.

دیدارەکە چەردەیەکی ژیننامەیی و ئەزموونی هونەریی ئەڵماس محەمەد و هونەر و هونەرمەندانی دۆستی و مێژووی کارەکانی هەڵدەداتەوە. لێرەدا دەمەوێت کۆنترین دیدار، یان ناسراوترین دیداری کەسایەتییە هونەرییەکان وەربگرم و سەدەی بیستەمم مەبەستە. کەماڵ ڕەئووفی ڕۆژنامەنووسی هونەریی، لە ساڵی ١٩٦٧، لە بەرنامەی دەنگی هونەر، دیدارێک لەگەڵ هونەرمەندی کورد تاهیر تۆفیقدا دەکات، بەڵام ئەو گوتووبێژە لە گەنجینەی ڕادیۆ هەڵنەگیرا و تۆمارکردنی لە دەست چوو، کە ئەمە جێی داخە.

ئەمجارە دیدارێکی نۆ خولەکانە لە ساڵی ١٩٧٨ لەگەڵ هونەرمەندی دەنگخۆش تاهیر تۆفیقدا دەکاتەوە. لە ١٩٨٦، ئەوکات کە کەمال ڕەئووف خانەنشین دەبێت، جارێکیتریش هەوڵی چاوپێکەوتن لەگەڵ تاهیرتۆفیقدا دەداتەوە و بۆ ئەو مەبەستە، دەچێتە هەولێر بۆ دیدەنی و کاتێک بەیەک دەگەن، تاهیر تۆفیق بە دڵێکی پارچە پارچە بووەوە ڕایدەگەیەنێت کە تکا دەکەم ببەخشێت دیدار ناکات و لە کورد و

کوردبوونی بێزارە و نە ڕێزی ئەو و نە هاوەڵانی بوارەکەی نەگیراوە و تەنانەت وازی لە سترانبێژی و ڕابردووی خۆشی هێناوە! ئەمە مەرگەساتێکی مێژووییە و دەسەڵاتی کوردی و میللەتی بێهۆشی ناوشیاری کوردیی لێی بەرپرسیار بووە! زۆرینەی هونەرمەندان و ئەدیبان و زاناکانی کورد، لە ڕابردوودا واقیعی ژیانیان بەم دەردەبراوە!

ئەو دیدارەی لە ساڵی ١٩٧٨ کردوویەتی، تۆمار و گەڵاڵەی کردووە و بۆ مێژوو ماوەتەوە. لەم گوتووبێژەدا، ڕۆژنامەنووس کەماڵ ڕەئووف زۆر شارەزایانە و کارامەیانە پرسیاربێژی دەکات و دەزانێت و ئاگامەندە لە پرسیارسازیی و پرسیارکردن. لە درێژەی دیدارەکەیاندا لەگەڵ هونەرمەندی کورد تاهیر تۆفیق باس لە هەندێک کون و کەلەبەری دۆخی هونەری کوردی دەکەن. ڕۆژنامەنووس پرسیار لە جۆری گوتنی مەقاماتەکان دەکات و تاهیر تۆفیق ئارەزوومەندی جۆر و حەزی دەنگیی خۆی بۆ ئەم جۆرانە دەردەبڕێت، وەک: (حیجاز، سەبا، بەیات و نەوا) دووپاتی دەکاتەوە کە ئەم مەقاماتانە لەگەڵ سەلیقە و ئاوازی دەنگیی دەنگیدا دێنەوە.

کەمال ڕەئووف لێی دەپرسێت لەوەی تا ئەو کات چەند گۆرانی گوتوون و سەرجەم پرسینەکان تایبەتن بە باسی هونەرییەوە. لە دیدارەکەدا هونەرمەند دەڵێ: زەحمەتە شیعری بێ وەزن، واتا شیعری سەربەست بە گۆرانی بکەم، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت شاعیرەکە ناسراوبێت. لە درێژەی دیداردا ڕۆژنامەنووس لە هونەرمەند دەپرسێت چەند دەبێت گۆرانیت نەگووتوە؟ لە وەڵامدا هونەرمەندەکە دەڵێ: ماوەیەکە گۆرانیم نەچڕیوە، بەڵام ئاهەنگ دەکەم و بەردەوامم. پرسیارێکی گرنگی کەمال ڕەئووفی ڕۆژنامەنووس کە لێی دەپرسێت، ئەوەی کە ئێستا باوی مەقامات هاتووەتە کزی و گۆرانی بێژەکان لێی تەکیونەتەوە. تاهیر تۆفیق لە وەڵامدا دەڵێ، شتێکی باش نییە و ئێمە دەبێت هەوڵبدەین فۆلکلۆری خۆمان بەهێز بکەین و هەر لە جێگەی

خۆی بمێنێتەوە. ئەم وتوویژە، دیدارێکی هونەری گرنگە و بە بایەخ و پڕ بەهایە و پێویستە وەک سەرچاوەیەک بۆ هونەری کوردیی لێی بڕوانین.

دیمانەیەکی دیکەی مێژوویی کەمال ڕەئووفی ڕۆژنامەنووسی هونەریی، لەگەڵ ڕەسوول گەردیی هونەرمەندی حەیرانبێژە. لە ساڵی ١٩٨٦، بەڕیکۆردەری کاسێت، جۆری سۆنیی تۆمار کراوە و جگە لەم دیدارە، پشتریش لە ساڵی ١٩٦٦ لە بەرنامەی دەنگی هونەر و هاوکات ساڵی١٩٧٠ لە بەرنامەی پەیامی هونەریی تەلەڤزیۆنیدا وتووێژی لەگەڵ هونەرمەند ڕەسوول گەردی ئەنجام داوە و بەڵام لە گەنجینەی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆندا هەڵنەگیراون!

ئەم دواین دیدارەی نێوان کەمال ڕەئووف و ڕەسوول گەردی، باسکردنە لە حەیران و ژیان و ئەزموونی خودی هونەرمەند. ڕەسوول گەردی، هاوشێوەی هونەرمەندانی بوارەکە، گازەندەی زۆر لە بێوەفایی و ئاوڕلێنەدانەوەی و ڕێزدانەنان بۆ ئەزموونی دەکات.

لە دیمانەیەکی زارەکیدا لەگەڵ شەماڵ سائیبی سترانبێژ و ئاوازدانەردا، کە لە ساڵی ١٩٨٣ ئەنجام دراوە، باسی هونەری کوردی و ڕەخنەکانی هونەرمەند لە خراپکردنی هونەری کوردی بە دەستی ئەنوەر قەرەداغی و سووککردنی پیشەی هونەریی و هەروەها پەسنکردنی هونەرمەندی ناوداری کورد حەسەن زیرەک. کە شەماڵ سائیب لای وایە حەسەن زیرەک نەبا، هونەری کوردی نەدەما! بە پێی قسەکانی هونەری کوردی دەکەوت و لە جێی ئەوە هونەری عەرەبی زاڵدەست دەبوو.

لەو دیمانەدا شەماڵ سائیب ئاماژە بە دیدارێکی کۆنی نێوان خۆی و عەلی مەردان دەکات، بەراوری دیدارەکە بۆ ساڵی ١٩٦١ دەگەڕێتەوە و بە شێوەی شریت، گوتووبێژەکە کراوە. پێدەچێت ئەم دیدارەی شەماڵ سائیب و عەلی مەردان بە یەکەم دیداری هونەریی تۆمارکراوی فەرمی

هەژمار بکرێت. دیدارێکیتری نێوان عایشەشان و کەمال ڕەئووفی بێژەری ڕادیۆ، پرسیارکردن لە نیشتەجێبوون و لە ڕێژەی ئەو سترانانەی چڕیونی، کە کوردی و تورکین، چ لەسەر قەوان چ لەسەر کاسێت. دیدارە هونەرییەکەی ڕۆژنامەنووس کەمال ڕەئووف و هونەرمەند عایشەشان لە ساڵی ١٩٧٩ بە دەزگەی تۆماری جۆری ناگرا و تەلەفۆنیماڵیی ساز دراوە؛ بەڵام ئەم دیدارە لە ساڵی ١٩٨٩ لە بەرنامەی ڕۆژێک لە ڕۆژان بڵاو دەبێتەوە. دیدارەکە چونکە بە ڕێی تەلەفۆن ئەنجام دراوە، مەوداکەی تەسک بووەتەوە، بە هۆکاری تێنەگەشتنی ئاخاوتنی نێوان ئاخێوەرەکان، وتووێژەکە ئاستی لاوازە و بە پێی پێویست نەتوانراوە قووڵ بێتەوە.

ئەوەی گەڵاڵە دەمێنێتەوە لەسەر ئەم ڕەگەزە، ئەوەیە دیداری سیاسی لە پێش دیداری ڕۆژنامەنووسیی ئەدەبی و هونەری و وەرزشی و پەروەردەییەوە بووە. لەپاش شۆڕشی چواردەی تەمووزەوە، ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان ڕووبەریان بۆ ئەم ڕەگەزە تەرخان کرد و نەک بە پێی پێویست، بەڵام بووە سەرەتایەک. دواتر لە هەفتاکانەوە بایەخی پێدرا و بووە دیاردەیەکی ئەدەبی.

# بەشی دیدار

## دیدار لەگەڵ هەندرێن

هەندرێن: بەگشتی، شیعری کوردیی ئێستا؛ لە چڕگۆیی، سادە و قووڵ دەربڕینی شیعرییەوە هەژارە.

پێشاندان: لە سندووقی ئەزموونی شیعرییدا، خاوەن بەهایە و ڕێزی زۆر لە زمان گیراوە و دەگیرێت. هەم وێنە و ناونیشان، هەم زمان، زۆرترین جەختیان لێکراوەتەوە.

ئەم دیدارە دواندنی شاعیرێکی ئەزمووندارە و ئاوڕدانەوەی ڕانانیی و پرسیاریمە لەسەر دوو کتێبی شیعریی شاعیر بە ناوەکانی (چیاکانی من، تەوتەمی شوێنەکان تەمیانی باڵەکان)، دواتر کایەی وەرگێڕان و کتێبی تازە چاپکراوی وەرگێڕاویان بە ناونیشانی (پەیڤ تەنیا پەیڤێکە).

**دیارلەتیف:** شیعری کوردی بەراورد بە شیعری جیهانیی لە کوێدایە و لە کام وێستگەداین؟ ئایا شیعری کوردی توانیویەتی مەوداکان ببڕێت و سنوورەکانی ناوچەیی و هەرێمایەتی تێبپەڕێنێت؟ ئەدەبیاتی کوردی توانیویەتی لە باری هاوردەوە بیگوازێتەوە هەناردە؟ ڕاتان چییە لەسەر ئەدەبیاتێک، کە دەچێتە دڵی دەسەڵاتی سەربازییەوە و لە ئاوازی ڕژێم دەخوێنێت و سەما دەکات؟ ئاخۆ ئەو ئەدەبیاتە تەنیا دارشتنی ڕووتی زمانەوانیی و درووشمییە؟ واتا ئەدەبیاتی دەربار جگە لە خزمەت بە دامودەزگای دەسەڵات، ئاخۆ زیان نییە بەسەر هاوڵاتی و مەدەنییەتەوە؟! ئایا ناکرێت بە جۆرێک لە ئەدەبیاتی چەواشەکاری ناوزەند بکرێت؟

**هەندرێن**: پرسیارەکەت لە دوو پرسیار زیاتر بە خۆیەوە دەگرێت. سەبارەت بە تێپەڕاندنی شیعری کوردیی لە سنووری ناوچەییەوە بۆ جیهانیی، وەک دەبینم دەمێکە ئەو پرسیارە خەیاڵ و خولیای بەشێکی زۆری نووسەر و خوێنەری کوردیی داگیر کردووە، هەروەک قەدەری کورد بە تێپەڕاندن و نەپەڕاندنی سنووری شیعری کوردییەوە گرێدراو بێت. گرنگە بیزانین ئەو هەستی سنووربەزاندنی شیعری کوردییە، پەیوەندی بە هەستی بندەستی بوونی کوردییەوە هەیە، کە کۆهەستێکی دەروونی لاوازی لە نووسەر و خوێنەری کوردیی بەتایبەتی و بەگشتییش خەڵکەوە درووست کردووە، کە زیاتر بە مۆتەکە دەچێت.

من دوای ئەزموونی ڕۆشنبیریم لە سوێد، ئەو بابەتەم لەلا بێبایەخە. مرۆڤ کە تێگەیشت پێوەرەکانی ڕۆشنبیرییش واتە ڕۆشنبیریی پەیوەندی بە دەستەڵاتەوە هەیە. بۆیە ئەوە بە هێزی دەستەڵاتێکی سیاسی و کولتوورییە، دەتوانێت شیعریش بکاتە جیهانی و یان بە پێچەوانەوە. بۆ نموونە، ئێستا و پیشتریش خوێنەر و نووسەری کورد زۆر دەقی زمانی داگیرکاری وەک تورک و فارس و عەرەب بە کوردیی کردوووە، چونکە دەستەڵاتی مەعنەویی و مادددییان بەسەر کوردەوە هەیە، هەروەک

بەشێکی زۆری وەرگێڕانی شیعر و ئەدەبیاتی زمانە ئەورووپییەکان بۆ سەر کوردیی، پەیوەندی بە باڵادەستی دەستەڵاتی زمانیی و سیاسیی ئەو وڵاتانەوە هەیە، یان بە ڕەواجبوونی ئەو زمانانەوە هەیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانیشدا. بە کورتی، لە ئێستادا بە شێکی بە جیهانیبوون و نەبوونی شیعری کوردیی یان شیعری نەتەوەیەکی دیکە، پەیوەندی بە گەمەی دەسەڵات و بازاڕەوە یان دۆخی پۆستکۆلۆنیالیزمەوە هەیە نەک تەنێ داهێنان.

لێ وێڕای ئەمانەیش، گرنگە بیزانین کە کۆمەڵگەی کوردستان، بە بەراورد لەگەڵ زمانی داگیرکارەکانیشمان، بە هۆی فاکتەری کۆمەڵایەتیی، مێژوویی، سیاسیی و کولتوورییەوە، دواکەوتووە، کەواتە داهێنانیشی لاوازە. ڕاستە ئێمە لە شیعری کلاسیکی و نوێشدا، شاعیرگەلی داهێنەرمان هەن، لێ داهێنانی شیعری کوردیی چ لە کۆن و چ لە نوێشدا بە بەراوردکردن لەگەڵ شیعری عەرەبیی و فارسییدا، باڵاتر نەبووە، بۆیە شیعری ئەو دوو زمانە داگیرکارەیش تا ئێستایش ئامادەییەکی ئەوتۆی نییە کە کورد بەزەیی بە خۆیدا بێتەوە. شیعری عەرەبی و فارسیش لە سنووری توێژێکی دیاریکراوی خوێنەر و نووسەری ئەورووپییدا دەخوێنرێتەوە نەک گشتییدا، لەو چەند ساڵەی ڕابردووشدا کەم و زۆر بە هۆی وەرگێڕانەوە شیعری کوردیی لەناو توێژێکی دیاریکراوی زمانە ئەورووپییەکاندا ئامادەیی هەیە.

کێشەی گەورەی ئەدەبی کوردیی، نەبوونی پاڵپشتییەکی دامەزراوەییە، واتە ئەو حوکوومەتۆکەی کوردستان، وەک چۆن لە ڕووی ئابوورییەوە، بە گواستنەوەی کاڵا کەیف خۆشە، بە هەمان شێوەیش هیچ پلان و پڕۆژەیەکی بۆ "هەناردە"کردنی ئەدەب و هونەری کوردیی نییە، بۆیە هەوڵە تاکەکەسییەکان هەر هێندە دەتوانن شیعری کوردیی بۆ سنوورەکانی دەرەوەی خۆی هەناردە بکەن.

لەوەش بترازێ، من بڕوام بەوە نییە، ئەگەر شیعرێک یان دەقێکی ئەدەبی لە دەرەوەی زمانی کوردیی بایەخی پێدرا یان ناسرا، مانای وایە داهێنەرە. هەروەک پێوەری خەڵات بەخشین بە شیعر و ئەدەب بەگشتیی لە لایەن ڕۆژئاواییەکان و کوردییشەوە، لا بێبایەخە. ئێوە ڕەنگە ئاگادار بن، کە بە هۆی گەندەڵیی لە ئەکادیمیای خەڵاتی نۆبێلی سوێدییدا، ساڵێک خەڵات دابەش نەکرا. من دەزانم بەشێکی زۆری ئەو خەڵاتانە لەسەر بنەمای سیاسەتەوە دەبەخشرێن.

سەبارەت بە ئەدەبی سەربازیی، یان دەربار بە حیزب و سیاسەت، بەڵێ ئەدەبی دەربار زیانێکی بکوژ نەک هەر بە ئەدەب و شیعر دەگەیەنێت، بگرە کۆمەڵگەیش دەکات بە کۆمەڵگەیەکی مەکینەیی. ئەدەب ناتوانێت بەبێ ئازادیی هەست و خەیاڵ گەشە بکات و هاوکاتیش ئەدەب بە قەتیسمانی لە چوارچێوەی ئایدۆلۆژیی یان حیزبێکدا، ناتوانێک خولیا و خەیاڵی تاکەکەسەکانی کۆمەڵگە باڵدار و داهێنەر بکات.

ئەدەب کردەیەکی ڕۆحی و خەیاڵیی مرۆڤانەیە، کورتکردنەوە بە هێزێک یان ئامانجێکی دیاریکراو، تەنێ دەتوانێ خزمەت بە مەبەستی سنووورداری لایەنگرانی ئەو حیزب و هێزانە بکات، ڕەنگە لە قۆناغەکانی داهاتوودا نەتوانێت بۆ ئەو حیزب و هیزانەیش سوودێکی هەبێت، واتە ئەو جۆرە ئەدەبە لەگەڵ نووسیندا دەمرێت. ئەرکی ئەدەب تەیکردنی هەرێمی ناوەکیی مرۆڤە، تا خۆی بدۆزێتەوە و بیکات بە خۆی. لێ ئەدەب کە پیشوەخت ئامانجی خزمەتی حیزبێک یان دەستەڵاتێک بوو، وەک تەمەنی ئەو دەستەڵاتە دەژیت.

ئەو جۆرە شیعر و ئەدەبە، واقیعی ساختەی دەسەڵات دەجووێتەوە کە پێشتر خەڵک و لایەنگرەکانی دەیزانن. ئەدەب و شیعر بەتایبەتییش، واقیعێک باس دەکات، کە لە بووندایە یان نەدۆزراوەیە.

**دیارلەتیف:** «کە بۆت دەنووسم، ئازارەکانم دەمکوت دەکەم و شادییە شڵەژاوەکانیشم بە تۆ دەبەخشم. چیاکانی من.» لێرەوە ئەو پرسیارە سەر هەڵدەدات، ئاخۆ بۆچی شیعری کوردی ئیشی لەسەر ئەو چەمکە، کە چەمکی شادی و دڵشادی و خۆشی نەکردووە و نەکاریوە؟ هۆکاری ئەمە ئەو مەرگەساتەیە، کە کوردەکانی تێدا ژیاون و ڕەنگدانەوەیەکی دەروونیانەی بەسەر ئەدیبان و نووسەران و شاعیرانی کوردزمانەوە هەیە؟ خۆ مەرج نییە نووسەر جەماوەرخوازیانە بهزرێت و هەنگاوی لەگەڵ هەنگاوی کۆمەڵاندا بێت! لە «چیاکانی من» وشەی (چیا) زۆرترین جار بەکار براوەتەوە و لە هەر بەکارهێنراوێکیدا چەمکێکی جودای لێ ئافرێنراوەتەوە؛ ئەم بونایەتی و شوناسپێدانە و ئاڵوگۆڕکێی ماناکانی (چیا) بۆچی دەگەڕێتەوە؟ ئاخۆ لایەنی بەکاربردنی وشەی چیا، بۆ جێکەوتەی دەروونایەتی ژیانتان لە شاخ دەگەڕێتەوە، یان بوونگەرایانەیە؟ یان دەکرێت بڵێین ڕەهەندێکی ئایدۆلۆژیای شۆڕشگێڕانەی لە پشتەوە هەبێت؟ هاوڕێ لەگەڵ ئەوە گرنگە بپرسین: ئەو زمانەی لە (تەوتەمی شوێنەکان تەمیانی باڵەکان)، بە ڕادەیەک بەر شیعرییەتێکی گران دەکەوین، ئەمە پەیوەندی بەو دۆخە ئاوارتەی خودنووسینەوە هەیە لەکاتی تۆمارکردندا؟ زمان توخمێکی سرکە و ناگیرێت، دەڕوات و ئاوڕ ناداتەوە، بە ڕادەیەک هۆشێکی چالاکی دەوێت، تاوەکوو تێکەڵ بە کەشی دەقەکە بێت، هۆکار چییە؟ لە (چیاکانی من)، بەر شیعرییەتێکی چڕ دەکەوین، بەڵام بونیاد و کرۆکێکی پەخشانی زاڵە بەسەر دەقدا، ئەم تەرزە پەخشانییە داڕێژراوە، مەرامی دەقنووسە، یان مەرجی ناچاریانەی بیربێژی گوتراوی دەقەکەیە وایکردبێت لە بۆتەی پەخشاندا بگریسێتەوە؟ هاوکات دەبێت ئەوەش لە یادمان بێت و لەبارەوەی بپرسین، تا چەند لە چیاکانی من، بەر سۆز بۆ ڕابردوو (نۆستالژیا) دەکەوین؟

**هەندرێن:** دیسانەوە پرسیارەکەت کۆمەڵێک پرسیارە. سەبارەت بەوەی کورد کاری لەسەر شادیی و دڵشادی نەکردووە، ڕەنگە هەمان ئەو هۆکارانە بێت کە تۆ ئاماژەت پێکردوون. کورد بە هۆی ئەو واقیعە تاڵەی کە تێیدا دەژییێت، لە بندەستییەوە بیگرە تا نەبوونی ئازادیی تاکەکەسی، لە عەسرەتباری ئەڤینداریی بگرە تا دەگاتە ژیانی دووبەرەکیی سیاسی، ژیانێکی مردووخوازانەیە، بۆیە ڕاستییەکەی کورد خۆی بوونەوەرێکی غەمگینە. کەواتە ناشادی، خۆی ژیانی ڕاسەقینەی تاکەکەسی کوردییە.

لەبارەی ئەو دێڕە شیعرەی «چیایەکانی من» دیسان پەیوەندی بە هەمان ڕاستیی ئەو ژیانە پڕ کێشەیەی کوردبوونەوە هەیە، کە ڕەنگدانەوەی هەیە لەسەر ئەزموونی هەر یەک لە ئێمەدا.

سەبارەت بە بەشی دووەمی پرسیارەکەت، کە تۆ هۆکاری ئادەیی فرەی وشەی «چیا»ت لات بۆتە پرسیار، پرسیارێکی ڕەوایە. بەڵێ، لەم کۆشیعرەدا، کە ڕاستییەکەی پرۆژەیەکی شیعریی تەواوکراو نییە، چیا دەلالەتێکی بوونخوازانەی هەیە لە کن من. ئەمەیش هەم پەیوەندی بە ئەزموونی ژیانی منەوە لە پێشمەرگایەتی و هەمیش پەیوەندی بە چیا وەک هێما و بەهاوە هەیە. چیا بەس ئەو ڕەهەندە سیاسیی یان شۆڕشگێڕییەی نییە کە لە بیرکردنەوەی ئێمە باوە. لەم کۆشیعرەدا، چیا هێمایەکی جوانیناسیی بوونایەتی هەیە. بە واتایەتی دیکە، جۆرێک لە بەرهەڵستکاریی بوونایەتی هەیە، چیا لە یەک کاتدا شوێنێکی عاسێیە، عاسێیەتییە سرووشتییەکەی دەبێت بە عاسێیەتییەکی ئیرادەی بوونیش. بە کورتی، لەوێدا چیا، پیشوازیکردنە بۆ ژیانێکی سەخت، جیاواز، دەگمەن. چیا هانایەکە بۆ من تا بەرگری لە بوونێکی ئازاد بکەم بە دژی ئەو بوونە بەرخۆرەی کە سیستەمی ئابووریی و سیاسی لە کوردستان و جیهان ناچاری ژیانێکی بەرخۆریی کردووین. ژیانێک کە هیچ هەموو بەهایەکی بێبەها کرد، لە جێگەی ئەمەیش، کاڵاخوازیی کرد بە بەهایەکی

بەتاڵ. دواجار لەم کۆشیعرەدا، چیا لەوەیش زیاترە کە گوتم، لێ لێرەدا بە هۆکاری نەبوونی بوار، لەوە زیاتر ناگوترێت.

سەبارەت بە زمانی «تەوتەمی شوێنەکان؛ تەمیانی باڵەکان»، شیعر وەک شێوازێک لە ژیان، جۆرێکە لە خۆنووسینەوە و هاوکاتیش ئاشکراکردنی هزر و خەیاڵەکان لەو جیهانەی ناوەکییەی خۆم. لە ئەزموونی ئەو کۆشیعرەدا، دەمەوێت بەو زمان و شێوازەیەوە، تایبەتییەک لە بوونی شیعرییانەی خود ڕابگەیەنم، کە ئەمەیش لای من کردەی شیعرییە. زمانی ئەو کۆشیعرە، زمانی بوونی منە. ئەو دۆخە بوونییەی لەو کۆشیعرەدا دەدوێت، زمانی خۆیەتی. من لە دەرەوەی ئەو زمانە نیم.

سەبارەت بە زمانی پەخشانی «چیایەکانی من»ـدا، ئەمەیش ئەنجامی ئەو ئەزموونە تایبەتییە بوو، کە لە شێوازی تێکەڵاوکردنی بەربەست و سنوورەکانی  نوسینە. ئەو ئەزموونە خۆی لەگەڵ بە گۆهاتنی، ئەو زمان و شێوازەی، بوو بە تایبەتمەندی ئەو جیهانەی کە لە شیعرەکەدا لەگەڵ هەر بابەتێک لە بابەتەکانی شیعرەکدا بە جیاوازەکانییەوە دەتەقێتەوە. چیایەکانی من، کۆبوونەوەی ئاوازی بوونی منە، کە ڕۆحە میوزیکییەکەی لە لاوکی چیایەکانەوە دەلەرێتەوە. بۆیە ئاوێتەیەکە لە گێڕانەوەی شیعریی، کە لەوێدا ڕووداو و ڕوانینەکان لە شوێنکاتدا ئاوێتەی یەکتر دەبن، لە شێوازێکش بەرجەستە دەبنەوە کە وەک خودی بابەت و ڕووداوەکان نامۆن بە زمانی باوی شیعریی.

لێ ڕاستە لە خوێندنەوەیەکی ڕواڵەتییدا، خوێنەر بەر نۆستالژیا دەکەوێت. نۆستالژیا، بەشێکە لە بوونی شیعرییەت، لێ نۆستالژیای چیایەکانی من، نۆستالژیایەک نییە ئێرە فەرامۆش بکات، بەڵکە جۆرە تۆڵەکردنەوەیەک بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو فەرامۆشییەی کە سەبارەت بەو ئەزموونە تایبەتییەی چیایەکان لە دنیای خوێنەر و نووسەری

کوردییدا لە ئارادایە. لەدوای دووهەزارەکانەوە کتوپڕ خوێنەر و نووسەری کوردی، بوونە بە بەرخۆری جۆرە خوێندنەوە و نووسینێک لە سەرچاوەکەی لە دەرەوەی ئەزموونی ژیان و ژانی خۆیەتی. بۆیە لە چیایەکانی مندا، ڕابردوو پەناگەیەک نییە بۆ هەڵاتن لە ئێستا و ئاییندەدا، بەڵکە وەرچەرخاندنی ڕابردووە بۆ نۆستالژیایەکی شکۆمەند و ئەمەیش کردەیەکی شیعرییە بۆ تاڵانکردنی ئەو نۆستالژیایەی کە هەمیشە لە بوونی ئێمەدا ئامادەیە.

**دیارلەتیف:** وەرگێڕان ئەو تەنە کریستاڵییەیە وریایی و هۆشمەندی دەخوازێت بۆ ئەوەی لەژێر دەستی پاچەڤەکاردا وردوخاش نەبێت. وەرگێڕانی شیعر لەو خواردەمەنییە بەلەزەتە دەچێت، لەودیو شاشەی تەلەڤزیۆنێکەوە نمایش دەکرێت و ئێمە بەر جۆرێک لە چەژەی نابەرکەوتە دەکەوین، کە تامی مەجازییە نەک کەتواری! ئایا ئەمە ناگەڕێتەوە بۆ ئەو بونیادە ئاڵۆزە زمانەوانییەی شیعر، زمانێک تەنراو بە ئاماژەکانی واتاسازی و ڕستەسازی و وشەسازی و ڕۆنانکاری، هاوچوونی تەڵە مینێکە، کە لە خۆیدا هەڵگرێتی؟ کتێبی (پەیڤ تەنیا پەیڤێکە)، من قسەم لەسەر ئەم بەرهەمە وەرگێڕاوە تازەتانە نەک وەرگێڕانی دیکەتان، کە پێم وایە دەرفەتێکی لەبارە بۆ پەیڤین، چونکە تازە لەوەشانخانە هاتووەتە دەر. ئایا شیعر ئەو مادە خاوەیە، کە بتوانرێت لە زمانی دووەمدا خۆ بخوڵقێنێتەوە؟ ئایا ژینگەی شیعری ڕۆژاوایی تا چەند گرنگە موتووربەی کولتووری شیعری کوردی بکرێتەوە؟ تایبەتتر بپرسم، ئایا شیعری (ڕاتما) بۆ بەردەنگی کوردیی، لە کوێدا پێویستە و بۆچی دەبێت پێتڤ بێت؟

ئایا چی گوزارشتێکتان لەسەر وەرگێڕانی پێچەوانە هەیە؟ ئایا ئەم پرۆسەی وەرگێڕان لە زمانی کوردییەوە بۆ زمانەکانیتر جۆرە خزمەتێک نابێت بە کولتوور و شوناس و زمان و ئەدەبی کوردی؟ بەڵام ئاستەنگەکانی بەردەم ئەم ڕێچکە وەرگێڕانە لە چیدایە؟ ئاخۆ گرفتی

دەزگاکانی چاپی وڵاتانی ڕۆژاواییە، یان ناپاڵپشتی دەزگای فەرهەنگی زمانی یەکەمە بۆ زمانی دووەم؟ یان هەر لە بنەڕەتەوە دەبێت وەرگێڕان لە لایەن وەرگێڕی زمانی دووەمەوە ببێت، کە دەبێت زمانی یەکەم فێربن و لەوێوە وەرگێڕان بۆ ناو زمانی دووەم ئەنجام بدەن، ئەمەش بە هۆکاری دەستکراوەترین و بوونی وەرگێڕی خاوەن زمانی دووەم و دانپێدانانێتی لە لایەن ناسنامەی فەرهەنگی وڵاتی بەرهەم بۆ وەرگێڕدراو و دەزگاکانی وەشانەوەیە؟ ئاخۆ تاکەی دەبێت لە دۆخی هاوردەدا چەقبەستووبین و نەچینە قۆناغی هەناردەییەوە؟

**هەندرێن:** حەز دەکەم ئاماژە بەوە بکەم، کە من چەند ساڵ لەمەوبەر لە وتارێکدا باسی وەرگێڕانم کردووە و ئێوەش دەزانن تیۆری جیاواز لەسەر چەمکی وەرگێڕان و وەرگێڕانی شیعرییش دەمێکە مشتومڕی لەسەر هەیە و بەردەوامە، کە من لێرەدا نیازم نییە باسی مێژووی ئەو تیۆرییانەی وەرگێڕان و ڕوانگە جیاوازەکانی وەرگێڕانی شیعر بکەم، لێ ئەوەی خەریکی شیعر و وەرگێڕانی شیعر و ئەدەبیات بێت، دەزانێت کە وەک چۆن شیعر چەشن و شێوەی هەیە بە هەمان شێوەش وەرگێڕانیش ئەوهایە. دەمەوێ بێژم، وەرگێڕانی شیعرێکی دروشتمی یان شیعرێکی کۆمەڵایەتی یان سیاسی، ڕاستەوخۆ و تاد... وەرگێڕانی بۆ هەر زمانێکی جیاواز لە دەقەکە سەخت نییە، بەڵام گواستنەوەی جیهانی شیعرێکی خۆویست یان تێکهەڵکێش بە هزر یان شیعرێک کە کاری لەسەر شێوەخوازیی کردووە یان شیعرێک کە بەندە بە کۆنتێکستێکی کولتووریی یان تەنانەت کێش و سەروایەکی جیاواز، ئاسان نییە، چونکە زۆرێک لە وردەکارییەکانی ئەو تەرزە شیعرانە بەندن بەو زمانە و ئەزموونە تایبەتییەکانی ئەو شاعیرە و کولتوورەکەی.

هەرچۆنێک بێت، بە ڕای من وەرگێڕانی شیعر، بەدەر لە زانینی زمانی ئەو شیعرە بۆ زمانێکی دیکە، پەیوەندی بە زمانەوە نییە، بەڵکە پەیوەندی بە بەرهەمهێنانەوەی ئەو شیعرەوە هەیە. وەرگێڕانی شیعریش

جۆرێکە لە خوێندنەوە و شرۆڤەکردنی ئەو شیعرە بە زمانێکی جیاواز لە خۆی. دەکرێت من شیعرێک بە سوێدی یان هەر زمانێک کە دەیزانم وەربگێڕم بۆ کوردی، دەقێکی مەیلەو جیاوازی لێ بەرهەم بهێنمەوە کە لە ڕووی شێوە و نارۆکەوە جیاواز بێت.

هاوکاتیش وەرگێڕانی شیعر پەیوەندی بە جۆرێک نزیکایەتی ئاستی زمان و هزری ئەو وەرگێڕەوە هەیە. وەرگێڕێک کە لە ڕووی زمانی و هزرییەوە هاوئاهەنگی لەگەڵ ئەو دەقە نەبێت کە وەریدەگێڕێت، باشی ڕستەسازیی، واتاسازیی و تاد... باشیش بێت، لێ ناتوانێت جیهانی ناوەکیی ئەو شیعرە بگوازێتەوە. بۆ نموونە، لای من وەرگێڕانی دەقی «گوڵە بەدەکان»ـی بۆدلێر یان شیعرەکانی ئارتۆر ڕامبۆ، وێرانەخاکی ئەلیۆت، شیعرەکانی پۆل سیلان و هاوێنەی ئەو شاعیرانە، بە کوردی، چێژ و جوانیی ئەو جیهانە زمانی و هزرییانەی ئەو دەقانە نابەخشن، چونکە هزری زمانی ئەو شاعیرانە پەیوەندی بە جۆرێک لە خۆویستی، ڕەزگەپەرستییانەی زمانەکانیانەوە هەیە.

ئەوە لەتێکی پرسیارەکەت، لەتی دووەمی پرسیارەکەت کە دەڵێیت: **کتێبی (پەیڤ تەنیا پەیڤێکە)، من قسەم لەسەر ئەم بەرهەمە وەرگێڕاوە تازەتانە نەک وەرگێڕانی دیکەتان، کە پێم وایە دەرفەتێکی لەبارە بۆ پەیڤین، چونکە تازە لەوەشانخانە هاتووەتە دەر. ئایا شیعر ئەو ماددە خاوەیە، کە بتوانرێت لە زمانی دووەمدا خۆ بخوڵقێنێتەوە؟ ئایا ژینگەی شیعری ڕۆژاوایی تا چەند گرنگە موتووربەی کولتووری شیعری کوردی بکرێتەوە؟ تایبەتتر بپرسم، ئایا شیعری (ڕاتما) بۆ بەردەنگی کوردیی، لە کوێدا پێویستە و بۆچی دەبێت پێتڤ بێت؟**

وەڵامی لەتی دووەمی پرسیارەکەت: ڕاستییەکەی من چونکە لە سوێد دەژیم، بە سوێدییش ئەزموونی شیعری سوێدیی و جیهان دەخوێنمەوە، ڕاتەما/ ڕاتما یەکێک لە شاعیرانی دووهەزارەکان، بۆیە کە خوێندمەوە،

حەزم کرد بە وەرگێڕانەکەی تامی زمان و ناوەرۆکی شیعرەکانی ئەو شاعیرە لەگەڵ خوێنەری کوردیی، بەش بکەم. هەڵبەت تام و چێژ و نەوای شوێن و بابەتی بە (پەیڤ تەنێ پەیڤێکە) بە سوێدیی هەمان تام و چێژ و نەوا و شوێن و بابەتی کوردییەکە نییە، چونکە من یان خوێنەرێکی سوێدیی کە ئەو کۆشیعرە دەخوێنێتەوە، بە هۆی ژیان و ئەزموون و یادەوەریی و فەزای ئەو شوێن و و بابەتانەی کە لەو کۆشیعرەدا هەن بە سوێدیی ڕاستەوخۆ کۆنتێکست، کۆپەیوەندی کولتوور و فەزای شار و جوگرافیا دەنوێنن، کە خوێنەری سوێدیی ناچار بە وێناکردن و گەڕان بە دوای ناوی شوێن و هێمایەکان ناکات، لێ خوێنەری کوردیی ئەو کۆشیعرە دەخوێنێتەوە، بە شێوازی کۆپلەبەندیی و فەزای ئەو شیعرە  ئاشنا نییە، بۆیە ناچارە ڕاڤە و مەزەندەی بکات، هەروەک بە دوای زانیاری وشە و ناوی شوێن و کۆنتێسکتی بابەتی شیعرەکان بگەڕێت. لە لایەکەوە ئەمە کێشەیە بۆ شیعرەکە، چونکە هەمان جوانی یان ئاواز و بابەتەکان ناگوازنەوە، بەڵکە لە لایەن خوێنەری کوردییەوە وێنا دەکرێنەوە، کەچی لە لایەکی دیکەیشەوە، دەکرێت ئەو کۆشیعرە مانا و شێوەیەکی نوێ بە پێچەوانەی دەقە سوێدییەکە بەرهەم بهێنێت.

بەمجۆرە خوێنەری کوردیی بە خوێندنەوەی ئەو ئەزموونانە دەکرێت، خەیاڵی زمانی شیعریی چڕتر بکاتەوە، هەروەک ببێت بە خاوەن زانینێک سەبارەت بە چۆنییەتی وێنەکردنی شیعری کوردیی لە شار و تایبەتمەندییە جوگرافییەکانی کوردستان، چونکە ڕاستییەکەی بەگشتی شیعری کوردیی ئێستا لە چڕگۆیی، سادە و قووڵ دەبڕینی شیعرییەوە هەژارە، بۆیە لام وایە، وەرگێڕانی ئەو ئەزموونە شیعرییانە، سوود بە خوێنەر و خوازیارانی ئەدەبیات بەگشتیی دەگەیەنێت.

لە وەڵامی ئەم پرسیارەت: **ئایا چی گوزارشتێکتان لەسەر وەرگێڕانی پێچەوانە هەیە؟** وەرگێڕانی شیعری کوردیی بۆ زمانە جیاوازەکان، وەک

هەر کردەیەکی دیکەی ئاڵۆگۆڕکردن کارێکی چاک و گرنگە، چونکە هەم جیاوازیی کولتووری کورد دەتوانێت سوود و زانینی نوێ بە خوێنەری غەیرە کوردیی ببەخشێت و هەمیش شاعیرانی کورد دەتوانن، ئەگەر بخوازن، بە پەرچەکرداری خوێنەری غەیرە کوردیی، ئەزموونی خۆیان فراوان بکەن و لە ئاستی داهێنانی زمانیی و هونەری جوانیی شیعر زیاتر تێبگەن. دواجار وەرگێڕانی شیعری کوردییش دەکرێت بەوە هەوڵ بدا گەردوونیی و مرۆڤانە بهزرێت و بنووسێت. بەگشتی، وەرگێڕان دەتوانێت بوونی ئێمە لە جیهاندا ئامادە بکات.

لەتی چوارەمی پرسیاری سێیەم کە دەڵێیت: **ئایا ئەم پرۆسەی وەرگێڕان لە زمانی کوردییەوە بۆ زمانەکانیتر جۆرە خزمەتێک نابێت بە کولتوور و شوناس و زمان و ئەدەبی کوردی؟ بەڵام ئاستەنگەکانی بەردەم ئەم ڕێچکە وەرگێڕانە لە چیدایە؟ ئاخۆ گرفتی دەزگاکانی چاپی وڵاتانی ڕۆژاواییە، یان ناپاڵپشتی دەزگای فەرهەنگی زمانی یەکەمە بۆ زمانی دووەم؟ یان هەر لە بنەڕەتەوە دەبێت وەرگێڕان لە لایەن وەرگێڕی زمانی دووەمەوە ببێت، کە دەبێت زمانی یەکەم فێربن و لەوێوە وەرگێڕان بۆ ناو زمانی دووەم ئەنجام بدەن، ئەمەش بە هۆکاری دەستکراوەترین و بوونی وەرگێڕی خاوەن زمانی دووەم و دانپێدانانێتی لە لایەن ناسنامەی فەرهەنگی وڵاتی بەرهەم بۆ وەرگێڕدراو و دەزگاکانی وەشانەوەیە؟ ئاخۆ تاکەی دەبێت لە دۆخی هاوردەدا چەقبەستوو بین و نەچینە قۆناغی هەناردەییەوە؟**

لە وەڵامی پرسیارەکانی پێشووماندا، بە جۆرێک لە جۆرەکان بەرسڤی بەشێکە لەو پرسیارانەتم دایەوە، لێ بە دڵنیاییەوە وەرگێڕانی دەقی کوردیی، دەتوانێت خزمەتێکی زۆری بوون و کولتووریی فەرامۆشکراو و قەتیسمانی کورد لە خۆیدا بکات. ئاستەنگەکانی وەرگێڕانی شیعری کوردیی بۆ زمانی دیکە پڕ کێشەن، لەوانە: بە هۆی نەبووی دەسەڵاتی سیاسی، بوونی وەک پاشکۆی زمانی عەرەبی و فارسی و تورکی،

وایکردووە کە خوێنەر و وەرگێڕی زمانە زیندووەکانی دیکە شیعری کوردییان بۆ مایەی سەرنج و پێویست نەبێت، چونکە نووسەر یان وەرگێڕێکی ئینگلیزیی یان فەڕەنسیی یان سوێدیی، کورد وەک بوونەوەرێکی جیاواز نابینێت، ئاخێوەر و نووسەرانی ئەو زمانە جیهانییانە ئەدەب و شیعریش وەک دەسەڵاتی سیاسی و ئابووریی عەرەبی یان فارسی یان تورکی دەبینن، بۆیە سەرنجڕاکێشانی وەرگێڕی بیانی بۆ گواستنەوەی ئەدەبی کوردی بۆ زمانی خۆیانەوە، پێویستی بە سیاسەتی کولتووریی و وەرگێڕانەوە لە لایەن دەزگە ڕۆشنبیرییەکانی کوردستانەوە هەیە.

بەو واتایەی هەوڵی تاکەکەسەکان بۆ وەرگێڕانی دەقی کوردیی بۆ ئەو زمانە جیاوازانەی جیهان، سنووردار دەمێنێتەوە، دەستەیەکی بچووک لە خوێنەر و نووسەری ئەو زمانە ئاشنای ئەدەبی کوردیی دەبن؛ بەڵام بۆ ئەوەی کورد بتوانێت سەرنجی چاپخانە و وەرگێڕی ئەو زمانە جیهانییانە بۆ ئەدەبی کوردیی ڕابکێشیت، دەبێت بەرنامە و پڕۆژەی لە بواری وەرگێڕان هەبێت، واتە وەک چۆن کورد پێویسیتی بە سیاسەتی هەناردەکردنی بەرهەمی سرووشتی و سامانی نەفتی بۆ دەوروبەر و جیهانەوە هەیە، بە هەمان شێوەش دەبێت بیر لە هەناردەکردنی ئەدەب و هونەر یان کولتووری کوردیی بە گشتیی بکاتەوە. ئەگینا وەک هەوڵ دەمێکە دەبینین نووسەران خۆیان بە دوای گەڕان و سواڵکردنی وەرگێڕ بۆ زمانی ئەو وڵاتانەی لێیان دەژین دەگەڕێن، کەچی بەو شێوە وەرگێڕانەوە، چاپخانەکانی ئەو وڵاتانە بایەخ بە چاپکردنی ئەو وەرگێڕانانە نادەن.

بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین ئەو کارە بکەین، دەبێت بیری وەرگێڕان بکرێت بە پیشەیەک وەک هەر پیشە و کارێکی دیکە. بە کورتی، هەموو خوێنەر و نووسەرێکی کوردیی دەزانێت کە لە ئاستی حوکوومەتی کوردستان و کەرتە تایبەتەکانیشەوە خەیال و خەون بۆ بایەخدان بە

وەرگێڕان و هەناردەکردنی کولتووری کوردیی بە گشتیی لە گۆڕێدا نییە. ئەمەیش دیارە حوکوومەتی کوردستان و کەرتە تایبەتەکانیش، ناسینی کورد بە ئابووریی و پاشکۆبوون بەو وڵاتانەوە کورت دەکاتەوە. بۆیە دوای ئەو هەموو ساڵە لە حکومڕانی کورد خۆی، هێشتا بەهای وەرگێڕان و هەناردەکردنی ئەدەب و هونەری کوردیی نەبۆتە جێگەی سەرنج.

ئەوەندەی من لە چاپخانە و بوارە کولتوورییەکانی ڕۆژاواوە تێگەیشتبم، ئەوەیە ئەگەر وەرگێڕەکە سوێدیی یان ئینگلیزیی و تاد... نەبن حەز ناکەن بۆ وەرگێڕێکی کورد بۆ زمانی ئەو وڵاتانەی لێی دەژییێت، کتێب چاپ بکەن، چونکە لە زمانی وەرگێڕانەکە ڕازی نابن و هاوکاتیش ئەو وەرگێڕە کوردییە، ئاشنای کۆدی تێگەیشتن لە چاپخانە و کولتووری بازاڕی کتێب بڵاوکردنەوەی ئەو وڵاتانەوە نییە. بە کورتی، بۆ نموونە بواری چاپەمەنی و خوێنەری زمانی سوێدیی یان ئینگلیزیی، بۆیان گرنگە وەرگێڕی خۆیان ئەو دەقانە بگواسنەوە بۆ زمانی خۆیان نەک وەرگێڕی کوردیی.

## دیدار لەگەڵ دانا عەسکەر

**دانا عەسکەر: وەرگێڕان لە زمانی دووەمەوە کارێکی سەرکەوتوو نییە.**

**پێشاندان: دانا عەسکەر، وەک ڕەخنەگر و وەرگێڕ و شاعیر لە بواری وێژایەتی کوردیدا مژووڵە، کەرکووکییە، ئەم دیدارە وروووژاندنی چەند پرسێکە.**

**دیار لەتیف:** مێژوو دروستکەری کولتووری ڕەخنەیە و ڕەخنەش بەرهەمهێنەری شارە، ئێمە وەک کورد نە خاوەن مێژوویەکی ڕوونین، نە خاوەن کولتووری ڕەخنە و نە خاوەن شارین. شار وەک شێوە ڕامیاری و هونەری و هزرییەکە. ڕەخنە، پێشەنگی کۆمەڵگەی پێشکەوتووە، دروستکەرەوە و هەڵچنەری پایەکانی شارستانییەتە و مەدەنییەت بونیاد دەنێت. ڕەخنە گەڕانە بۆ ناسین، بۆ ئاشکراکردنی تاریکییەک کە دەبێت ڕۆشن بکرێتەوە، تاریکی بە واتای چەقبەستوویی و نەزانین دێت.

کانت لە ڕێگەی ڕەخنەوە کولتووری ڕۆشنگەریی دامەزراند، نیچە ڕەخنەی ئاڕاستەی مەسیحییەت کرد و زەنگی هاوچەرخێتی لێدا، هایدیگەر و سارتەریش بنەمایەکی دیکەیان بۆ فەلسەفە داڕشتەوە و

مارکس و ئەنگڵس سەرمایەداری و دابەشکارییە چینایەتییەکانی کۆمەڵگە و دەوڵەتیان دەرخست. وەک چۆن سۆکرات قۆناغێکی ترە لە ڕوانین و خوێندنەوە و گەشەی کۆمەڵگە و دەوڵەت. لەناو کورددا عەبدولخالق مەعرووف لە بواری کۆمەڵناسی و ئەدەبدا، پێشەنگی خوێندنەوە و ڕەخنەی کۆمەڵگەی خۆی بوو، دواجار گەشمراندنی لە لایەن کۆنەخوازانەوە لە ناوەڕاستی دەیەی هەشتاکاندا و بەربەست دانان بۆ کرانەوەی سنوورە کۆتکراوەکانی ڕوانینی مرۆڤی کورد و کۆمەڵگەی هزریی. لە کۆمەڵگەی عەرەبیدا ئیبن خەلدوون هەیە، لە بواری کۆمەڵناسی و مێژوودا نووسیویەتی و لە جیهانی ئیسلامیدا وزەیەکی جوڵێنەری هزری ڕەخنەییە و زۆرێک لە زانایان و شاعیران و عاریفان لەو جیهان و کۆمەڵگە ئاینییەدا ڕووبەڕووی گیان بەخشین و سووتاندنی بەرهەمەکانیان و بێدەنگردنی دەنگیان بوونەتەوە.

کۆمەڵناسی عێراقی، عەلی وەردی، خوێندنەوەییەکی وردی ژینگەی بیرکردنەوەی کۆمەڵانی تاک بووە و ڕۆڵی لە خۆناسی و دەوروبەرناسی میللەتی عێراقیدا هەبووە. بوار هەبێت لەسەر مێژووی هزری ڕەخنەیی ئەدەبی کوردی ئەوە بەیان بکەم، کە بە جۆرێک بەر چەمکی پەسنخوازی دەکەوین، تاوەکوو چەمکی فیکری ڕەخنەیی. مێژووی ڕەخنەییمان بە ڕاڕەوێکی پەسنیدا تێدەپەڕێت و نەچووینەتە ناو ڕەگەکانی ڕەخنەوە. دیکارتیانە بڕوانین، ڕەخنە بەرهەمهێنانە و لە ڕێی پرسیار و گومانەوە پەرە دەسێنێت.

ڕەخنە لە مێژووی ئەدەبیمان نائامادەیی فرەیی بەردەکەوێت و بە دەزگایی نەکراوە، ئەوەی هەیە و هەبووە تاکلایەنانە بووە، ڕێڕەوی خۆی نەگرتووە، هەوڵ هەیە، بەڵام لە دەرەوەی دامەزراوەییەوە. هێشتا تەنانەت نازناوێکی بەد و ئاژاوەگێڕیی بە دوای ئەو چەمکەوە خراوە.

ڕەخنە بەدواداچوون و گەڕان و سەربارخستنە، لەدایکبوونەوەیەکی تری داهێنانە. لە ڕابردوودا ئەو هەژارییەی ئەدەبی کوردی لە ڕەهەندی هزرییەوە بە دەستییەوە نالاندی، نەبوونی ڕەخنەسازیی بوو. لە ئێستاشدا خراپی بواری بەڕێوەبردنی ڕامیاری، بەڵگەی ئەوەمان بە دەستەوە دەدات بێباوەڕبین بەرانبەر نەچەسپاویی پایەی کولتووری ڕەخنە. هەندێک هەوڵ هەن کەمتر توێکارین و لەبری ئەوە ڕووکەش ڕووبەرەکەی داگیر کردووە. بۆ ئەوەش خێڵ و دەزگای حیزبی بەڵتەژیی و دێوەخان و هۆزگەریی و درزی قەوارەی نەتەوەیی و بەڕێوەبردن و چەتەگەریی ڕامیارییەکان پاڵپشتن لە دانەمەزراندنی بنەمایەکی سەربەخۆی ڕەوتی فیکری ڕەخنەیی. چێبوونی کولتووری ڕەخنە، هەمیشە وەک دژبەرێک دەبینن. لە هەشتاکانەوە بوونخوازە کوردەکان سەر هەڵدەدەن و دواتر ڕەوتی دیکە، لەو نێوانەدا مەسعوود محەمەد دەنگێکی کۆڵەرەوەی فیکری و ئەدەبی شەپۆلێک دەداتە نیگا چەقیووەکان. پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئێمە گەیشتووینەتە ئەوەی بڵێین ئەم ساتەوەختە ڕەخنەمان هەیە؟ بەکێ دەگوترێت ڕەخنەگر؟

**دانا عەسکەر:** پێش وەخت کاتی قسە لەسەر ڕەخنە دەکەین، دەبێت جیاوازییەك لە نێوان ڕەخنەی ئەدەبی و ڕەخنە لە فۆڕمێکی دنیابینی فیکریی و مەعریفیدا بکەین، بەو پێیەی پرسیارەکەت بە شێوەیەکی گشتییە، لەناو ئەم گشتاندنەدا ڕەخنەت وەك گرنگییەکی مێژوویی بە دژی میللەتەوە گرێداوە، ناچارین قسە لەبارەی ڕەخنە وەك چەمکێکی گرنگی گۆڕانکاریی سیاسی و کۆمەڵایەتی فەرهەنگیی بناسێنین. بیرمەند و فەیلەسووفەکانی دنیاش بەشێکی زۆریان هەڵقووڵاوی نێو ئایین بوون، وەلێ دەستبردن بۆ تابۆکان لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە، ئەو جیاوازییەی هەیە، کە ئەمڕۆ دنیای ئێمە و بەشێکی زۆری وڵاتانی دەوروبەرمانی تێدا دەژیین. ڕۆشنگەریی و خەونی دەربازبوون لە چەقبەستوویی لەناو نوخبەی ڕۆشنبیرەوە سەر هەڵدەدات، ئەگەر قسە

لەسەر مێژووی ڕۆشنگەریی و گوتاری ڕەخنەی کوردیی بکەین، دەبێت لە سەردەمی جەنگی یەکەمی جیهانەوە قسەی لەبارەوە بکەین.

جارێ پێش وەخت دەبێت ئەوە بزانین گوتاری ڕۆشنگەریی و ڕەخنەیی، دەکرێت هەم لە گوتاری ئەدەبی و هەم گوتاری فیکری و فەلسەفیدا بەرجەستە بێت، ئەمە بە پێی قۆناغ و دەرکەوتە کۆمەڵایەتیی و سیاسییەکان، خەونی گەورەی هەموو میللەت و گەلێکە بۆ دەربازبوون لە دۆخی دۆگمایی. گوتاری کوردیی سەردەمی جەنگی یەکەمی جیهان، درێژکراوەی گوتاری ڕەخنەیی حاجی قادری کۆییە، بکەرەکانی ئەو قۆناغە سەرەتای خەونێکی گەورەی کوردیی بوو، سەرەتایەك بکەرەکانی هەڵقووڵاوی نێو تەکیە و مزگەوت و خانەقا بوو. مێژووی ئەو قۆناغە بە دۆخێکدا تێدەپەڕی کە سەردەمی دوای داگیرکاریی عوسمانییەکان و کاولکاریی ناوچەکەوە، لە دایك دەبێت، نەوەیەك لەنێو سادەیی ئایینەوە سەریان هەڵدا، لەو قۆناغەدا هێشتا خەڵك یەك دیوی دنیای دەبینی، ئەویش جوانی و گەیشتن بوو بە مەقامی مرۆڤبوون، لەنێو مرۆڤبوونیشدا خەونی پێشکەوتن، بکەرەکانی ئەم قۆناغە هەریەك لە ئەحمەد بەگی موختار جاف، فایق بێکەس، پیرەمێرد، جەمیل سائیب. گوتاری ئەم نوخبەیە، زیاتر گرنگی بە هێزی مژەدەبەخشی دەدا. یەکێك لەو نموونە جوانانە، خەونی ئەحمەد بەگی موختار جاف بوو بە هێنانی هێڵی شەمەندەفەر بۆ شاخەکانی هەورامان. ئەم خەونە تەنها ویستێك یا لە دێڕێکی کورتی شیعریدا کورت ناکرێتەوە، بەڵکوو دیدێکی ڕەخنەگرانە و گوتارێکی مەعریفییە بۆ دنیای کوردیی.

سەرنجی ئێمە لەسەر گرژی گوتاری ئەدەبی و ڕەخنە بە شێوەیەکە سەرچاوەکەی بۆ دۆخی سیاسیی و بە سیاسیکردنی سایکۆلۆجیای مرۆڤە لە هەر قۆناغێکدا، ئێمە بۆ لە سەرەتاوە قسەمان لە بکەرەکانی سەردەمی جەنگی یەکەمی جیهانی کرد، سەردەمی جەنگی زلهێزەکان، سەردەمی شکستی ڕۆشنگەریی خۆراوا بوو، سەردەمی کوشتنی مرۆڤ

لە ئاسمانەوە، خەونە گەورەکان لە خەونی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیادا خەونێکی ناکامڵ بوو. نایەکسانی بەرهەمی تەکنۆلۆژیا لە نێوان خزمەتگوزاریی تەکنۆلۆژی و کوشتنی مرۆڤ لە ڕێی تەکنۆلۆژیاوە؛ دەمێك بیرمەند و فەیلەسووفەکانی ئەڵمانیا و فەڕەنسا خەونی ڕۆشنگەریی دەخەنە ژێر پرسیاری قووڵەوە و ڕەخنەی توند لەنیو کانتیزم دەگرن. لەو قۆناغەدا، ئێمەی کورد، لە کونجێکی ئەم دنیا بچووکەی خۆماندا چاومان لە دیوە جوانەکەی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا بوو، خەونی ئێمە لە دەمێکدا تووشی شکست دەبێت، کە ئایدیۆلۆژیا وەك دێوەزمەیەك لە سایکۆلۆژیای مرۆڤی ناوچەکە لە دایك دەبێت، بەتایبەت سەردەمی ململانێی ناسیۆنالیزم و کۆمۆنیزم، بەتایبەت لە سەردەمی جەنگی دووهەمی جیهانی، لە دەمی دامەزراندنی حیزبی کوردیی، لەسەر دەستی ئیبراهیم ئەحمەد و ڕەفیق حیلمی.

گوتاری ئەم نەوەیە لە ڕۆژگاری سەرهەڵدانی گرژیی و ئاڵۆزیدا سەر هەڵدەدات، ئەم گوتارە بە جیاواز لە گوتار و ڕەوتی پێش خۆی دەر دەکەوێت، گوتارێك دەیان خەون لە زاکیرەی نەوەکان دەکوژێت، خەونێك لە هەوڵی ئەوەدایە نەتەوەیەك بخاتە سەر ڕێچکەکانی مژدە و چاوکراوەیی.

ئیدی لێرەوە کوشتنی ڕەخنە دەست پێ دەکات، هۆکارەکەش لە نەبوونی ڕەوتێکی ڕەخنەگرانە و سەرقاڵکردنی نوخبەی ڕۆشنبیر بە گوتاری حیزبی. بە پێچەوانەوە، لێرەوە بەدواوە ڕۆمان و چیرۆکی کوردی سەر هەڵدەدات، بەڵام کێشەی نەتەوە و ڕۆڵی کورد لە هاوکێشە سیاسییەکان و لە بەرانبەردا ئاڕاستەی نووسین و ئەدەبیاتی کوردی لەم قۆناغانەدا دەبێتە مایەی کوشتن و لەباربردنی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی و ڕەخنە بە شێوەیەکی گشتی، نووسین و ئەدەبیاتی کوردی لەم قۆناغانەدا بارگاوین بە سمبول و زمانی شۆڕشگێڕانە، کە ڕاستەوخۆ دەبێتە ئەدەبی بەرەنگاربوونەوە. بۆیە ڕەخنە لەم کاتەدا نەدەتوانێت قسەیەك

لەوبارەیەوە بکات و نەدەشتوانێت بێدەنگ بێت، چونکە بێدەنگی ڕەخنە لە ئاست دۆزی نەتەوە و ڕەخنەی ئەدەبی لەم قۆناغەدا گرفت بۆ ئەدەب و دنیای ڕۆشنبیریی و کەسێتی نەتەوەیی درووست دەکات.

بۆیە کە قسە لەسەر قەیرانی ڕەخنەی ئەدەبی دەکەین، دەبێت ئەوە بخەینە ڕوو کە نەبوونی ڕەخنە پەیوەندی بە ڕۆمان و چیرۆکەوە نییە، بە پیچەوانەوە پەیوەندی بە گرفتی دید و ڕوئیای ئەدەبی و سیاسی ئێمەوە هەیە، بۆیە قەت مومکین نییە ئەم کێشەیە بخەینە پاڵ ڕۆمان و چیرۆك، چونکە ڕاستییەکەی چیرۆك و ڕۆمانمان هەیە، بەڵام ڕەخنەمان نییە، کە ڕەخنەش نەبوو، ئەدەب بە تەواوی ژانرەکانیەوە تووشی کێشە و گرفتی چەقبەستویی دەبێت، بەڵام بیرمان نەچێت نووسین و ئەدەبیات لەم قۆناغەشدا خۆی تازەکردەوە، تازەکردنەوە نەك بەو مانایەی بە دید و ڕوئیای جیاوازەوە بیر دەکەنەوە یان دەنووسن، بەڵکوو بەو مانایەی ئەم قۆناغە، قۆناغی درووستبوونی حیزبی کوردی، گڕوتینی دا بە نووسەری کورد و حیزب بوو بە دەروازەیەك بۆ کۆکردنەوەی ڕۆشنبیرانی کورد، بەڵام لە دەوری حیزب نەك لە دەوری فیکر و بیر و بۆچوونی جیاواز. ئەوەی ئەدەب دابەش دەکاتە سەر دیدی جیاواز ئەویش هەر حیزبە و لەم قۆناغەدا ئەدەبیش دابەش دەکات بەسەر دوو ڕوئیای جیاوازەوە، وەلێ نوخبەی ڕۆشنبیر و بکەرەکانی ناو حیزب بوون بە ڕێگر لەبەر پێشکەوتنی گوتاری ڕۆشنبیریی و درووستکردنی نوخبەیەکی کە سەربەخۆ بتوانن، بە دیدێکی ڕەخنەگرانەوە لە دنیای کوردیی بڕوانن.

لێرە بەدواوە، سیاسەت و ئایدیۆلۆژیا هەم دۆخی ڕۆشنبیریی و هەم کۆمەڵایەتی تووشی پەرتەوازەیی و وابەستەیی بە پەتای ئایدیۆلۆژیا دەکەن، بەتایبەت لە سەردەمی ناسیۆنالیزم و کۆمۆنیزمدا. سەرەڕای ئەم دۆخە، وێنەیەکی دیکەی نەهامەتیش گرفتی داگیرکەرانی کورد و دابەشبوونی کورد و حیزبی کوردیی لە ناوچەکە، هەم ڕۆحی کوردیی و هەم ڕۆحی ڕۆشنگەریی لە ناوچەکە تێکدەشکێنن. میللەتێك لە

ناوچەیەکدا بەسەر چوار وڵاتی داگیرکەر دابەش کرابێت، مێژووەکەی بە ئاگر و ئاسن نووسرابێتەوە، تا نووکە بواری ئەوەشی نەبووە بە دیکۆمێنت مێژووی خۆی بنووسێتەوە. بەشێك شاعیرە دیارەکانی قۆناغی کلاسیك، وەکوو حاجی قادری کۆیی و نالی و مەولانا خالیدی نەقشبەندیی لەژێر سایەی دەسەڵاتی کوردی سەرهەڵبگرن، ئیدی لە سەردەمی جەنگی یەکەمی جیهانییەوە، خەونی بەرەو پێشەوەچوونی ڕەخنە و تازەبوونەوەی ئەدەبیاتی کوردیی لە گۆڕ دەنرێت.

لە حەفتاکان، لەناو بڵێسەی ئاگری شەڕ و داگیرکاریی، جارێکی دیکە نوخبەی کوردیی لە ڕێی گرووپی کفری و گرووپی ڕوانگەوە، هەوڵی زۆریاندا ئەدەبیاتی کوردیی لەو چەقبەستووییە دەرباز بکەن. هەوڵەکانیان بەدەر نەبوو لە دەقی تازەگەریی، وەلێ تا ئەو سەردەمەش ئەدەبیاتی کوردیی لە چوارچێوەی شیعر و چیرۆك و ڕۆماندا دەسووڕایەوە. ڕەخنە چەمکێك نییە تەنها بە دەوری ئەدەبدا بسوڕێتەوە، ڕەخنە پێویستییەکی ژیارییە، پەیوەندیی بە تەواوی کایەکانی ژیانی مرۆڤەوە هەیە، ڕەخنەگریش بەو کەسە دەگوترێت، کە بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە لە دنیا و دەوروبەر بڕوانێت، تا هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو.

ڕەخنە لە هەگبەی فەرهەنگی کوردیدا نائامادەبوو، نائامەدییەکەشی پەیوەندی بە دۆخی سیاسی و ڕۆشنبیرییەوە هەبوو، ئەوەی ئێستاش دەگوزەرێت، یاخود باشترە بڵێین ئەوەی ئێستاش پەیوەندی بە ناسەقامگیریی دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەوە هەیە، مرۆڤی کورد تووشی نامۆیی ڕۆحی بووە، شتێك نەماوە ناوی خۆشەویستی و ئینتیما بۆ نیشتمان هەبێت، وەك چۆن زمانی کوردیان لەت لەت کرد، خەونی کوردیشیان لەت لەت کرد، دەمێك مرۆڤ خەونی لەبار بچێت، دەکەوێتە ژێر هەژموونی ڕابردووەوە، هیچ جوانییەك نەماوە مرۆڤی کورد ببیەوێت خۆی پێوە هەڵبواسێت، هەر یەك لە ئێمە

لە کونجێکی ئەم دنیایەدا لە ناشوێن دەژین، شوێن بۆ کورد نەماوەتەوە تاکوو دەوروبەری خۆی پاك بکاتەوە، شوێنەکان بۆ ئێمە بوون بە تاریکستانێکی بێ ئامان، لە سەدەی بیستویەکدا، لە ئاسمانەوە بڕیارمان لەسەر دەدرێت، نەخوێنەوارەکان لە شوێنێکی بەرزەوە ئامۆژگاریمان دەکەن، ئێمە لە شار و گەڕەکەکانی خۆشمان بێ زمان و بێ سەر و بێ فیکرین.

**دیار لەتیف**: وەرگێڕان هونەرە لە هەمانکاتیشدا زانستە. هونەرە بەو خەسڵەتەی کە چێژ و خۆشەویستی و سەلیقە و ئارەزوو ڕۆڵی تێدا دەگێڕن، زانستیشە بەو هۆکارەی کە بریتی دەبێت لە کۆمەڵێک ڕێسا و مەرج و زانین. هەر بۆ خۆی بواری وەرگێڕان، خاوەن ڕێزمانی خۆیەتی. لێرەوە ڕوون دەبێتەوە وەرگێڕان کایەیەکی کەم بەها نییە، هەر گواستنەوەی جیهانێکی شارستانی بۆ ناو جیهانێکی شارستانیتر نییە، نەخشەڕێ و ئامانج و تەنانەت بەرژەوەندیش لە خاڵە گرنگەکانییەتی. پەیام بە نرخترین بەشی وەرگێڕان دەگرێتەوە، پەیام لە چییەتی وەرگێڕان و پاشان چۆنییەتی وەرگێڕانەکەش. گرنگە پەیام هەبێت لە پشت پاچەڤە لە زمانی بێگانەوە بۆ زمانی نیشتمانی. وەرگێڕان ئاوێتاندنی کولتوورەکانە و درووستکردنی بەرزە کولتوورێکە بە ناوی کولتووری مرۆڤانە. سنوورەکانی ڕق و دوورەپەرێزی و نائاشنایی نێوان نەتەوەکان کاڵتر و بەرەو سڕینەوەی دەبات.

پرسیارەکەم بەوە دەست پێ دەکەم، ئایا ناوەندی وەرگێڕان لە کوردستان بۆچی نەیتوانیوە دەزگایی بێت، دەزگایی بە واتای ئەکادیمی و نەخشەڕێ و ئامانج و سەربەخۆیی؟ ئایا مێژووی سەرهەڵدانی وەرگێڕان لەناو کورددا بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟

لە نائامادەیی دەزگاییدا دۆخێکی شەپڕێو درووست بووە، بازرگانی ناوەندە بازرگانییەکانی ئەدەبیات هەلی بە بازاڕکردنی بەرهەمە

نامتمانەپێکراوەکانی خۆیان قۆستەوە و مەرگەساتیان خوڵقاندووە. مەبەستەکەم ئەوەیە وەرگێڕان بە یاسایی بکرێت، چیتر وەرگێڕ وەک سەرگەردانێک نەبێتە نێچر و نەکەوێتە داوی بازرگانی کەرتی تایبەتی ناوەندەکانی بازاڕگەرییەوە. بە باوەڕتان کەی و چۆن ئەم دۆخە بەرەو باشترێک هەنگاو دەنێت؟ وەک چۆن گوتاری ڕەخنەییمان پێویستیی بە سەپاندنە، ئاوهاش گوتاری وەرگێڕان بە دەزگایی و چەسپاندنی دەوێت. ئەوەی ئاگاداربم ماوەیەکی لە مێژ نییە دەستت داوەتە وەرگێڕان و وەرگێڕانی بەرهەمی ئەدەبیی. ئەمەش لە پاڵ ڕەخنەسازی و شیعرنووسینەوە. سەرنجەکەم لەسەر ئەوەیە، ئاخۆ بۆچی بەتایبەت خەریکی پەخشان، یان ئەدەبی گێڕانەوە؛ ڕۆمانن؟ لەگەڵ ئەوەشدا بەدیاریکراوی ئەدەبیاتی عێراقی؟ پێوەرەکانی وەرگێڕاندنت چیین؟

ئێوە کە خاوەن کتێبێکی شیعرین و تا ئێستا بەردەوامیشن، چی تێڕوانینێکی تایبەتیت بۆ شیعری زیندوو هەیە؟

دەکرێت هۆکاری کەمنووسیی شیعریتمان بۆ ڕوون بکەیتەوە؟ ئەوە ڕوونە شیعر وەک مەنی لە منداڵداندا چۆن قۆناغی خۆی تێدەپەڕێنێت و دەبێتە کۆرپەلە، ئاوهاش لە ڕۆحی شاعیردا پێویستی بە نەشونما و پێگەیین و گەورەبوونە و تا دواجار لە دایک دەبێت. ئەوەش کاتی دەوێت، بابەتەکە پێویستی بە کات تەرخانکردنە. ئایا شاعیرانی ئێمە ئەم ڕێژەیان لە شیعر نواندووە و لێدەگەڕێن شیعر خۆی لە ناوەوەیاندا بێتە بەرهەم، نەک ئەوان شیعر بەرهەم بهێنن، لێرەدا دەمەوێت بڵێم ڕۆڵی مامان بگێڕن. ئەوەش پاڵپشتیکردن نییە لە بابەتی سرووشی شیعریی، لە هەمانکاتدا باوەڕمەندم بە پیشەسازیی شیعری، بەڵام لە کۆتاییدا هەر دەبێت شیعر خۆی لە دەرگای وەرشە بدات، نەک وەرشە هەستێت بە چێکردنی شیعر! لەبارەی زۆرنووسیی شیعریی و زۆر چاپاندنەوە چی لێدوانێک دەدەیت؟

**دانا عەسکەر**: بۆ پرسیاری دووەمت باس لە دۆخ و ئەرکی وەرگێڕان و شیعر دەکەی، بۆیە دەبێت وەڵامەکەم بە دوو بەش بنووسمەوە. سەرەتا دەبێت ئەوە بزانین وەرگێڕان ئەرکێکی قورسە، وەك ئەوە نییە کە هەندێك خەڵك پێیان وایە کارێکی ئاسانە، بەتایبەت وەرگێڕانی بابەتی ئەدەبی، بە جیاواز لە ژانراکانی تری نووسین، وەرگێڕانی ئەدەبی پەیوەستە بە وەرگێڕانی هەست و گواستنەوەی سەلیقەی نووسەری دەقی یەکەم. خاڵێکی دیکە، باشترین وەرگێڕان دەکرێت لە زمانی یەکەمەوە بێت، چون ئەگەری ناجۆری دەبێت ئەگەر لە زمانی دووەم و سێیەمەوە بێت، وەرگێڕانی باش ئەو وەرگێڕانەیە کە بەر لە بەچاپگەیاندنی هەردوو دەقەکە پێداچوونەوەی بۆ بکرێت، وەرگێڕی باش ئەوە نییە تەنها زمانزان بێت، دەبێت باگگراوند و سەلیقەیەکی باشی لە بواری ئەدەبیاتی هەردوو زمانەکە هەبێت. هەر میللەتێك تینووی ڕۆشنبیریی بێت، پێویستی بە وەرگێڕانی ئەدەبیاتی وڵاتە پێشکەوتووەکانە، ئەوانەی بە هەموو قۆناغەکانی ئەدەبیاتدا تێپەڕیون، بەتایبەت بوارەکانی فیکر، فەلسەفە، ئەدەب.

خاڵێکی زۆر گرنگتر کە میللەتان ناچار دەکات بابەتەکان بۆ زمانی خۆیان وەربگێڕن، هەژاریی زمانە، زمان ناسنامەی میللەتە، وەلێ زمانی هەندێك میللەت بە جیهانی بوون، ئەمە خاڵی وەرچەرخانی دنیای ڕۆشنبیرییە. گۆتەی فەیلەسووف و شاعیر، لە سەرەتادا کە شیعری نووسی، بۆ ماوەیەك تووشی نیگەرانی و غەمباریی بوو، کە لێیان پرسی، لە وەڵامدا گوتی من بە زمانی ئەڵمانی دەنووسم، وەلێ زمانی ئەڵمانی هەژارترین زمانە. ئێستا زمانی ئەڵمانی یەکێکە لە زمانە زیندووەکانی دنیا. گەشەکردنی زمان پەیوەندیی قووڵی بە ڕۆشنبیریی و پیشەسازییەوە هەیە، هەر میللەتێك لە بوارەکانی پیشەسازی و ڕۆشنبیریی توانای بەرهەمهێنانی فیکر و مەعریفە و گەشەی تەکنۆلۆژیای هەبوو، میللەتانی دی ناچار دەکات پەنای بۆ ببەن. کەواتە وەرگێڕان وێڕای

ئەوەی ئەرکێکی قورسە، ئەرکێکی ئەخلاقیشە، ئێمە دەبێت زیاتر گرنگی بە وەرگێڕان بدەین، بە بڕوای من باشترین کاری وەرگێڕان، وەرگێڕانی بابەتی ئەدەبی و فیکرییە، بۆ ئەوەی سوود لە عەقڵانییەتی خۆراوا وەربگرین، پێویستە بەردەوام بابەتەکانیان بۆ سەر زمانەکەمان وەربگێڕین.

ڕاستە وەرگێڕان لای ئێمە هێشتا لەسەر پێی خۆی نەوەستاوە، ڕاستە جۆرە فەوازەیەك لە کاری وەرگێڕان هەیە، ئەمە پەیوەندی قووڵی بە دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە هەیە، لە ڕووی سیاسییەوە دەسەڵات لای ئێمە ئەوەی بە لایەوە گرنگ نەبێت، بوارەکانی ئەدەب و فیکر و مەعریفەیە، لە غیابی ڕەخنە و نەبوونی ئەکادیمیا، نەبوونی پسپۆری بوارەکانی زمان و ڕەخنە لە دەزگا ناوخۆییەکان، وەرگێڕان وەك جۆرێك لە پێشبڕکێی نێوان دەزگاکانی لێهاتووە، کامیان زۆرترین کتێب چاپ دەکات و بازاڕ بۆ خۆی خۆش دەکات. ئەم حاڵەتە دوو دیوی هەیە، ئەرێنی و نەرێنی، ئەرێنییەکەی ئەوەیە گرنگی بە بواری وەرگێڕان دەدرێت، نەرێنییەکەی ئەوەیە پێداچوونەوە بە بابەتەکان ناکرێت. بۆیە پێویستە هەر کتێبێکی وەرگێڕان تەنها دەقە وەرگێردراوەکە نەدرێتە چاپخانە، بەڵکوو لەگەڵ دەقە وەرگێڕدراوەکەدا، ئەو کتێبەشیان بچێتە بەر دەست کە لێیەوە وەرگێڕدراوە، بۆ ئەوەی ئەمانەتی وەرگێڕان بپارێزرێت و خوێنەری کورد تووشی چەواشەکاری و زانیاری هەڵە نەبێت.

بۆیە دێمە سەر وەڵامی ئەو پرسیارە جەوهەرییەت کە دەڵێی **بۆچی بەتایبەت ڕۆمانی نووسەرانی عێراقی وەردەگێڕی؟** من لە وەڵامی سەرەوەدا باسم لە ئەمانەتی وەرگێڕان کردووە، دەمێك نەتوانم لە زمانی ئینگلیزی و ئەڵمانی و فارسییەوە وەربگێڕم، هەم خۆم و هەم خوێنەریش تووشی ئەو وەهمە ناکەم و ناچم لە زمانی دووەمیشەوە کاری وەرگێڕان بکەم. وەرگێڕان لە زمانی دووەمەوە، بە بڕوای من کارێکی سەرکەوتوو

نییە، من نازانم وەرگێڕی یەکەم بە ئەمانەتەوە وەریگێڕاوە یاخود نا، بۆیە زمانی عەرەبی بۆ من شیاوترین کارە بۆ وەرگێڕان، بۆچی بەتایبەت ڕۆمانی عێراقییەکان، ئەوەیان ڕێککەوتە، ڕەنگە لە داهاتوودا ڕۆمان یان چیرۆکی سووری یان میسری یان لوبنانیش بێت.

دیوی دووەمی پرسیارەکەت لەبارەی شیعرەوە، کێشەی زۆر گەورەی ئێمە لە نووسینی شیعر، بە داخەوە زۆرینەمان شیعرمان لەبری مومارەسەی ژیانی لە دەست چوو وێنا دەکەین. دانیشتوانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەتایبەتتر ئەو میللەتە موحافیزکارانەی بۆ خۆیان ناژین، ئەوانەی وەهمێك لە ناخیاندا دەژی، نە لە قۆناغی منداڵی و نە لە قۆناغی هەرزەکاریی خۆیاندا دەژیین، دەمێك دەست بۆ نووسین دەبەن، لە ڕێی شیعرەوە باس لە نەهامەتی و ئەو گوناهانە دەکەن ڕێگری لە ژیانیان کردووە، ئەمە سەرەتایەکە بۆ ئەوانەی دەکەونە داوی ئەم جۆرە نووسینەوە.

بۆچی من شیعر کەم دەنووسم! ڕەنگە هەموومان بە هۆی سەرقاڵیی کار و ژیانی ڕۆژانەوە لە قۆناغێکدا لە شیعر یان چیرۆك یان ڕۆمان دوور بکەوینەوە، ئەو دوورکەوتنەوەیە، وێڕای سەرقاڵی دیوە ئیجابیەکەی ئەوەیە نووسین بەرهەمی خوێندنەوەیە، ئێمە تا بابەتی تازە بخوێنینەوە دەتوانین دەقی باشتر بنووسین. من لەگەڵ ئەوەدا نیم شیعر خۆی بێتە بەرهەم. بە پێچەوانەوە، دەبێت ئێمە شیعر بەرهەم بهێنین، ئەمە بەو مانایەی شیعر ئیلهام نییە، سەرچاوەی شیعر مەعریفە و گەشەکردنی بواری ڕۆشنبیرییە، ئەو تێگەیشتنە باوەی کە پێیان وابوو شیعر خۆی دێت، تێگەیشتنێکی زۆر کلاسیکییە بۆ ماهییەتی شیعر، ئەو جۆرە تێگەیشتنە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە مرۆڤ تووشی شکستیی ڕۆحی بێت پەنا بۆ نووسینی شیعر دەبات، ئەوە تێگەیشتنێکی زۆر کۆمیدییە بۆ شیعر، سەرچاوەی شیعر مەعریفەیە، کاری وەرگێڕانیش بۆ ڕزگارکردنی ئێمەیە لەو جۆرە تێگەیشتانە بۆ شیعر و چیرۆك و ڕۆمان.

ناکرێت لە سەدەی بیستویەك بەو ئاواییە لە شیعر بڕوانین، کاتێك پەنا بۆ ئەدەبیاتی ئەوانی دی دەبەین، ئەوە بە هۆکاری ئەو مەترسییەیە کە ئەدەبیاتی ئێمە هێشتا پێوەی دەناڵێنێ، ئێمە شاعیرمان کەمە، بەڵام زۆرمان هەن بە ناوی شیعرەوە دەخرێتە بەر دەستمان، لە کۆتایدا ئەو دەقانە دەمێننەوە کە ئاگاداریی ڕەوتی ئەدەبیاتی دنیان. دەمێك فیکر و فەلسەفە دەکەونە هەناوی شیعرەوە، ئەوە گۆڕانکارییە لە قۆناغی پێش خۆ. شیعری باش ئەو شیعرەیە لە قۆناغی پێش خۆی نەچێت، هەموو دەزانین ئەدەب بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە، بەڵام کە دێنە سەر نووسین، دەبینین هێشتا کەسانێك هەن کۆپی نەوەی پێش خۆیانن، ئەم ڕوانینە بۆ شیعر خۆ دووبارەکردنەوەیە، ئێمە کۆمەڵێك شاعیری باشمان هەیە کە جێی ئومێدی دوا ڕۆژی شیعری کوردین، شاعیرمان هەیە بە تەمەن پیرە، وەلێ نووسینەکانی لە خۆی گەنجترن، واتا ئاگاداریی ڕەوتی تازەی ئەدەبیاتی دنیایە. بە پێچەوانەوە، شاعیرمان هەیە گەنجە، وەلێ نووسینەکانی پیرن.

## دیدار لەگەڵ فەرهاد مستەفا

**فەرهاد مستەفا: چیرۆکنووسانی دوای ٢٠١٠، هەر درێژە پێدەری پێش خۆیانن و تایبەتمەندییەکی دیاریکراویان نییە کە بڵێین بۆتە واجیهەیان.**

**پێشاندان: یەک لە چیرۆکنووسەکانی باشووری کوردستانە، دانیشتووی سلێمانییە و هاوکات هەنووک خەریک بە جیهانی ڕۆماننووسینە، کە (سپیکردنەوەی خوێن) ڕۆمانی نۆبەرەیەتی.**

**دیار لەتیف:** بۆ ناساندنی چیرۆک باشترە بەوە دەست پێ بکەم، پێشەوای جیهانناسی مرۆڤ و کۆمەڵگە و ژیانە. بیرمەندان بە ئاوەز و چیرۆکنووسان بە کەرەستەی ئەندێشە دەست دەدەنە نەخشاندنی کەتوار و بەرجەستەبوونەوەی. چیرۆک چووەتە ناو فەلسەفە و بەرەو ئایین چووە و سەروەتی ئایینە. بێ لە چیرۆک و شیعرییەت، ئایین دەکەوێتە بەر مەترسی داننەنانی کاریگەرییەوە. ئایین بە پاڵپشتی چیرۆک پاڵنەری کاریگەردانانە لەسەر تاک و کۆ. کەواتە چیرۆک ستوونی پشتی ئایینە و ئایین بێ ئەو ستوونە کەمئەندام دەبێت. لە کاتێکدا ڕۆمان شوناسێکی سەرمایەداریانەی هەیە، هاوتای سینەمایە و دوانەیەکی لێک دانەبڕاون. ئەوەی چیرۆک بە نمرەی یەک و لە هەمانکاتدا شیعر بۆ مرۆڤ و بە مرۆڤی دەبەخشن، ڕۆمان پێی ناکرێت. چیرۆک و شیعر بابەتی باسکردن و گوتنەوەن، دەقاودەق یان بە کەمێک پێش و پاشەوە، بەڵام ڕۆمان توانای ئەوەی نییە.

سەرەتاکانی چیرۆکی هونەریی کوردی لە هەرێمی باشووری کوردستان، بۆ بیستەکانی سەدەی بیست، بە دیاریکراوی ساڵانی (١٩٢٥_١٩٢٦،) لەسەر دەستی جەمیل سائیب چرۆی کرد. سائیب لە ڕۆژنامەی ژیانەوە بە شێوەی ئەڵقە ژمارەیی چیرۆکی لە خەومای نووسیوە و بڵاو کردووەتەوە. جگە لەوەی یەکەم چیرۆکی هونەرییە، هەمان وەخت یەکەم چیرۆکی کراوەی هونەرییە و بەمجۆرە دەتوانین بێژین چیرۆکی کوردی بە تەکنیکی کراوە هاتە نووسین.

لەبارەی چۆنییەتی کراوەیی بوونییەوە شایەن بە لەسەر گوتنە و مەبەستی منیش نییە لێرەدا بەرباسی بدەم. ئەوەی گرنگە بیزانین ئەوەیە چیرۆکی لە خەوما ڕێبازی کەتوارگەریی ڕەخنەگرانەیە و چیرۆکێکی کراوەی هونەرییە و کۆتاییەکەی نووسراوە ماویەتی، ڕاستییەکەی ئەو وشە لەوێدا نە گرنگە و نە بەهاشی هەیە. ڕێبازی چیرۆکەکە لە سەدەی هەژدە و نۆزدە لە ئەورووپا و ڕووسیا نەشونمای کردووە و نموونەی

ڕۆماننووسانی وەک (بەلزاک، ستانداڵ، ولییەم گۆدووینی، تۆڵستۆی، دیکنز). مۆرکی ئەم ڕێبازە لە ویژەی کوردی، لە جەمیل سائیبەوە دەست پێ دەکات و پەنجاکان کە ڕژێمی پادشایەتی دەکەوێت، گۆڕانکارییەک لە خەتی بابەتدا ڕوودەدات و سەر هەڵدەدات، هەرچەندە هێزی ئەم ڕێچکە تاوەکوو ئێستا بە شێوازی گۆڕێنراو درێژەی هەیە.

پاش لە خەوما، چیرۆکنووسانی دیکەی وەک (ئەحمەد موختار، حسێن عارف، پیرەمێرد، شاکر فەتاح، عەلائەدین سەجادی، حوسێن حوزنی، ئیحسان مستەفا، فایەق زێوەر، محەرەم محەمەد ئەمین، محەمەد مەولوود مەم، مستەفا ساڵح کەریم، کاکە مەم بۆتانی، کاوس قەفتان، جەماڵ بابان، جەمال نەبەز، کامەران موکری) بەردەوامیان بە ڕەوتی ڕەگەزی چیرۆکی کوردی دا. هەرچەندە حوسێن عارف وردتر لە کتێبی چیرۆکی هونەریی کوردی ئاماژەی بەم ناوانە داوە و ئەوەی کە زۆر جێی سەرنجە، لێکۆڵینەوەکەی تاوەکوو شەستەکانی چیرۆکی کوردی کردووە، کە زۆر پێویست بوو دەیەی شەست و هەفتاکانیشی لە خۆ گرتبا، ئەو دوو دەیەی چیرۆکی کوردی بۆ توێژینەوەکە پیتاک دەبوو بە هۆکاری ئەوەی چیرۆکنووسێکی وەک سەدرەدین عارف کە ڕێک لە شەستوحەوتەوە پاش حوسێن عارف نەخشەی چیرۆکی کوردی لە کەشوهەوای لادێوە بۆ شارستانێتی سەپاند و نەکەوتە ژێر هەژموونی ئایدۆلۆژیای زاڵی قۆناغەکەوە. ڕۆژنامە و گۆڤار ڕۆڵی ڕۆشنکەرەوەی بەرچاویان لەسەرخستنی چیرۆکی کوردیدا گێڕاوە، ئەگەر ڕۆژنامە و گۆڤار نەبان، زۆرینەی چیرۆکی کوردی نەدەهاتنە بەرهەم. چاپەمەنی گەشەی بە چیرۆکی کوردی دا، لە ئەگەری نائامادەیی ڕۆژنامە و گۆڤاردا جێی گومان نییە، چیرۆکی کوردی درەنگترێک لە وادەی خۆی سەری هەڵدەدا. ستەمێک بەرانبەر ویژەمان کرابێت لەچاپنەدانەوەی سەرجەم ئەو چیرۆکانەیە لە ڕۆژنامەگەری کۆنی کوردیدا هەن.

چاپدانەوەی لە چەند بەرگێکدا لەژێر ڕەچاوی ڕێنووس و خاڵبەندی و ڕستەسازی ڕێزمانی کوردی، دەبێتە هۆکاری پتەوکردن و ڕێکخستنەوەی پەرشیی لە ئارابووی چیرۆکەکان، ڕیزکردنی بە پێی بەرواری ساڵی بڵاوکردنەوەی چیرۆکەکە و لە فەوتان ڕزگارکردنی سامانێک لە وێژەی کوردی. خاڵێکی زەق لە بەشێکی زۆری چیرۆکی پێشینمان ئاشکرایی و ڕاستەوخۆییە؛ بەر گوتاردان و پەند و ئامۆژگاری دەکەوین، ئەوەش خەساری کوشندەیە، ئایا لادان لە ڕێڕەوی هونەریی لە پێناو گەیاندنی پەیامدا بووە؟ پەیام قووربانیپێدەری ڕەگەزە هونەرییەکە بووە، ئایا خێرایی لە گەیاندنی پەیامدا وێژە دەخاتە دۆخی پابەندبوونەوە؟ بە شێوەیەکی گشتی کەمینەیەک چیرۆکنووسمان هەن، نەکەوتوونەتە ژێر هەژموونی مێگەلنووسییەوە. تەماشای مێژووی چیرۆکی پێشینمان بکەین، دەبینین شاعیران ڕۆڵی بونیادنەریان لە دامەزراندن و جێگرکردنی ڕەگەزی چیرۆک لە وێژەی کوردیدا هەبووە، نموونەی وەک: ئەحمەد موختار، پیرەمێرد، فایەق زێوەر، ئێبراهیم ئەحمەد و هتد... ئایا هۆکاری ئەمە بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟

بۆ بابەتی تەنز لە چیرۆکی کوردی، دەکرێت سەرەتای چیرۆکە خەندەیییەکان بۆ چیرۆکنووسانی وەک: سەلامی شاعیر، عەلائەدین سەججادی، حوسێن حوزنی، بگەڕێندرێتەوە. تەنز وەک حاڵەت لە چیرۆکی هەریەک لەم چیرۆکنووسانە دەرکەوتەی هەبووە. بە ڕێژەیەکی کەمیش بێت بەشدارییان لەم ڕەگەزەدا هەبووە. چیرۆکنووسانی پاش ڕاپەڕین توانیویانە تەنز لە چیرۆکدا بڕەنگێنێت. ئایا چیرۆکی کوردی مافی بە نەخشاندنی ڕەگەزی تەنز داوە؟ گرنگی تەنز بۆ چیرۆک چییە؟ قۆناغی تازە شێوەی نوێی گوزارشتی لەگەڵ خۆی هێنا، لە کۆتاییەکانی سەدەی بیست، جۆرێک لە وێژە سەری هەڵداوە بە ئەدەبی سەردیوار ناوزەد دەکرێت. ئەم تەرزە شێوە نوێیە پێرفۆرمانسە وێژەییە لە سەروەختی نائارامی و ناسەقامگیری مۆرکی خۆی دەسەپێنێت. چ لە شۆڕشەکان و چ

لەخۆپێشاندانەکان سوودی زۆر لەم تەرزە وێژەییە وەردەگیرێت. ئەم تەرزە وێژەییە کە وێژەی سەر دیوارە، چووەتە ناو مەجازەوە.

لە تۆڕی کۆمەڵایەتیدا شێوە دەربڕاوێک درووستبوو بە ناوی هاشتاگ، هاشتاگ ڕستەیەک یان کۆپلەیەکی چڕکراوی زمانەوانییە و خاوەن پەیامێکە. دەکرێت بە چرکانە چیرۆک بیناسێنین، چرکانە بە واتای چیرۆکی ڕستەیی و کورتیلە چیرۆک. پەیام زاڵترە لە هونەرکاری و لە هەمانکاتدا ڕووداو لەگەڵ گرێچن ئامادەیی نییە. پێکداچوونەوەی نێوان ڕەگەزەکان و ئاوێتەبوونیان و کشانەوە و لق لێ بوونەوەی، وا دەکات فۆرمی تازە بێتە سەرهەڵدان. ڕەهەندی مرۆڤدۆستی لە قۆناغی نوێی چیرۆکی کوردی و ڕەهەندی بەرگری لە قۆناغی کۆنی چیرۆکی کوردی ئامادەییان هەیە، چیرۆک پێش ڕەچاوکردنی ڕەهەندی مرۆڤدۆستی و بەرگری، پێویست دەکات هونەریی بێت. ئاخۆ شەقڵی چیرۆکی چیرۆکنووسانی پاش ڕاپەڕین و چیرۆکنووسانی دوای دووهەزار و دە، لە چیدایە؟ ئایا جیاوازییەکان زۆرترێکن، یان لێکچوونەکان؟

**فەرهاد مستەفا:** هەوڵ دەدەم لەگەڵ زانیارییەکانی ئێوە سەبارەت بە چیرۆك یان ئەدەبی گێڕانەوە، لەو شوێنەی پێویست بکات، وێستێك بکەم، یان زیادەیەك بخەمە پاڵ زانیارییەکانت. ئەوانەش بوونەتە پرسیار، وەڵامێکم بۆیان هەبێت. بۆ بەرچاوڕوونیش هەموو ئەوانەی ئێوە گوتووتانە، بخەمە نێوان دوو کەوانەوە.

سەبارەت بە گێڕانەوە یان چیرۆك لە لای ئێوە (**پێشەوای جیهانناسی مرۆڤ و کۆمەڵگە و ژیانە، بیرمەندان بە ئاوەز و چیرۆکنووسان بە کەرەستەی ئەندێشە دەست دەدەنە نەخشاندنی کەتوار و بەرجەستەبوونەوەی. چیرۆک چووەتە ناو فەلسەفە و بەرەو ئایین چووە و سەروەتی ئایینە.**) بەشێك لەوانەی سەروسەودایان لەگەڵ کنە و پشکنینی سەرهەڵدانی یەکەمین گێڕانەوە (چیرۆك) هەیە، گێڕانەوەکان

دەبەنەوە بۆ ئەو کاتەی مرۆڤەکان ئەشکەوتنشین بوون. پاساویشیان ئەوەیە مرۆڤەکە کە لە ڕاوکردنی ئەو ڕۆژەی دەگەڕێتەوە، دەست دەکات بە گێڕانەوەی چۆنێتی ڕاوکردنەکەی. ئەوانەی بە چواردەوری کەسی گێڕەرەوەن، بە ئاڵهاوە گوێی لێی ڕادەگرن.

هەر لەم سیاقەدا، ئەوە دەزانین کە گۆڕانکاری نێو چاخە سەرەتاییەکان زۆر بەسستی بە ڕێوە چووە، بەڵام مرۆڤەکان چۆن توانیان زمانی لاسایکردنەوەی دەنگی ئاژەڵەکانی دیکە و ئاماژە بگۆڕن بۆ وشە؟ بە چ شێوازێك فێری وشەسازی بوون؟ دەکرێت ئەم پرسیارانە درێژتر بکەینەوە. دەشێت لەگەڵ سازکردنی هەر وەڵامێك، چیرۆکێك یان زیاتر لە چیرۆکێکی گریمانەیی لە لامان بخولقێ. کەواتە بە هەڵەدا ناچین گەر بڵێین لە پشتی شتە نەزانراوەکانیش چیرۆك هەیە.

سیحری چیرۆکیش ئەوەیە، لەگەڵ بەرکەوتنی چێژی هەر چیرۆکێکدا، دنەی ئەوەمان دەدات بە دوای بەرکەوتنی چێژێکی دیکە بکەوین. مەعلومە هەموو چێژێکی نوێ، ئاڵوودە یان دنەدەرە بە دووبارەبوونەوەی چێژێکی دیکە. ڕەنگە هەر لەبەر ئەوە بێت کە چیرۆکەکان کۆتاییان نایەت. ئیدی وەك ئەوەی تۆ دەیڵێیت لە ئایین و فەلسەفە چیرۆك ئامادەیی هەیە. من ئەولاتریش دەڕۆم... چ شتێك لە دەرەوەی بازنەی چیرۆکە؟ وەك توێژەرەوەکان ئاماژەیان پێداوە، ئەفسانەکان هەزاران ساڵ بەر لە بڵاوبوونەوەی تێکستی ئایینە ئاسمانییەکان ئامادەییان هەبوو. زۆرێك لەو لێکۆڵەرەوانە ئەفسانە بە دایکی ئەدەبی گێڕانەوە لە قەڵەم دەدەن. هەرچۆنێك بێت ئەوەیان ڕوونە کە چیرۆکە دەبێتە داینەمۆی ئەفسانەکان.

ئەو کاتەی جەنگە خوێناوییەکان لە نێوان دەوڵەتەکانی پێش  مێژوو ڕووی دەدا، تاڵانی کردن بە تەنیا سامان و کەلوپەل و شتە بە نرخەکانی دەوڵەتی ژێرکەوتووی نەدەگرتەوە، دانیشتوانیان دەکردە کۆیلە و

خوداکانیان دەهێنانە خوارەوە و ئەفسانەکانیشییان تێکەڵ بە ئەفسانەکانی خۆیان دەکرد. تا ئەوەی مۆرکی سەرکەوتن بە ئەفسانەکانیشیان ببەخشن، ناوی خوداکانیشیان دەگۆڕی، بەڵام لەو بەستێنەدا گەلاڵەی چیرۆك وەك خۆی دەمایەوە. سۆمەرییەکان بە باوانی سەرهەڵدانی ئەفسانە چوێنراوە، لە کاتی کەوتنی سۆمەر و دەسەڵاتداربوونی بابل، ئەفسانەکانی سۆمەریش دەگوێزرێنەوە بۆ بابل. لە بابل (ئینکی) خودای سۆمەری وەلا دەنرێ و لە سەردەمی حامورابی، مەردۆخ دەبێتە خودای خوداکان. هەر لەو دەورانەدا بەشێك لە چیرۆکی ناو ئەم ئەفسانانە، دەچێتە ناو (تەورات)ـی (جوو)ەکانەوە و بۆ هەتاهەتایی دەمێنێتەوە.

لە گواستنەوەکانی دواتریشدا چیرۆکەکان دەمێننەوە و دەبنە خاڵی هاوبەشی ئەفسانەکان، دیارترین چیرۆکیش، لەو بەستێنەدا چیرۆکەکانی (تۆفان) و (درووستبوون)ـە، یان سیفری تەکوینی ناو تەورات و (خەلق)ـی ناو ئایینەکانی دیکەیە. کەواتە بە تێپەڕینی چاخ و سەردەمەکان، گەلێك داب و نەریت و سرووت لە بیر دەچنەوە. ئەمما چیرۆکەکان وەك خۆیان دەمێننەوە. ئەم سیحری مانەوەی چیرۆکە چییە؟! مەگەر لە خۆڕا ئایین پەنای بە گێڕانەوەی چیرۆك گرتووە؟ کاهین و پیاوانی ئایینی و مەوعیزەدەرێك بە گێڕانەوەی چیرۆکەکانیان دەستیان دەگرت بەسەر ئاوەزی وەرگرەکانیاندا. ئاخر ئەوی (وەرگر) لەوانەبوو زۆر زوو حاشیەی چواردەوری چیرۆکەکانی لە بیر بچێتەوە، بەڵام خودی چیرۆکەکە دەچووە ناو نەستییەوە و پاشتریش دەیتوانی بە نەشئەوە چیرۆکەکە بدات بە (وەرگر)ێکی دیکە. نهێنی ئەم وەرگرتن و بەخشینەی نێوان (وەرگر)ەکان چین؟ ئەی جیاوازی نێوان چیرۆکەکانی ناو( تەورات) و (قورئان)چین؟

جیاوازییە بەرچاوەکە، جیاوازییە لە (فۆڕم)ـدا نەك ناوەرۆك. ناوەرۆکی چیرۆکەکانیان هاوشێوەن. ڕوونە کەسایەتی ناو چیرۆکی دەقی

(قورئان) لەبەر گەیاندنی مەرامە ئایینییەکە وابەستەیە بە ڕووداوەوە. ئەم کەسایەتییانەش لە چینێکی دیاریکراو هەڵنەبژێردراون و جۆراوجۆرن. بە جۆرێك وەك ئەوەی لە زۆرینەی چینە کۆمەڵایەتییەکان بەشداری دەکەن. هەردوو ڕەگەزەکەش، بە جیاوازی تەمەنیانەوە لە چیرۆکەکاندا دەبینرێنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، لە چیرۆکەکانی تەوراتدا، زۆرترین زانیاری لەسەر کارەکتەرەکان دەبینین، لەو گێڕانەوانەدا بە وردەکارییەکانی کەسایەتییەکانیش ئاشنا دەبین. چۆنێتی فۆڕم و تەکنیکی گێڕانەوەی چیرۆکەکانی ناو قورئان و چیرۆکەکانی ناو تەورات جیاوازییەکەی درووست کردووە.

لە شێوازی گێڕانەوەی چیرۆکەکانی تەورات، شێوەی گێڕانەوەی کلاسیکی دەبینینەوە. بە واتە چیرۆکەکانی تەورات لەسەر یەك هێڵی ڕاست ڕێ دەکات، بەڵام لە چیرۆکەکانی ناو قورئان فۆڕمێکی پەرتبوونیان هەیە، بە مانایەکی کە چیرۆکەکان زنجیرەیی نین. لە هەر سوورەتێکدا جومگەیەك یان بەشێکی چیرۆکەکە دەبینین، ئیدی چیرۆکەکە ڕادەوەستێت، لە سوورەتێکی دیکەدا جارێکی کە بەشێکی ئەو چیرۆکە دەبینینەوە، بە واتە شێوازی جارێك وەستان و جارێکی تر بەرکەوتنەوەی تیا پەیڕەو کراوە. هەڵبەت تەکنیکی پەرتبوون و پارچەکردنی گێڕانەوە، لە بەرانبەر سەردی ڕاست، درەنگ هاتە ناو تەکنیکی گێڕانەوەی ڕۆمانەکانەوە.

ئاشکرایە هەموو بەرکەوتنێك کاریگەرییەك دێنێتە گۆڕێ، هەموو بە جێ هێڵانێکیش کاریگەرییەك درووست دەکات. ئەم بەرکەوتن و بە جێ هێڵانە ڕاستەوخۆ دەڕژێتە ناو نەستمانەوە. کەواتە پەرۆشییەك لە لای (وەرگر) درووست دەکات. بە واتە کرۆکی ئەم شێوازە لەسەر بنەمای بەردەوامی و بە دواکەوتن ڕۆنراوە. هەڵبەت سیحری هەموو دەقێکی مەزن، لەوێدا بە دەر دەکەوێت کە ناهێڵێت دەستبەرداری بیت. مەسەلەی شیعرییەت؟ بەڵێ. جا یەکەمین پەرچووبوونی قورئان لە لای

باوەڕداران ئەو شیعرییەتەیە. قورئان لە شوێنکاتێکدا بە دەر دەکەوێت کە شیعر زمانی خێڵ بوو. شاعیربوون سەروەت و سامانێکی مەعنەوی و جێگەی تەقدیر و شانازی بوو. بەشەکانی ئەو(دەق)ـە، لە گەرمەی ئەو بەستێنەدا بە دەر دەکەون.

چلۆن دایبماڵین؟ هەڵبەت! **(لە کاتێکدا ڕۆمان شوناسێکی سەرمایەداریانەی هەیە، هاوتای سینەمایە و دوانەیەکی لێک دانەبڕاون.)** بەڵکوو ڕۆمان لە باوەشی خانەدان و چینە ئەریستۆکراتەکە گەشەی کرد. ئەوان دنەیان دا. ئەوان مێملی ئەو چیرۆکە درێژانە بوون کە نەیاندەویست خێرا کۆتایی پێ بێت. ئەوە فەزڵی ئەوانە کە ڕۆمان توانی درێژە بە مانەوەی خۆی بدات. ئەگەر پاڵپشتی و هۆگری ئەوان نەبایە، چلۆن ڕۆمان ئەو قۆناغە دووردورودرێژەی دەبڕی؟ بەڵام بۆ ئەوەی هاوتای سینەما بێت و دوانەیەکی لێك دانەبڕاو بن؟ بە بڕوای زۆرێك.. سینەما هاوتای ڕۆمان نییە. ئیدی چەند لە یەك نزیکن و پەیوەندییان تا چ ئاستێکە؟ ئەمە مشتومڕێکی زۆری بەدوای خۆیدا هێناوە و چەندان ڕای جیاوازی لێ کەوتۆتەوە. بە جۆرێك ئێستاش ئەو بابەتە درێژەی هەیە، ساغ نەبووەتەوە کامیان دەستەودامێنی ئەوەی دیکەیان دەبێت.

ئالان ڕوب گریە کە بە نوێنەری ڕۆمانی نوێ ناوزەد ئەکرێ دەڵێت: بە لای منەوە سینەما و ڕۆمان، دوو دنیای جیاواز بە یەکترین. (بێرگمان)ـی مەزنە دەرهێنەریش گوتوویەتی: فیلم پەیوەندی بە ئەدەبەوە نییە و دوو سرووشتی جیاوازیان هەیە. لە بەرانبەر ئەمەشدا، بۆچوونێکی زۆر هەیە، هەردوولایان گەشەپێدەری یەکترین و پەیوەندییەکی پتەو لە نێوانیاندایە. بە لای (دۆڵۆز)ەوە گەر فیلم لەسەر بنەمای وێنەی جوڵاو ڕۆبنرێت، ڕۆمانیش لەسەر بنەمای وێنەی ئەندێشەیی چێ کراوە. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، وەك ڕەخنەگرانی ئەم کایەیە ئاماژەیان پێداوە کە سینەما دێتە ئاراوە، هیچ پەیوەندییەکی نەك بە ڕۆمانەوە، تەنانەت بە ئەدەبیشەوە نییە، بەتایبەت تا ساڵانێکیش،

سینەما نەیتوانی دەنگیش بخاتە پاڵ وێنە جووڵاوەکانی، بەمە ئەگەر ڕێبکەوتایە کاریان لەسەر تێکستێکی ئەدەبی بکردبایە، تەواوی دیالۆگەکان لەبار دەچوون.

سینەما چەندێک ڕۆڵی لە زیندووکردنەوەی چەندین ڕۆمانی فەرامۆشکراو بینی، کە پاش خستنەسەر شاشە، خوێنەرانێکی زۆر بۆ تێکستە نووسراوەکانی هاندا. لە هەمانکاتدا نەك ناتوانێت تێکستی ڕۆمان وەك ئەوەی هەیە بخرێتە سەر شاشە، تەنانەت دەرهێنەران بە بیانووی جۆراوجۆر وەك ئەوەی دەیانەوێت، کار لەگەڵ ڕۆمانەکاندا دەکەن. نموونە بەو نووسەرانەی قیرسیچمەییەکی زۆری نواند کە ڕێگەی نەدەدا، تێکستەکەی بخرێتە سەر شاشە، (پەتریك زویسکیند) بوو. خۆشبەختانە خەمخۆرانی ئەدەبی کوردی ئەو دەقەی فەرامۆش نەکردووە، تەنانەت لە لایەن سێ وەرگێڕەوە (ئەرخەوان+ کەریم پەڕەنگ+ عەبدولموئمین دەشتی) کراون بە کوردی.

(١٠) ساڵی ڕەبەق لە لایەن بەرهەمهێنەرەکانی سینەماوە، مامەڵەیان لەگەڵ دەکرد تا تێکستەکەی بکەن بە فیلم، ئەو ڕازی نەدەبوو. بە کورتی پاش وەرگرتنی دە ملیۆن یۆرۆ، ڕەزامەندی نیشاندا. بیانووەکەشی هەر ئەوەندە بوو دەیگوت: (ئەو ڕایەڵە ڕۆحییەی لەناو تێکستەکەمدا هەیە، ناتوانێت بخرێتە سەر شاشە.) گابریل گارسیا مارکیزیش یەکێك بوو لەو نووسەرانەی ڕازی نەدەبوو، تێکستەکانی بکرێت بە فیلم، هەرچەندە بۆ خۆی سیناریۆی فیلمی نووسیوە. سەرنجێکی بەناوبانگی لەسەر ئەم بابەتە هەیە: هەر چەندێ زۆربا بخوێنمەوە، دەموچاوی (ئەنتۆنی کوین) دێتە بەرچاوم. ئەو نەیدەویست کارەکتەری ڕۆمانەکانی یەك شەقڵ و یەك ڕووخسار هەڵبگرن، بەڵام ئەو سانسۆرەی مارکیز درێژەی نەخایاند.

**(ئەوەی چیرۆک بە نمرەی یەک و لە هەمانکاتدا شیعر بۆ مرۆڤ و بە مرۆڤی دەبەخشن، ڕۆمان پێی ناکرێت. چیرۆک و شیعر بابەتی باسکردن و گوتنەوەن، دەقاودەق یان بە کەمێک پێش و پاشەوە، بەڵام ڕۆمان توانای ئەوەی نییە.)** بە دەربڕینێکی سادە، شیعر و چیرۆك لە ڕۆماندا جێگەیان دەبێتەوە و دەکرێت بۆ چەند جارێکیش ئەمە لە تێکستێکی ڕۆماندا دووبارە و چەند بارە ببێتەوە. بە مانایەکی دیکە، پانتاییەکی ئەو فەزایە داگیر بکات، بەڵام بە پێچەوانەوە، لە قەسیدە یان چیرۆکێکدا جێگەی ڕۆمان نابێتەوە. خۆ ئەگەر مەبەستتان گێڕانەوەی دەق بێت (کورتکردنەوە بۆ ناوەرۆك) کە مەحاڵ نییە، بەڵکوو ئەوە ستەمێکە کە لە تێکستی ڕۆمان دەکرێت، بەڵام گەر ئەوەش نەکرێت وەك ئێوە پێتان وایە، بەڵام ئەستەمە فیگۆر یان شاکەسی ڕۆمانمان لە بیر بچێتەوە.

تۆ دەتوانیت دۆن کیشۆت بخوێنییەوە و کەسایەتی دۆن کیشۆت یان (سانشۆ)ت لە بیر بچێتەوە؟ دەکرێت (زۆربا) بخوێنینەوە و کەسایەتی زۆربا فەرامۆش بکەین؟ ئەستەمە ئەوەی (مەسخ)ـی کافکا بخوێنێتەوە، (گریگۆری سامسا) نەچێتە ناو نەستییەوە. پاشتر کورتەی هەر کارێکی ئەدەبی زمانەکەیەتی، زمانێك لە دەرەوەی بازنەی زمانی ئاسایی. نەخوازەڵا زمانی چیرۆکی هونەری کە بنچینەی سەرکەوتوویی هەر تێکستێکە. چجای ئەو چیرۆکانەی دەکەونە کایەی پۆست مۆدێرنەوەوە کە بەر لە هەموو شتێك بە گەمەیەکی زمانەوانیی ناسراوە. بەو سۆنگەیە ئەستەمە بتوانرێت بگێڕدرێتەوە. جیا لەوەی مەرکەزییەتی ئەو چەشنە تێکستانە زیاتر لە فۆڕمدا بەرجەستە دەبن. لەوەش زێدەتر بایەخ و گەشیی چیرۆکی نوێ ئەو دەنگ و مەدلوولەیە کە دەکەونە پشتی ڕستە و وێناکانەوە. هونەری ئەو هێندەیە لە قاڵبێکدا شەتەك نادرێت. دەکرێت هەریەکەمان دیوێکی ببینین و گومانەکانیشمان لەیەك نەچن و تەفسیرەکانیشمان جیاواز بن. ئیدی چۆن دەکرێت بگێڕدرێتەوە!

خۆ ئەگەر مەبەست بەتەنها گەیاندنی کرۆك و ناوەرۆك بێت، ئەوسا ئەم زمان و فۆڕمەی تێکست دەکەونە کوێوە؟ ئەگینا بەو پێوەرە تەماشای بکەین، ئەگەر ئەو ڕووداوەی ئەمڕۆ هاوڕێیەکم بۆم دەگێڕێتەوە، خاڵی نییە لە ڕەگەزەکانی چیرۆك. وەك هەموو چیرۆکێك بێبەش نییە لە کارەکتەر و لە شوێنکات و گرێچن و ئەوجا ڕووداوە سەرەکییەکە، خۆ لە میانەی گێڕانەوەکانی هەست بە جیاوازی تۆنی دەنگ و گۆڕینی جووڵەی ڕووخسار و پەنجەکانیشی دەکەم. ئەگەر ئەم دیمەنە لە هاوڕێکەمەوە بگوێزمەوە بۆ لای شۆفێری تەکسییەك، یان پۆلیسێکی ناو مەرکەزێکی نەهێشتنی تاوان، یا دادوەرێك، مەعلوم ئەوانە چیرۆکگەلێکی زیندووتریان لایە.

**(بە دیاریکراوی ساڵانی ١٩٢٥_١٩٢٦، لەسەر دەستی جەمیل سائیب چرۆی کرد، خاڵێکی زەق لە بەشێکی زۆری چیرۆکی پێشینمان ئاشکرایی و ڕاستەوخۆییە؛ بەر وتاردان و پەند و ئامۆژگاری دەکەوین، ئەوەش خەساری کوشندەیە، ئایا لادان لە ڕێڕەوی هونەریی لە پێناو گەیاندنی پەیامدا بووە؟)**

بەر لەوەی بچینە ناو (لە خەوما)، با کەمێك لە لای (جەمیل سائیب)ـی نووسەری ئەو تێکستە ڕابوەستین. ئەو لە ساڵی (١٩٢٠)ـەوە بە نووسین بەشداری لە ڕۆژنامەی (پێشکەوتن)ـی (مێجەر سۆن) دەکات. لە ساڵی (١٩٢٤) دەبێتە سەرنووسەری ڕۆژنامەی (پێشکەوتن)، لە ساڵی (١٩٢٥) یەکەمین پاژی چیرۆکەکەی بڵاو دەکاتەوە.

مێجەر سۆنی خاوەنی ڕۆژنامەکە هەر لە سەرەتای ڕۆژنامەی پێشکەوتنەوە، هانی نووسەرەکانی ئەو سەردەمە دەدات کە بە زمانی کوردی پەتی دوور لە وشەی بێگانە بنووسن (لێرەشدا ئینگلیزێك لەباتی کورد بیر دەکاتەوە) بۆ سەرخستنی ئەو پڕۆژەیە، پاداشتێکی بیست ڕۆپیەیی تەرخان دەکات بۆ ئەو نووسەرانەی بە کوردی پەتی دەنووسن.

جەمیل سائیب وەك خۆی سەرنووسەری ڕۆژنامەکەیە، زیاتر لە نووسەرانی دیکە پابەندی ئەو ڕێسایەیە، دەبینین زمانی (لە خەوما) زمانێکی گەلێك خاوێنی کوردییانەی هەیە بە بەراورد بە شێوازی نووسینی ئەو سەروەختە. دواتر، ئەو خوشکەزای پیرەمێردی نەمرە. پیرەمێردی وەرگێڕی (کەمانچە ژەن). کەواتە هەموو ئەوانە زەمینەیەکی لەبار بوو، بۆ ڕەخساندنی ئەو هونەرە لەسەر دەستی ئەو. بەتایبەت بابەتێك بێت لە ڕۆژنامەکەیدا توانای خۆ درێژکردنەوەی هەبێت، کە ئەمە هەرگیز نە بە وتار و نە بە شیعر دەڕۆستی نەدەهات.

لەم بابەتەدا، پرسیارێك سەر هەڵدەدات، بۆچی چیرۆکی هونەری لە لای ئێمە درەنگ سەر هەڵدەدات؟ هۆکاری ئەم دواکەوتنە چییە؟ ئاخۆ لە نەبوونی ڕۆژنامە و بڵاوکراوەی کوردی، ئەو ژانرە هێندە بە دواکەوت؟

لە کاتێکدا، یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی لە کوردستانی باشوور (تێگەیشتنی ڕاستی) لە (١٩١٨) بڵاو دەبێتەوە، تا دەرکەوتنی گۆڤاری (گەلاوێژ) ٢١ساڵی خایاندووە. مەگەر لە ژمارەکانی گۆڤاری گەلاوێژ ژمارەیەك چیرۆکی وەرگێڕراو نابینینەوە؟ بەڵام چیرۆکێك تەیار بێت بە بونیادەکانی، زۆر درەنگ لە لای ئێمە سەر هەڵدەدات.

کەواتە لێرە مەسەلە لادان نییە کە نووسەری ئەو دەورانە بە خاتری پەیام، ڕەگەزە هونەرییەکانی فەرامۆش کردبێت. گرفتی ئەو لادانە، ئاشنانەبوونە بە بونیاد و ڕەگەزەکانی چیرۆك. مامەڵەی ئەوان لەگەڵ کاری چیرۆك، هاوشێوەی سەروسەوداکردن بووە لەگەڵ وتارێك. یاخود ئەو بابەتەیان بە هەند وەرنەگرتووە! ئەمەش تایبەت نییە بە دەورانێکی دیاریکراو، بەڵکوو زۆر درەنگ دەگەینە ئەو سەروەختەی کە بڵێین چیرۆکی هونەری کوردی هاتە ئارا. ئەوەی دڵخۆشکەرە! ئێمە هەمیشە کۆمەڵێك پاساو و بیانوومان لایە، کە بتوانین پەردەپۆشی کەمتەرخەمی و خەمساردییەکەمان بۆ بکات!

**(پەیام قوربانی پێدەری ڕەگەزە هونەرییەکە بووە، ئایا خێرایی لە گەیاندنی پەیامدا ویژە دەخاتە دۆخی پابەندبوونەوە؟)** هەموو دەقێك هەڵگری پەیامێکە. تەنانەت ئەو دەقانەی بە تەنیا لەسەر فۆڕمێکی پەتی ئیش دەکەن وەك ئەوەی (دادایی)ـەکان دەیان کرد، لە پاتکردنەوەی چەند جارەی پیتێکی هاوشێوە، خاڵی نین لە پەیام.

مەسەلەی پابەندبوونیش لە ئەدەبدا بەگشتی ئەو پرسانەی لەگەڵ خۆیدا هێنایە گۆڕێ، ئاخۆ ئەدەب وەسیلەیەك بوو کە نووسەر پەنای پێگرت تا لە واقیع ڕابکات، یاخود ئەدەب بوو بەو هۆکارەی جڵەوی واقیعی پێبگرێت؟ مشتومڕ و گفتوگۆیەکی زۆری درووست کرد. هەڵبەت ڕەخنە و گوتاری کوردیش لە هەمبەر ئەو دژبوونە، بێبەش نەبوو.

زۆرێك بڕوایان بەوە هەبوو کە دەبوو هەموو بەرهەمێکی ئەدەبی ناوەرۆکێکی هەبێت کە مرۆڤ تیایدا وەك هێزێکی کاریگەر و گۆڕانکاری ڕێڕەوی مێژوو بە دەر بخات. بەمە دەبوو تێکستەکان ئاوێنەیەك بێت بۆ نیشاندانی بەرژەوەندی گشتیی کۆمەڵ و نەدەبوو بەرەو (خود) شۆڕ ببنەوە. بەمە ئەرکی ئەدیب دیاری کرا. لە لای بەرەی بەرانبەریش ئەو چەشنە ئەدەبە لە قاڵب دراوە، جگە لە بانگەشەیەکی ئایدۆلۆژی بێ ڕۆح، چیتر نییە. ئەم ڕوانینە بەڵایەك بوو بە ناوی پابەندبوون و ڕاپەڕاندنی ئەرکە نەتەوەیی و کۆمەڵایەتییەکە، چەندین ئەدیبی نەفەس کورت، کەموکوڕی ڕەگەزە هونەرییەکانی تێکستی خۆی پێ بشارێتەوە.

هیچ ئایدۆلۆژیا و باوەڕ و ئەرکێك ڕێ لەوە ناگرێت، ڕەگەزە هونەرییەکانی پانتایی کارەکەی فەرامۆش بکات. ئەوە خەمساردی نووسەرە، دەقەکەی دەکات بە ئاسن نەك بە چەکوش.

ئەوە باجی ئەوەیە، کە ئەو تێکستانە هێندەی باڵادەستی ئەو دەوران و ڕۆژگارە توانای بەردەوامی هەیە و لەگەڵ ئاڵوگۆڕەکانی پاش بارودۆخە

سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، بە فەرامۆشی دەسپێردرێن و توانای کێبڕکێی زەمەنی پێناکرێت.

**(تەماشای مێژووی چیرۆکی پێشینمان بکەین دەبینین شاعیران ڕۆڵی بونیادنەریان لە دامەزراندن و جێگرکردنی ڕەگەزی چیرۆک لە وێژەی کوردیدا هەبووە، نموونەی وەک: ئەحمەد موختار، پیرەمێرد، فایەق زێوەر، ئێبراهیم ئەحمەد و هتد... ئایا هۆکاری ئەمە بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟)**

یەکێك لە هۆکارە بنچینەییەکانی مانەوەی مرۆڤ لە ژیاندا ئەزموونە. گەر ئەزموون نەبوایە، شتێك لەسەر ئەم زەمینە نەدەبوو، پێی بگوترایە مرۆڤ. ئەنسرۆپۆلۆجییەکان لە کنە و پشکنینەکانیانەوە، گەیشتوونەتە ئەوەی تەواوی پێشکەوتن و گەشەکردنەکان وابەستەیە بە ئەزموونی مرۆڤایەتی. بنەمای ئەزموونیش هۆشیاری و کارە.

ئەو کاتەی یەکەمین بەردی بەرەنگاربوونەوەی گرتە ئەو دڕندەیەی دەیویست لەناوی بەرێت و دڕندەکە بەو بەردە پاشەکشێ دەکات و دەگەڕێتەوە، مرۆڤ یەکەمین دەرگای ئەزموون دەکاتەوە. ئەو دەرگایە دەیخاتە بەردەم دەرگای ئەو فەزایەی لەجیاتی ئەوەی ببێتە نێچیر، دەبێتە نێچیرەوان. بە واتە لەباتی ئەوەی ڕاوی بکەن، بۆ خۆی دەبێتە ڕاوکەر. ئەوەش دەیخاتە بەردەم دەرگای ئەزموونێکی دیکە. تا... دەستبەسەرگرتن بەسەرئاگردا؛ تا...ماڵی کردن؛ تا... داچاندن؛ تا... بە کۆیلەکردنی ئەوانی دیکە؛ کەواتە ئەزموون دەبێتە بنەچەی گۆڕان و بنەمای هەموو داهێنانەکان.

ئەو هەوڵەی ئەحمەد موختار بەگی جاف (مەسەلەی ویژدان) هەر لەو جغزەدا دەبینمەوە: **(گەڕان بە دوای ئەزموونێکی نوێ.)** بەتایبەت بۆ خۆیشی کەسێکی بە ئاگا و شاعیر بووە، زمانی فارسی و ئینگلیزی

زانیووە، یان کەمەکێ زمانی (فەڕەنسی)ـیش. هەموو ئەمانە هۆکاری ڕەخساندنی ئەو زەمینەیە بووە، کە ڕوو بکاتە ئەو ژانرە.

دەشێت هەوڵەکانی ئیبراهیم ئەحمەد بە جۆرێکی دیکە پۆڵین بکرێت. گەرچی سیاسەت توانا ئەدەبییەکەی زەوت کرد. ڕەنگ بوو (وەك گریمانە) زیاتر پێشکەش بکات. بەوەی خاوەن ئیمتیاز و نووسەری باشترین گۆڤاری کوردی ئەو قۆناغە بووە. ئەمەش مەودایەکی درێژی خایاندووە و (دە) ساڵ بەردەوام بووە.

هەر لە یەکەمین ژمارەی گۆڤاری گەلاوێژەوە کە لە ساڵی (١٩٣٩) بڵاو دەبێتەوە، بەشێك تەرخان کراوە بۆ چیرۆك، ناوی (چیرۆکی ئەم مانگە)ی لێ نراوە و لە هەموو ژمارەیەکی گۆڤارەکەدا چیرۆکێك بڵاو دەکرێتەوە. لەگەڵ (عەلائەدین سەججادی) ژمارەیەکی بەرچاو لە چیرۆکی بێگانەی وەرگێڕراو لە گەلاوێژدا بڵاو بکەنەوە. کەواتە دەکرێت بڵێین ئەوان هاندەرێکی چالاکبوون بۆ پشتگیری ئەو تەرزە ئەدەبییە. ئەوان فەزایەکیان خوڵقاند کە تیایدا بگوترێت:

ئەدەب بەتەنها بریتی نییە لە شیعر. (**بۆ بابەتی تەنز لە چیرۆکی کوردی، دەکرێت سەرەتای چیرۆکە خەندەیییەکان بۆ چیرۆکنووسانی وەک: سەلامی شاعیر، عەلادین سەججاد، حوسێن حوزنی، بگەڕێندرێتەوە. تەنز وەک حاڵەت لە چیرۆکی هەریەک لەم چیرۆکنووسانە دەرکەوتەی هەبووە. بە ڕێژەیەکی کەمیش بێت بەشدارییان لەم ڕەگەزەدا هەبووە. ئایا چیرۆکی کوردی مافی بە نەخشاندنی ڕەگەزی تەنز داوە؟ گرنگی تەنز بۆ چیرۆک چییە؟**)

تەنز یان ساتیر لە زۆرینەی فۆرمی ژانرە ئەدەبییەکان ئامادەیی هەیە. ساتیریش مێژوویەکی دێرینی هەیە و بە بڕوای لێکۆڵەرەوان ئەو فۆرمە لە سەردەمی دەقە شانۆییەکانی (یوربیدس)ـەوە بوونی هەیە. ئەمە گوازراوەتەوە بۆ ناو هونەرەکانی دیکە و لە هونەری کاریکاتێر

زەقتر بەرجەستە دەبێت، بەرایی هونەری کاریکاتێر لەناو پەڕەی (بردیە)ی میسرییەکان دۆزراونەتەوە.

دواتر دەچێتە ناو تێکستی ڕۆمانەکانەوە. ئەگەر(گوێدرێژی ئاڵتوونی) بە یەکەمین ڕۆمان لە قەڵەم بدرێت، وەك توێژەرەوەکان ئاماژەی پێدەکەن، کەوابێت لە یەکەمین تێکستی ڕۆمانەوە تەنز بوونی هەبووە. وەك دەزانین لە (دۆن کیشۆت)ـدا دەگاتە لووتکە. جیا لە ژانری شیعر کە لەوێدا بەرەو (هجاء) داشۆرین شۆڕ دەبێتەوە. دیارە لە ئەدەبی زارەکی یان فۆلکلۆریش پانتاییەکی بەرچاو داگیر دەکات.

هەڵبەت کورتەچیرۆکی هونەری، ژانرێکی نوێیە بەتایبەت گەر لەگەڵ (ڕۆمان) بەراوردی بکەین؛ بەڵام ئەم درەنگکەوتنەی کورتە چیرۆك ڕێگە لەوە ناگرێت کە تەنز ببێتە پێخوستی. پاش ماوەیەکی کەم، لە ڕسکاندنی ئەم ژانرە، لە چیرۆکگەلێکی ئەو سەروەختە، هێڵی تەنز دەکشێتە ناو پانتایی چیرۆکەکان. بۆ خۆت دەزانیت چەندین ناوی درەوشاوە پەنا بەم شەقڵە هونەرییە دەگرن، کە ئێستاشی لەگەڵ بێت درێژەی هەیە. چیرۆکنووسانی کوردیش وەك ئێوە ئاماژەتان بە ناوەکانیان کردووە، لەم بابەتە بە دوور نەبوون، بە هەڵەدا ناچین گەر بڵێین لە لای (حەسەنی قزڵجی) و لە چیرۆکەکانی (پێکەنینی گەدا) لەو قۆناغەدا، ئەم فۆڕمە کاراتر و بەرچاوتر دەبینینەوە.

جارێکی دیکە کە لە سەرەتای حەفتاکانەوە گوڕوتین و تەوژمێکی بەرچاوی چیرۆکی هونەری دەبینینەوە، لە گەلێك لەو تێکستانە وەك هێڵێکی برووسکەیی لە پانتایی ئەو چیرۆکانە بە دەر دەکەونەوە، نەك کۆی پانتایی دەقەکەی پێکهێنابێت، جگە لە چەند تێکستێکی کەمی (ڕەفیق فایەق) نەبێت، کە کۆی کارەکەی لەسەر زەمینەی تەنز داڕێژرابوو. پاشتر تەنز لە ئەدەبی کوردیدا، وەك فۆڕمێکی سەربەخۆ دێتە ئارا، بە ئێستاشەوە درێژەی هەیە و گەلێك جار وەك پۆلێنکردن بە تەنز

و تەنزنووس ئاماژە  بە دەق و ناویان دەکرێت. کۆی ئەو کارانەش لە چەندین دەق و دەقی کراوە و ژانری شیعر و کورتە چیرۆك و چیرۆکی کورت دەبینینەوە، لەپاڵ ئەوەی وەك هێڵێکی ئاشکراو ڕوونیش لە چەندین تێکستی ڕۆماندا بەرچاوان دەکەون.

بەڵام (**ئایا چیرۆکی کوردی مافی بە نەخشاندنی ڕەگەزی تەنز داوە؟ گرنگی تەنز بۆ چیرۆک چییە؟ ئەگەر نەخشاندن بێت؟ مەگەر چ شتێك بەربەست بوون درووست دەکات؟**) بەڵام با ئەوەمان لە بیر نەچێت، ئەو تەرزە ئەدەبییە، قورسترین و سەخترین جۆری فۆڕمی ئەدەبی نووسراوە و خاوەن خەسڵەت و پێناسەی تایبەت بە خۆیەتی و ناکرێت لەگەڵ گاڵتەوگەپ تێکەڵ بکرێت. هۆراس چەند جوان پێناسەی ساتیر دەکات:”(لەودیوی قاقای هەر پێکەنینێك، قوڵپی گریانێك خۆی مات داوە.) گۆڕینی ئەم نەهجە بۆ سەر زمانی وشە و داڕشتنەوەی لە فۆڕمێکی هونەری کامڵدا، ئاسان نییە. هەر لەبەر ئەوەیە، ئەوانەی بە بەرپرسیارێتی و شارەزاییەوە لەگەڵ ئەم تەرزە ئەدەبییە کار دەکەن، ژمارەیان هێندە کەمە. ئەدەبی تەنز بە هۆی حوکمدانە پلار ئامێزەکانی، هۆکارێکی بەرچاو بووە بۆ دەرخستنی هەقیقەتە تاڵەکان، بەڵام ئەمانە لە واژە و بەرگێکی گاڵتەجاڕیدا چێ کراوە.

دەتوانین گرنگترین بایەخی ئەم فۆڕمە لەوەدا چڕ بکەینەوە کە زمانێکی ڕەوان و سادەی بێ گرێ و گۆڵی هەیە و بەرکەوتنی خێرایە. بە مانایەکی دیکە، ئەوەی لە بەستێنی ڕەخنەی سیاسی و کۆمەڵایەتی بە ڕووبەرێکی بەرفراوان دەخرێتە ڕوو، ئەو لە چەند فلاش و گرتەیەکدا جێگەیان دەکاتەوە و بەرکەوتنی لەگەڵ (وەرگر)دا گەلێك خێرایە بە بەراورد بە فۆڕمەکانی نێو کایەکانی دیکە.

**(لە تۆڕی کۆمەڵایەتیدا، شێوە دەربڕاوێک درووست بوو بە ناوی هاشتاگ، هاشتاگ ڕستەیەک یان کۆپلەیەکی چڕکراوی زمانەوانییە و**

**خاوەن پەیامێکە. دەکرێت بە چرکانە چیرۆک بیناسێنین، چرکانە بە واتای چیرۆکی ڕستەیی و کورتیلە چیرۆک)**

هەرچەندە هەموو قۆناغێك بەرهەمگەلێکی فیکری و هونەری و ئەدەبی خۆی پێشکەش دەکات، بەڵام مەرج نییە هەموو دەرکەوتەیەك بتوانێت بەردەوامی بە خۆی بدات و جێگەی تایبەت بە خۆی بکاتەوە. هەڵبەت جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان بابەتی هاشتاگ و ئەوەی تۆ دەیڵێیت چرکانە چیرۆك و چیرۆکی ڕستەیی و کورتیلە چیرۆك. دەکرێت هاشتاگ بە تێڕامانێکی کاتی لە قەڵەم بدەین، وەك چۆن بە هۆی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا و تۆڕی کۆمەڵایەتی بە دەر دەکەوێت، ماکی ئەو هێندەیە لەگەڵ دەرکەوتنی ڕووداوێك درووست دەبێت و بە دەرکەوتنی ڕووداوێکی نوێ و کاریگەرتر ون دەبێت یان دەشارێتەوە و نامێنێت. بەڵام چیرۆکی ڕستەیی، مێژوویەکی دووری هەیە، شایەت بەو چیرۆکە ڕستەیەی هێمینگوای کە لەساڵی (١٩٢٥) نووسیویەتی: جووتێك پێڵاوی منداڵانەی لە پێنەکراو بۆ فرۆشتن.

پاشتر بۆ بابەتی کورتیلە چیرۆك، ئەگەر ئاماژە بە چیرۆکەکانی (ئیزۆپ)ـیش نەدرێت، سەروەختی یۆنانییەکان، بەڵام کەسانێکی وەك کافکا، چەندین دەقی ناوازە پێشکەش دەکەن، ئیدی لە لای ناتالی ساروت_ ١٩٣٨، کە (لەتیف هەڵمەت ئەو تێکستانەی بە ناوی هەڵچوونەکان وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی) وەك ژانرێکی سەربەخۆ، دەخرێتە بەرچاوان.

**(ئاخۆ شەقڵی چیرۆکی چیرۆکنووسانی پاش ڕاپەڕین و چیرۆکنووسانی دوای دووهەزار و دە، لە چیدایە؟ ئایا جیاوازییەکان زۆرترێکن، یان لێکچوونەکان؟)**

وەك خۆم بڕوام بەو جیاکارییە نییە کە دەستنیشانی ساڵ بکرێتە پێوەر. بەڵگە بۆ ئەمە چیرۆکنووسانێکی وەك (ڕەئووف بێگەرد و

حەمەفەریق حەسەن) هەر لە حەفتاکانەوە چیرۆك دەنووسن و تا ئێستاش بەردەوامن، ئاخۆ ئەو زاتانە هەر بە چیرۆکنووسی حەفتاکان چاویان لێ بکەین؟! ئەمە بۆ شاعیرەکانیش درووستە، لەتیف هەڵمەت وەك نموونە، لە گۆڤاری (ڕزگاری_ ١٩٦٩) یەکەمین دەقی بڵاو دەکاتەوە و ئێستاش پڕ بەخششە. یان شێرکۆ بێکەس لە ساڵی ١٩٦٨ (تریفەی هەڵبەست) بڵاو دەکاتەوە، بەڵام بە کۆچکردنەکەی، تێکستی (یادەوەری پاسکیلێکی کەرکووکی) بە تەواونەکراوی بە جێ دەهێڵێت. دەکرێت شێرکۆ بێکەس و لەتیف هەڵمەت بە شاعیری شەستەکان دیاری بکەین؟!

ئەو چیرۆکنووسانەی لەدوای ڕاپەڕینیش بوونەتە ناوێکی دیار، خۆ ئەمانیش بەردەوامییان هەیە. مەرجە ئەدەبەکەیان هەر بە کاتی دەرکەوتنی نووسینەکانیان لە قەڵەم بدەین و پۆڵینییان بکەین بەسەر چەند ساڵێکی دیاری کراوەوە؟! بەڵام وەك تایبەتمەندییەك بۆ دەقەکانی چیرۆکنووسانی دوای ڕاپەڕین، دەکرێت بڵێین بە شێوەیەکی گشتی کارکردنیان بوو لەنێو زمان، کاری ئەوان بارگاوی نەبوو، بە ناوەرۆکێکی نەتەوەیی و خود بووە مەرکەزییەت و لە تێکستەکانیاندا پرسیاریان زیاتر بوو لەوەی وەڵامدانەوەیان هەبێت. دەستبەرداری ئەو کارەکتەر و خۆماڵیبوونە بوون، کە بە بەستنی جامانەوە تەمسیلی کوردبوونەکەیان بکەن. تێکستگەلێکی باشی فەنتازی و نووسینەوەی خەونیان هێنایە نێو ئەدەبی کوردییەوە. بەڵام ئەو چیرۆکنووسانەی لەدوای (دووهەزار و دە)وە، چیرۆکەکانیان بڵاو کردۆتەوە، دەکرێت بڵێین هەر درێژە پێدەری چیرۆکنووسانی پێش خۆیانن و تایبەتمەندییەکی دیاریکراویان نییە کە بڵێین بۆتە واجیهەی ئەمان. واتە جیاکارییەك نابینین کە بڵێین تەجاوزی پێش ئەوانەی خۆیانیان کردووە. بە داخەوە دەرکەوتن و بەخششی تێکستی ئەوان کەوتنە ژێر زەبری لێشاوی بڵاوبوونەوەی کتێبگەلێکی زۆر و بەرفراوانبوونی تۆڕی کۆمەڵایەتییەکان. یان لەم چەند ساڵەی دوایی بەشێکی زۆری گۆڤارە ئەدەبییەکانیش ڕاوەستان.

جیا لەوەی کە ڕەخنەی کوردی ئەوەندە چالاك نییە، کە بتوانێت لەسەر ئەم تێکستانە ڕابوەستێت ناچارن هەوڵەکانیان زیاتر لەوەدا چڕ بکرێتەوە کە بەشداری فێستیڤاڵ و کێبڕکێی وەرگرتنی خەڵات بکەن، بەڵام هێشتا لە تێکستگەلێکی باش خاڵی نییە، کە دەتوانێت ڕامان بگرێت و سەرسامی خۆشمان نەشارینەوە.

## دیدار لەگەڵ ئارام فەتحی

**ئارام فەتحی: شیعری ئێستاکەی ڕۆژهەڵات پتر لە هەر سەردەمێکی تر، گرێدراوی بە ڕووداوەکان و کۆمەڵگاوە پچڕاوە.**

**پێشاندان: ئارام فەتحی، دانیشتووی مەریوان_ ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، خاوەن دەنگ و ڕەنگێکی جودای شیعرییە و کردەییانە شاعیرە.**

**دیار لەتیف:** لە کتێبی (من ئەزانم بیرم چووەتەوە شاعیر بم)، هەڵبەت ناونیشانێکی سەرنجبەرە و لاساییکەرەوە نییە، بایەخدانی هونەرییانە بەو ڕەگەزە دراوە. دەکرێت بپرسین ئاخۆ هۆکاری چییە شاعیرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان گەرمتر و بە گوڕترانە گرنگی بە ڕەگەزی ناونیشان دەدەن و مۆرکێکی تا ڕادەیەک تایبەت و ناسراویشیان هەیە؟ شیعر لەم کتێبەدا لەسەر ڕێڕەوێکی درامییانە دەڕواتە پێش.

برسێتی وەک تەوەرێکی بایەخدار سەیر کراوە، مەرگ و ئازادی و بێدەنگییش پەنجەرەی گێڕانەوەیان لەسەر ئاوەڵا کراوەتەوە. زمانێک برینداره و تووڕە خۆی دەهۆنێتەوە، بانگی مرۆڤانە دەدات و دەخوازێت زامەکان بۆ ساتێک لە ساتەکان ساڕێژ بن. ئەم چامەی کە بۆ خۆی کتێبەکەیە، ڕەخنەی دەسەڵاتی داگیرکەر و دەسەڵاتی سەپاوی سەرمایەداری و لە نەوەیەکیش کە نیشتمانیان هەڕاج و زەلیل کرد دەگرێت.

لە دەفتەرە شیعری (من غوربەتم)، چەند دەنگێک، دەنگێک لە دەنگێکی ترەوە گۆڕاو بە پێی دۆخی دەروونی ئامادەن، (من) گۆڕانکاری بەسەردا دێت، هەندێک جار شێواو، یان تووڕە، یان بیرکەرەوە و پرسیارەوەشێن، ساتێک لە بۆتەی شیعردا دێتە گۆ و ساتێک بۆتەکە بۆ پەخشان دەگۆڕدرێت. ئایا ئەم دۆخگۆڕکێیە چەندێک لە بەرژەوەندی بەرەوپێشچوونی شاعیردایە و خزمەت دەکات؟ غوربەت لێرە هەر بە واتای تاراوگە نەهاتووە، لە کاتێکدا لە زێدیش، بەڵکوو فرەواتایانەیە و دەشێت واتای نامۆبوون بگەیەنێت و ئەوەش ڕوونتر لەناو دێڕەکاندا هۆنراوەتەوە. لە ئەزموونی ئێوەدا لەناو ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و کتومت ئەوەی پێی دەگوترێت بەرە، لەو بەرەدا بەراورد بەوانیتر زۆرترین ڕووبەری واتاخوازی لە ئەزموونی شیعریتدا ڕەنگ دەداتەوە و

دەبینرێت. لە هەمانکاتدا پشتت لە ڕەگەزەکان نەکردووە و وەک وێنە و زمان و ناونیشان و شێوازگەری. ئایا ئەم هاوسەنگخوازییە لە چییەوە دێت و گرنگییەکەی؟

ژیان زۆر شاعیرانە دەڕۆیشت، ئێمە هاتین و لە سوپادا داماندەزراند! گەر بێت و ژیان شاعیرانە بێت، پێویستمان بە سوپا نامێنێت، دەسەڵاتە تاکڕەوەکان نەدەبوون، شۆڕش تەنانەت لەناو فەرهەنگیشدا جێگەی دەسڕایەوە. وێرانەیی جەنگمان نەدەدیت، بەڵام مرۆڤ ئاوەزی هەڵبژارد، ئایا عەقڵ هەمیشە لە بەرەی شەڕدایە، سەرەڕای هێنانە ئارای گۆڕانکاری و پێشکەوتنەکان؟! گەر بگەڕێمەوە سەر ئەو پرسەی شیعر بە ناوی شیعری ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە، ئایا بە کام وێستگە گەیشتووە؟

ئایا لە سوارە و هاوار و چاوە، بۆ مەلەکشا و هەژار و هێمن، چی گۆڕانێکی خۆماڵیانە و بنچینەیی لە شیعری ڕۆژهەڵات هاتە ئارا؟ بۆچوونێک لە باشوور هەیە، باوەڕی وایە پاژێک یان ڕووبەرێک لە شیعری نەوەی نوێی ئێستای ڕۆژهەڵات، لە شەپقەی شیعری فارسی، بەتایبەت ڕەزا بەراهانییەوە هاتبێتە دەر، مەبەست لە کاریگەرییە؛ ئەم ڕوانینە تا چەند درووستە؟ ئایا باوەشکردنە تەکنیک و زمان، لە هەمان وەخت پەراوێزخستنی ناوەرۆک، چی زیانێکی بە شیعری ڕۆژهەڵات گەیاندووە؟ لە لای باشوورییەکان بە جۆرێک پێچەوانەیە، زۆرتر پەنا بۆ ناوەرۆک دەبرێت، بەڵام بیرمان نەچێت تەکنیک ئامادەیی هەیە، هەڵبەت بە شێوەیەکی کەمتر و کاڵتر وەک ئەوەی لە لای ڕۆژهەڵاتییەکان دەبینرێت. هاوڕێ لەگەڵیدا نموونەی شاعیری تەکنیکار و فۆڕمخواز هەن و یەک لەوانە ئەنوەر مەسیفی، خاوەن کارنامەی فۆڕمی گران لە شیعردایە، ئایا مەسیفی چی سەربارێکی خستووەتە سەر ڕەوتی شیعریی ڕۆژهەڵات؟ ئایا شیعری ئێستای ڕۆژهەڵات لە ئارێشەدایە؟

**دیار لەتیف**

ئایا شیعری ئێستای باشوور گرفتەکانی چین؟ ئایا ئەم تەرزە توانیویەتی بچێتە ناو دڵی بەردەنگەوە؟ ئایا تەکنیک و گەمە زمانییەکان هەموو شتێکی شیعری تازەن؟! ئاخۆ ئێستا سەردەمی ونکردنی پەیامە لە شیعردا؟ ئایا ڕەخنە مافی خوێندنەوەی بە ڕەوتی شیعری کوردیی ڕۆژهەڵات داوە؟

شاعیرەکان ئەو ڕاوچیەن هەموویان ئاواتیان ئەوەیە سەلەمونێک ڕاو بکەن، سەلەموونی شیعر. هەر ئەو دڵنیانەبوونەیە شاعیر دەخاتە گڕ و بە دوای هەردەم باشترینەکان عەوداڵ دەبێت. ئایا شتێک هەیە بە نێوی تەواوکۆی شیعرییەوە؟ شیعرێک وەک نەمر و شاکار و وەک گەیشتنە دواخاڵ؟ تێڕوانینی شاعیر بۆ دەقی خۆی وەک پیرۆز و شادەق، دەبێتە لەمپەر لە بەردەم گەشەسەندن و پێشچوونی؟ شیعر ئەو ئاژەڵە کێوییەیە هەم ترسناکە هەم سانا نییە ڕامکردنی. باوەڕێکی ناجێگیرە و کارکردنێکی سرکە لە ساتەوەختێکدا و دواتر پیشەسازکردنەوەی لە ساتی دواتردا. شوختە بە دۆخی سەپاودا و ئازارێکی بوونیانەیە و هەروا ئاسان نابێت بیخەینە ناو پۆڵێنێکی دەستنیشانکراوەوە، بەڵام هەموو شیعرێکی باش لانیکەم بەو ڕاڕەوە بوونگەراییەدا تێدەپەڕێت، پاشان دەکرێت هەر خودی دەقەکە لە ئازارێکی خودەوە بازی بۆ ناو بابەت دابێت؟ شیعر هاوچوون بە ڕۆمان و دنیای گێڕانەوە، هەم خود کار لەسەر بابەت دەکات و لە هەمانکاتدا چەپەوانەکەشی. هیچ شیعرێک نییە لە خوددا چەقی بێت و نەڕواتە دەر بەرەو بابەت. کەواتە هەر ئەوەی کە دەگوترێت و ڕایەکی ناو ڕایەکانە گوایە شیعر هۆنینەوەیەکی خودییە، هەم بابەت دەرهاوێشتەی خودە و هەم خود لەناو بابەتدا دەجمێت. چۆن ئەو پوختە سەرنجە هەڵدەسەنگێنن؟

شاعیران پاسەوانی زمانن، زمان یانی شوناس، دەکرێت بڵێین بەرگریکار؟ ئاخۆ داهێنانی شیعری هەر تەنیا لە شێوازدا دەکرێت؟ یان هەرڕەگەزێک لە شیعردا بۆ خۆی پێویستە داهێنراوی تێدا بکرێت و

نموونەی وەک میتافۆر، بونیادی ناونیشان، وێنەسازی، سۆز، وشەکاری، واتاسازی، ڕەوانبێژی، شیعرییەت و هتد... لە باری وشەوە، ئایا تا چەند گرنگە شاعیرانی ئێستا خۆیان لە وشە زۆر بەکارهاتووەکان دوور بگرن و نوێکاری لە وشەدا بکەن؟

**ئارام فەتحی:** بە ڕای من ناونیشانی کتێبەکان دەبێت ئەوەندە سەرنجڕاکێش بن کە هەر لە قۆناغی یەکەمدا سەرنجی خوێنەر بۆ لای خۆیان ڕابکێشن، یانی ناونیشانەکە بەشێک لەو شتەیە کە ئێمە دەمانەوێت بە خوێنەری بگەیەنین، یان بەشێک لەو شتەیە کە پێمان وایە خوێنەر دەبێت بیخوێنێتەوە!

(من ئەزانم لە بیرم چووەتەوە شاعیر بم) دەتوانێت بۆ خۆی گوزارشتێک بێت لە قەزیەکە، یان دەشتوانێت توانجێک بێت بەنسبەتی شاعیرانی ئەم سەردەمە و ڕووداوەکانی پێشدەمیان، لەوانەیە بە لاڕێدابردنی زەینی خوێنەر بێت بە ئەنقەست. ئەم مانا هەڵگرییە، بە پێی بەرداشت و تێگەیشتنی خوێنەرەکان دەتوانێت جیاواز بێت. بەڵام بۆ ئەوەی کە بڵێین ناونیشانی کتێبەکان، بە گشتی لە ڕۆژهەڵات جیاوازترن، دەبێت بگەڕێینەوە سەر ئەو بابەتەی کە ئێستاکە شیعری ڕۆژهەڵات لە چ قۆناغێکی زمانیدایە و ئایا ئەو زمان و هەڵسوکەوتە پێشووە لە زمان و ژیان، ئیدی لیپاولیت نەبووە لە ئەدەبی کوردیدا؟ ئایا پێویست نییە کاتێک لە ئەمڕۆکەدا ژیان بەسەر دەبەین، بە زمانی ئەمڕۆکەش ئەو ژیانە بنووسرێتەوە و دەیان پرسیاری دیکە کە وەڵامەکانیش بۆ خۆیان لەناو پرسیارەکاندان.

هەرشیعرێک گوزارشت لە ژیانێک دەکات، جا ئەوەی کە ئەو ژیانە سەر بە چ کۆمەڵ و کام گردییە و گردییەکە چەندە بچووک یان گەورەیە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کۆد و تەوەرانەی شیعرەکە بەسەریانەوە بیچمی گرتووە. ئەم تەوەرانە ڕەنگە لە کۆمەڵگەیەکی ئازاد، تا کۆمەڵگەیەکی ژێر

دەسەڵاتێکی دیکتاتۆرانە و چەوسێنەرانە، بگۆڕدرێن. بڕوام وایە هەموو ئەندێشەی مروڤایەتی، لەسەر ئەو دوو دەستەیە، ئەو دوو گرووپە لە ئینسان هاتووەتە ئاراوە، مرۆڤی برسی و مرۆڤی تێر، یان داراکان و نەدارەکان! لە سەرەتای دەسپێکردنی ژیانی مرۆڤەوە، لەو کاتەوەی بە کۆمەڵ و تاقم ژیاوە، ئەم شەڕە هەیە و هەر ئەوەشە کە سیستەم و شێوازی وڵات بەڕێوەبردنەکان و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ خواست و پێداویستی و حەزەکانی دارشتووە.

لە جیهانێکدا کە ڕۆژانە هەزاران مرۆڤ لەبەر برسێتی دەمرن و لە هەمانکاتدا بەشێک لە ڕێژەی حەشیمەتی ئەم گۆی زەوییە، هەموو بانکەکانیان پڕ کردووە لە پارە، لە جیهانێکدا کە پارە بووەتە خودایەک و زۆرینەی ئەمرە ئەخلاقییەکان وەلا دەنێت و زۆر جاریش وەک دەمامکێک کەڵکی لێ وەردەگیرێت، لە وڵاتێکدا کە بەشێک لە خەڵکەکەی ڕۆژانە لە پێش چاوی یاسا و کۆمەڵگە و شەقام و بلووک و مزگەوتەکانەوە، سەریان بەنێو زبڵدانەکاندا شۆڕ کردووەتەوە و بۆ پارووە نانێک زبڵەکان دەپشکنن، لە وڵاتێک کە بەسەر دیوارەکانیەوە بانگەوازی فرۆشتنی گورچیلە داکوترابێت لەبەر پارە! ناتوانین لەو دۆخەدا چاومان بە ڕووی نەهامەتییەکان و چەرمەسەرییەکاندا دابخەین و تەنها گوڵ و بولبول ببێتە کەڵکەکەی مێشکمان و وشەکانی سەر زارمان!

ئەویش لە سەردەمێکدا کە برسێتی یەک لە هۆکارە هەرە گەورەکانی شۆڕشی نێو دەسەڵاتەکانە و بە هەزاران ئینسان لە بەندیخانەکاندا لەسەر داواکردنی مافە ئاسایی و بنەڕەتییەکان دیل کراون. بگرە شاعیرەکە بۆ خۆی لەو نەدارانە بێت و لەو دیلکراوانەی گەیشتن بە ئازادیش!

مەبەست لە نەتوانینی نواندنەوەی ژیانی گوڵ و بولبولانە لە دۆخێکی وەهادا ئەوە نییە کە مەحاڵ بێت شتی وا، بەڵکوو پێچەوانەش؛

وەک گوتم مرۆڤەکان دوو دەستەن، دارا و نەدارەکان، هونەرمەندەکانیش نواندن و ئافراندنەکانیان هەر لەو دوو دەستەیەیە، جا چ وشەی برسێتی و تێری لەناو دەقەکانیاندا وەک وشە ببێت یان فەزایەکی گشتی و کەڵکەڵەکانی ناو دەقەکە دەرخەری هەمان مەسئەلە بن.

وەک گوتم هەرشیعرێک گوزارشت لە ژیانێک دەکات، هونەر کاریگەری بەسەر خەڵکەوە دادەنێت و خەڵکیش بەسەر هونەرمەند و هونەرەوە. هەر ئەو خەڵکەشە کە تەوەرەکان و چەمکەکان تێیاندا ژیان دەکەن، هونەرمەندیش لەناو خەڵکەکەیە، جا یان خەڵکی دارا، یان نەدار! ئەو گوزارشت لە ژیانی خۆی و خەڵکانی وەک خۆی دەکات، جا ئەو گوزارشتە بریتی بێت لە گێڕانەوەی برسیەتی و بەرفراوانیی مەرگ و بریتی بێت لەو هەموو دیلییەی لە دەلاقەیەکەوە چاوەڕوانی ئازادییە، یان بریتی بێت لە نهۆمێکی بەرز و ڕاخەرێکی نەرم و ئەو ژوورە گەرمەی بۆڵەی خاس دانەخستنی درگاکەیەتی!

چەمکی لێدان، (کوتەک لێدان) لەوانەیە لە هەموو کۆمەڵگەکان و وڵاتاندا ببێت، بەڵام ڕێژەی ڕوودانی ئەو کردارە و بە ئەنجام گەیاندنی، هەروەها جۆری ڕوودانەکە (واتە لە چ پێوەندییەکدا، پێوەندیی ژن و مێردی، باوک و منداڵ، توندوتیژیی سەر شەقام و...) لەو نێوانەدا جیاواز بێت و ئاستەکانیان بگۆڕدرێت، هەر بە پێی ئەم جیاوازییە لەو ڕێژەیە و لە ڕوودانی کردارەکە، کاریگەری دانان و ڕەنگدانەوەشی لە ژیان و دەقەکاندا جیاوازە و ئاستەکەی دەگۆڕێت؛ مەرگ و برسێتیش وەهایە! ڕێژەی ڕوودانی مەرگ لە وڵاتێکدا، هۆکارەکەی، چۆنیەتی مەرگەکان و... پێم وایە ئەمانە دەخیلن لە ڕەنگدانەوەی ئەم مەسئەلانە لە کۆی بەرهەمەکانی وڵاتێکدا. بۆ وێنە، مەرگەکان بە شێوەی ئاسایی ڕوو دەدەن؟ مرۆڤەکان لە تەمەنێکی ئاساییدا دەمرن یان زیاتر بە قەتڵ و کوشتن و خۆکوژی؟ (کە ئەویش بە ڕای من زیاتر لەوەی خۆکوژی فیزیکی

بێت، کوشتنی دەروونییە لە لایەن کۆمەڵگە و دەسەڵات و دەوروبەرەوە). ئەمەش تەنها بەو چەن وشەیەوە قەتیس نامێنێت کە ئێوە لەناو شیعرەکانی مندا لە کتێبی (من دەزانم لە بیرم چووەتەوە شاعیر بم) ئاماژەتان پێ داوە. بۆ وێنە وشەی ئومێد وە زۆرێک چەمکی دیکە، کە ڕەنگدانەوەیان لە شانۆ، نیگارکێشی، مۆسیقا، شیعر و... دەرخەری دۆخی گشتییە و پێوەندیی بەو شتانەوە هەیە کە بەکورتکراوەیی باسم کرد.

دیارە تووڕەبوون و گللەیی هونەرمەند هەمیشە تەنها لە دەسەڵاتە فەرمییەکە وەک حوکوومەت نییە. بەڵکوو ئەو وردە دەسەڵاتانە، ئەو تریبوونانەش کە بانگەشەی ئازادی دەکەن و کەچی لەژێرەوە بۆ خۆیان پڕن لە زیندانی بچووک بچووک و لە خیانەتی لەتوکوت و پڕن لە بونبەست و داخستن، ئەوانەش بەشێک لەو لایەنانەن کە دەبێت هونەرمەند لێیان تووڕە ببێت و گللەیی بکات. یان لەوانەیە بەرهەڵستی نەریتێکی کۆن و بەکەڵکنەهاتوو ببێتەوە، گرنگ ئەوەیە هونەرەکەی و هەست و ویستەکەی، دەستەمۆ نەکرێن و تەسلیمی ئەو دۆخە نەبن کە هەیە و زاڵە.

(من غوربەتم) بە ڕای من ئەزموونێکی زۆر جیاوازترە لە کارەکانی دیکەم، ئەگەرچی پێم وایە مرۆڤ، تەنانەت هونەر و ئەندێشەکانیش، بەردەوام وەک فارس دەڵێن خەریکی (شودەن)ـە، بەڵام لەم کتێبەدا ئەو مرۆڤەی کە دەچێت و هەروەها ئەو مرۆڤەش کە دوای خۆی دەیهێنێتەوە، مرۆڤێکی عاسێیە و زمانەکەشی هەر وایە. مرۆڤێکە کاتێک کە دەچێت، وەک ئەو ئینسانەیە بە دەم ڕێوە دەبۆڵێنێت و جنێو دەدا بەوانەی پشتسەری کە جێی هێشتوون. یانی ڕۆیشتنەکەی زیاتر لەوەی خۆشی تێدا بێت، لە تووڕەییدایە و دەیەوێت خۆی بگرێتەوە، لە زمان، لە بنەماڵە، لە داب و نەریت، وە هەروەها لەو ڕەنجانەش کە لەو گردییە جوگرافییەدا تووشی بووە، دەیەوێت ئەوان لە بوونی خۆی بێبەش بکات.

بۆیە ئینسانی ناو (من غوربەتم) بەردەوام خەریکی شودەنە، لەوسەرەوە کە دێتەوە ماڵاوایی لە شاملووی فارسی دەکات لە ژوورەکەیدا، لەمسەریشەوە کە دەچێت، باوکی گورگێکە بەودا دەلوورێنێت! ئەم ئینسانە، زیاتر لەوەی بیر لەوە بکاتەوە کە دەبێت شیعر بنووسێت یان چیرۆک یان پەخشانەشیعر، بیر لە نووسینەوەی خۆی دەکاتەوە، بە هەر شێوازێک کە پێی وابێت باشتر دەتوانێت قسەی خۆی بکات، هەر قسەیەکیش خۆی زمانی خۆی و تووڕەیی و نەرمیی زمانەکە هەڵدەبژێرێت. جا ئەوکات لەدوای ئەوە هەوڵ دەدرێت بزانرێت ئەوە شیعرە یان چیرۆک یان پەخشانەشیعر کە نووسراوە. چونکوو ئێمە ناتوانین بۆ نووسینەوەی خۆمان بە شێوەیەکی میکانیکی هەڵسوکەوت بکەین لەگەڵ ئەو ژانرانەدا. هەر بەو شێوەیەی ئێمە لە سەرەتاوە نەهاتووین بیر لەوە بکەینەوە و هەڵبژێرین کە شاعیر بین یان دەرهێنەر، یان فۆتۆگرافێر، بەڵکوو سەرەتا شتەکە لە ئێمەدا ڕوویداوە، جا چ ڕاستەوخۆ بووبێت، یان ناڕاستەوخۆ و لە ڕووی کۆدگەلێکەوە کە نزیکییان هەیە لە هەرکام لەو ژانرانە.

ئەگەرچی بە بڕوای من شاعیر کەسێک نییە کە تەنها شیعر بنووسێت، هەر بەو شێوەیە کە لەوانەیە چاو لە وێنەیەک بکەین و بڵێین چ وێنەیەکی شاعیرانەیە، یان چیرۆکێک بخوێنینەوە و بڵێین شاعیرانە نووسراوە. یانی شاعیربوون خۆی شێوە ژیانێکە. بە ڕای من پەخشان بۆ خۆی تامێکی تری هەیە و شیعریش تامێکی دیکە. ئەگەرچی هەردووکیان لە وشە پێک هاتوون، بەڵام دەقێکی شیعری لە ڕووی زمانییەوە جیاوازترە لە پەخشان. بۆ خۆم پێم وایە گرنگ کەسایەتییەکەیە، کەسایەتییەکی هونەری یان ئەدەبی، جا ئەو کەسایەتییە بە تێکەڵیی دوو ژانری ڕۆمان و شیعر پێک هاتبێت و لەسەر هەردووکی کاری کردبێت، یان تەنها ڕۆمانی نووسیبێت و بە تاقە ژانرێکەوە خۆی پێک هێنابێت. زۆر بوون ئەو هونەرمەندانەی هاوکات هەم شاعیر بوون هەم

ڕۆماننووس، هەم ڕۆماننووس بوون هەم مۆسیقاژەن. گرنگ کەسایەتییە، قسەیە، جا لەوانەیە ئەو قسەیە بە چەندین ژانریش دەر ببڕدرێت کەچی هێشتاکە هونەرمەندەکە لە گوتن تێر نەبێت!

دیارە ئەزموونی غوربەت، ئەزموونێک نییە کە تەنها مرۆڤەکانی کۆمەڵگەی ئێمە لەگەڵی ڕووبەڕوو بووبێتنەوە، بەڵکوو زۆربەی وڵاتانی دیکەش تەنانەت بەشێک لە ئەدەبیاتی وڵاتەکەیان تایبەتە بە ناوی ئەدەبیاتی موهاجرەت یان دیاسپۆرا! ئەگەرچی زۆرێک لە ئەدیبانی ئێمە تووشی ئەم حاڵەتە بوون و خوازراو یان نەخوازراو، ڕوویان لە غەریبی و تووشی غۆربەتبوون کردووە (هەرچەند بە بڕوای من هەڵبژرادنی غوربەت هیچکات خوازراو نییە و هەمیشە هۆگارگەلێکی داسەپاو هاندەری ئەو هەڵبژاردنە بوون.) بەڵام بە داخەوە لەو دۆخەشدا کورد وەک باقی نەتەوەکانی دیکە، نەیتوانیوە ئەدەبیات و بەرهەمگەلێکی تۆکمە و یەکپارچە بخوڵقێنێت. ئەمە نەک تەنها بۆ باسی غوربەت، بەڵکوو بۆ زۆرێک لەو بەڵا و تاوانانەی ڕووبەڕووی بوونەتەوە، وەک ئەنفال و هەڵەبجە و کۆڕەو و... لە کاتێکدا ئێمە دەبینین جوولەکەکان لە ڕووداوی هۆلۆکاستدا لە ڕێی سینەما و ڕۆمانەوە چەندە توانییان ئەو تاوانە دژەمرۆییە پیشان بدەن و نەهێڵن ئەو زامە بەرینە هەروا تێپەڕ بێت! کەچی لای ئێمە بەم هەموو برینە قووڵ و تاوانە گەورانەوە، شتێک وەک بەرهەم زۆر تاک و تەرا و پەرتەوازە ئەگەر خوڵقابێت، وەک بڵێی هونەرمەندانی ئێمە لە جیهانێکی تردا ژیان بەسەر دەبەن!

بگەڕێینەوە سەر پرسیارەکەی جەنابتان، دیارە شیعر یا چیرۆک یان هەر دەقێکی تر لای من زیاتر وەک جنێو و تف و شەڕکردنە، یان پێچەوانەکەی وەک ماچ و بەڵێن و خۆشەویستی، جۆرێک هەڵڕشتنی پیسایی‌یە، لە بەردەم ئەو ماڵانەی تاوانباری پیساییەکە بن کە لە ئێمەدا جێیان هێشتووە. ئێمە کاتێک جنێوێک بە دیواری دراوسێکەمانەوە بنووسین، هەوڵمان ئەوەیە جنێوەکە جۆرێک و شێوازێک بێت کە ئەو

دراوسێیە پێی ناڕەحەت بێت یان تووڕەی بکات، لە هەر حاڵەتێکدا هەست بکەین جنێو نووسینەکەمان بەو دیوارەوە جێی گرتووە و کاریگەر بووە. ئەگەر بزانین دراوسێکە لە جنێوەکە تێنەگەییشتووە ئەوا بۆ هۆکارەکەی دەگەڕێین، ئایا لە دەستخەتەکەمان تێنەگییوە یان لە وشەکان و گرفتەکەی دەدۆزینەوە. بە بڕوای من شیعر و باقی ژانرەکانی دیکەش وان. هەر جۆرە شیعرێک لە ئاستێک لە ناوەڕۆک و زمان و فۆڕم پێک هاتووە، شیعرە بۆنامەییەکان شێواز و ستایلی دەقەکانیان جۆرێکە و شیعرە حەماسییەکانیش جۆرێکی تر و شیعرە عاشقانەکانیش دیسان لە ئاستێک لە زمان و ناوەرۆکدان. هەرچەند ئەو هاوسەنگخوازییە پێوەندی بە جۆری شیعرەکەوە هەیە، بە زمانەکەیەوە. پێم وا نییە لە شیعرێکدا کە تەنها تەکنیک ڕۆڵ دەگێڕێت ئەو دەقە بتوانێت لە زمانەکەدا و لە قسەکەشیدا قووڵ بێتەوە. بۆیە پێویستە ئەو هاوسەنگییە لەبەرچاو بگیردرێت، ئەوەش بە خەلاقییەت و پەرداختی شاعیرەکە کەوتووە، کە تا چ ڕادەیەک دەتوانێت سەرکەوتوانە لەو نێوانەدا مامەڵە لەگەڵ هەردوولا بکات، بۆ خولقاندنی هونەرەکە.

با بگەڕێمەوە سەر ئەو بەشەی لە پرسیارەکە کە دەڵێن شیعری ڕۆژهەڵات گەیشتووەتە کام وێستگە! ڕاستییەکەی نازانم شیعر ئایا نە تەنها لە ڕۆژهەڵات، بەڵکوو لە پانتای ئەدەبی جیهانیشدا، تاکوو ئێستا گەیشتووەتە وێستگەیەک! یانی شیعر وێستگەی هەیە! بە بڕوای من نە تەنها لە ڕەوتە گشتییەکەشیدا، بەڵکوو لە زەینی شاعیرەکانیشدا وێستگەیەک بوونی نییە، چونکوو ئەگەر ببوایە ئەوا ئیدی شیعری تر نەدەنووسرا، خواستی بەدینەهاتووی شیعر، ئەو هێزەیە کە دەبێتە هۆی بەردەوامی و ئافراندنی هەردەمیانە!

بە ڕای من، شیعری ئێستاکەی ڕۆژهەڵات زیاتر لە مرۆڤێکی لاڵ دەچێت، لە شیعرێکی لاڵ! چونکوو پتر لە هەر سەردەمێکی تر، ئەو گرێدراوییەی بە ڕووداوەکان و کۆمەڵگەوە پچڕاوە، ئەمەش باسم لەو

دەنگە تاک و تەرا و شپرزانە نییە، بەڵکوو بە کۆ، دەنگێکی کزی هەیە و لە ئێستاکەدا ئەگەرچی هەموان پێیان وایە ئەسەر دەخولڤێنن، بەڵام هێشتاکە ئەو ئەسەرە لەناو ساحەی ئەدەبی و زەینی خوێنەردا بەدی ناکرێت.

ناکرێت بە شێوەیەکی پڕ بە پێست لەسەر ئەدەب، بەتایبەت شیعری ئێستاکە بدوێین، دەکرێت سەبارەت بە سەردەمی سوارە، بە پێی ئەو داتایانەی بەردەست لە خۆی و هاودەورەکانی و دۆخی کۆمەڵایەتی و هونەریی ئەوکاتە قسە بکرێت، بەڵام شیعری ئێستاکە، ئێمە (مەبەست لە ئێمە، خودی سەردەم و شیعرە) هێشتاکە تێدا ژیان دەکەین. لەگەڵ ئەوەشدا، هەرکەس بە پێی خوێندنەوەکان و ئەو چاویلکەیەی هەڵی بژاردووە، تەعبیر و تەوزیفی خۆی هەیە.

سەرەتا پێویستە ئەوە ڕاست بکەمەوە کە گۆڕان لە سوارە و چاوە و هاوارەوە بەرەو هێمن و هەژار نەبوو! بەڵکوو هێمن و هەژار لە کۆتاییەکانی سەردەمی شیعری کلاسیکەوە هاتن و دەستەواژەکانی ناو شیعرەکانیان زیاتر سەر بە ژیانی گوندنشینی و هەروەها کەڵکەڵەیان سازکردنی بیرێکی نەتەوەیی و یەکگرتوویی لە ڕێچکەی حاجی قادر بوو. هەروەها لە بڕێک شوێنیشدا ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هێماکانی ئەو دەسەڵاتە چەوسێنەر و دواکەوتووسازە، وەک شێخ، ئاغا، بەگ و... بوو؛ بەڵام لە پاش ئەو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و سیاسییانەی ئەوکات و بزاڤە شۆڕشگێڕییەکان، بۆ وێنە وەک پەرەسەندنی دامەزراندنی قوتابخانەکان، دەستەیەک کەس کە دێنە گۆڕەپانی خوێندنی ئاکادمیک و لە ڕێی ئاگادارییە هونەری و هزری و ئەدەبییەکەیانەوە لەناو گەلانی دیکەدا، بڕگەکانی شیعری نوێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تۆمار دەکەن و شیعری کلاسیک تێک دەشکێنن و خۆیان لە کێشی کلاسیک و زێهنیەتەکەی ڕزگار دەکەن.

فەزای ناو شیعرەکانی هەژار و هێمن زیاتر هەر لەنێو گوندەکاندا ماونەتەوە، ئەگەرچی هێمن لە زۆربەی شیعرەکانیدا باسی ڕاپەڕین و ئازادیی ژن لە کۆتوبەندەکان دەکات و گەلێک بانگەوازی تر هەڵدەدا، بەڵام چوارچێوەی گوتنەکەی و هۆنینەوەکەی، هەمان چوارچێوەی کۆن و کلاسیکە. لە حاڵێکدا ئەم تاقمە نوێگەرە، بە هۆی ئەزموونی ژیانی شارییەوە ناتوانن چاویان بە ڕووی گۆڕانکارییەکاندا دابخەن و ئەو ئەدەبە بەرەو پێشتر نەبەن. سوارە و هاوسەردەمەکانی هەم لە بابەتی زمانی و هەم لە بابەتی ئاگایی بە نسبەت دۆخی کۆمەڵایەتی و چینایەتی، گۆڕانکارییەکی جددیتر دەست پێ دەکەن و دەستەواژەی نوێ دەهێننەوە ناو شیعرەکانیانەوە، هەروەها ڕوانینێکی نوێش بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دۆخەکە دەخوڵقێنن. ئەو وێنانەی سوارە سازیان دەکات، وێنەگەلێکی سەردەمیانەترن و نزیکترن بە ژیانی خەڵکی سەردەمی خۆی.

شیعری مەلەکشا، بە جۆرێک ترۆپکی شیعری بەرگرییە لە سەردەمی خۆیدا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەروەها لە باری فۆڕم و زمانی شیعریشەوە نزیکایەتی بە عەبدوڵڵا پەشێو و شێرکۆ بێکەس زۆرترە؛ ئەگەرچی مەلەکشا لە شاعیرانی فارسی وەک ئەرخەوان سالس و شاملووش کاریگەری گرتبوو؛ بەڵام کاریگەری گرتنەکەی ئەو بە شێوەیەک بوو کە نەک تەنیا هەست بەو نامۆبوونەی شیعرەکانی لە پانتای ئەدەبی کوردیدا لەچاو دەقی شاعیرانی دیکەوە نەدەکرا، بەڵکوو شیعری کوردیی ڕۆژهەڵاتیشی چەند هەنگاو بردە پێشتر.

شیعری جەلالی مەلەکشا ئەگەرچی بۆنی شکستێکی سیاسیی پێوە دیار بوو، بەڵام لەوپەڕی هەست بە نائومێدیدا، دیسان هەر بەگژ جەللادان و دەسەڵاتداراندا دەچووەوە و خۆی بە دەستەوە نەدەدا و یاخییەکی سەوداسەری ئەدەبی بوو. ئەگەر سوارە لەناو شیعرەکانیدا هەندێک وشەی فارسی دەبینران، بەڵام شیعرەکانی جەلال زمانێکی پاراو

و زیاتر دۆخ و ڕۆحیاتی تاکەکەسانەی خۆی بوو، لەناو فەزایەکی کۆمەڵایەتی_ سیاسیدا. شیعرەکانی جەلال و سوارە، لە باری داڕشتنی ڕستەی شیعریشەوە و هەروەها وێنەسازییەکانی شیعری سوارەوە، جیاوازییان زۆر بوو.

نەک تەنیا پاژێک لە شیعری ڕۆژهەڵات، بەڵکوو تەنانەت دەستپێکی شیعری نوێش لە ڕۆژهەڵات بە کاریگەری گرتن لە شیعری فارسی و ئاگاداربوونەوە لە دۆخی شیعری وڵاتانی دیکەوە لە ڕێی ئەو دەقە بیانییانەی وەرگێڕدرابوونە سەر زمانی فارسی و لە زمانی کوردیدا لە بەردەستدا نەبوون، سەری هەڵدا. کاتێک کە سوارە و چاوە و هاوار ڕوویان لە تاران کرد بۆ خوێندن لە زانسگاکانی ئەوێ و نزیکبوونەوەی زیاتر لە دۆخی شار و هەستپێکردن بە دەرئەنجامەکانی ململانێ ئەدەبییەکانی ئەوان، لەژێر ئەو کاریگەرییانەدا هەوڵیاندا بە پێی زەروورەت، خۆ لەو شێوە باوەی پێشوو ڕزگار بکەن کە لە بەردەم گۆڕەنکارییەکاندا یەکی نەدەگرتەوە. کاریگەریدانان شتێکی زۆر ئاساییە و فارسەکانیش هەر بەو شێوەیە لە ڕووی ئەدەبی وڵاتانی دیکەوە بەو شتە گەیشتوون، تەنانەت خودی گۆرانیش لە باشوور، لەژێر کاریگەریی شیعری عەرەبیدا و هەروەها ئاگاداری لە شاعیرانی وڵاتانی دیکە و بزاڤە ئەدەبییەکان، ئەو هەوڵەی دەست پێکرد. نێوان دەقێتی لە ئەدەبی هەموو وڵاتاندا باوە و ئەگەر وا نەبوایە بەرەو پێشچوونێکیش ڕووی نەدەدا، بەڵکوو زۆر جار لە ڕووی ئاگاداربوون لە گۆڕەنکارییەکانەوەیە کە ئێمەش هەڵدەسەنگێنین کە چۆن لەو پەنگ خواردووییە خۆمان کێشینە دەر!

بەڵام گرفتەکە ئەوەیە ئێمە پێمان وابێت چونکوو ئەدەبی فڵانە وڵات، فڵانە بزاڤی دەست پێ کردووە یان تێپەڕاندووە، ئەوا دەبێت ئێمەش لەسەر هەمان شت، ئەو بزاڤە دەست پێ بکەین یان تێپەڕێنین! لە کاتێکدا گۆڕانکارییەکان لە وڵاتەکاندا جیاوازن، جومگە کولتووری،

کۆمەڵایەتی، سیاسییەکان جیاوازن و ڕەنگە ئەو پەلەکردنەی لەم ساڵانەی دواییدا بە سیمای بەشێک لە شیعری ڕۆژهەڵاتەوە بە جۆرێک دەبینرێت، باس و مەبەستی ئێوە بێت. دیارە ئەگەر منداڵێک لە کاتی خۆی نەیەتە دنیا و پەلەی لێ بکرێت، کەمئەندام دەبێت و وەک ئینسانێکی تەواو و تەندرووست ناتوانێت ژیان بکات! ئەگەرچی بە ڕای من سەرەکیترین گرفت ئەوەیە کە ئێمە هەمیشە وڵاتێکی شوێنکەوتوو بووین، میللەتێک بووین کە زیاتر لەوەی داهێنەر بین، بە دوای پاشماوەکانەوەین. ئەمەش نە تەنها لە هونەر و ئەدەبیات بەڵکوو لە سیاسەت و بزاڤە سیاسییەکانیشدا هەر ئەو شتە دەبینێرت، ئەوەی لە وڵاتێکی تر بە شێوەی بنەڕەتی و ئەساسی ڕوو دەدا و دێتە ئاراوە، لێرە بە شێوەیەکی ڕووماڵیانە و ڕووکەشیانە دێتە مەیدان و گۆڕەپانەکە و کەسانێکیش هەوڵی پیادەکردن و جێبەجێکردنی دەدەن. ئەوەی لە وڵاتێکی تر بە پێی دۆخێکی دیکە دەخوڵقێ، بۆ ئێرەش هاوردە دەکرێت! ئەگەر ڕەوتێک لە وڵاتێکی ئەورووپی دەست پێ دەکات، بە پێی دۆخی کۆمەڵایەتی، سیاسی و کولتووری ئەم ڕەوتە دێتە ئاراوە، نموونە بۆ ئەمانە زۆرن و پێویست بە ناوهێنانەوە ناکات! هەروەها ئەو ڕەوتە تەنیا لە ژانری شیعرەوە نایەتە ناو هونەری وڵاتەکە و بە تەنها لەو ژانرەدا قەتیس نامێنێتەوە، بەڵکوو نیگارکێشی، مۆسیقا، شانۆ و... چەندین ژانری تریش دەگرێتەوە. کەچی لێرە ئەوەی بە ناوی نوێگەرییەوە دەکرێت، تەنها لە شیعردا دەبینرێت و باقیی ژانرەکانی تر لێی بێبەرین و هەروەها دۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسیش هەمان دۆخی پێشووترە!

دیارە باوەشکردن بە تەکنیک و زمان و کەوتنە دوای پۆست مۆدێڕنیزم ئەویش تەنها لە شیعردا! لە کۆمەڵگایەک کە هێشتا مۆدێرنیزمیشی تێنەپەڕاندووە و ڕۆژانە دەیان ژن یان بە دەستی کەسوکاریان دەکوژرێن یان بە ناچار خۆدەکوژن و هێشتاکە ئیختیار لە هەڵبژاردنی سەرەکیترین مافەکاندا بوونی نییە و تاک مانایەکی نییە،

دەرەنجامەکەی دەبێتە ئەوەی کە خوێنەر هەست بە دابڕان بکات و لێتێنەگەیشتن ببێتە بایەخ و دەرخەری هونەریبوونی دەقێک! نان بە قەرزدان و تریبوونی دەستکرد بۆ یەکتری سازکردن، نە تەنیا ناتوانێت دۆخ یان ڕەوتێک سەقامگیر بکات و مەشرووعیەتی پێ بدات، بەڵکوو لە بینایەک دەچێت کە لەگەڵ دەستت لێ بەردا، دەڕووخێت! ئەوەی کە بێ لەبەرچاوگرتنی فاکتە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی وڵاتێک، بکەوینە دوای هەندێک پێناسە کە بەو دۆخە نەخۆن و نەتوانن بەدیلێک بن بۆ ئەو فەزایەی داواکاریەتی، بەڵکوو زیاتر جۆرێک هەوڵدان بۆ فریاکەوتن لە جێنەمانی ساحەی جیهانیدا بێت خەسارە، مۆدگەرایی تەنیا لە جلوبەرگ و خواردەمەنیدا نییە کە هەیە و بووەتە خەسار، بەڵکوو دەتوانێت وەک چاولێکەری لە هونەریشدا ببێت!

ئەوەی لە ڕۆژهەڵات هەیە، لەچاو کەسایەتییەکی وەک ئەنوەر مەسیفی، جیاوازییەکەی لەوەدایە ئەنوەر مەسیفی بە تەنها مایەوە، یان با بڵێین نەبووە دەنگێک کە کەسانێک بە چاولێکەری بە شوێن خۆیدا بێنێت. لە باشوور دەنگی شێرکۆ و شاعیرانی سەردەمی زاڵ بوو و تەنانەت کاریگەرییەکی زۆریشی بەسەر شیعری ڕۆژهەڵاتیشەوە دانا. پێویستە ئەوەش بڵێم ئەنوەر مەسیفی هەمیشە بەچاوی ڕێزەوە دەیڕوانیە شاعیرانی پێش خۆی و بەرزی دەنرخاندن، نەک بیەوێت بە لاواز نیشاندان و تەوسیفگەلێک لە کەسانی پێش خۆی، ئەوان بکاتە نەزانکار و خۆی بە ڕێککەرەوەی ڕەوتەکە! بۆ وێنە کاتێک باسی عەبدوڵڵا پەشێو دەکات دەڵێت: (ئێمەی نەوەی دوای پەشێو بە شانازییەوە تەماشای شیعرەکانی دەکەین، هەندێک جاریش من خۆم شیعرەکانی دەخوێنمەوە و ناتوانم ئەو جۆرە شیعرانە بنووسم، پەشێو یەکێکە لەو شاعیرە تاک و تەرایانەی کە وەکوو شاعیرێکی جەماوەردۆست خۆی لە کتێبی شیعری جەماوەر نووسی، ئەگەر مۆزەیەکی مەڕمەڕی بۆ شاعیرانی

کورد درووست بکرێت، دەبێت پەیکەری پەشێویش هەبێت وەک چۆن بۆ نالی و بابا تاهیر و هتد... دەبێت هەبن.)

هەرچەند لە باشووردا، هەوڵەکان دیسان بەو لایەنەدا شکایەوە کە ئێستاکە زیاتر بەرەو ناوەرۆکگەرایی و گرنگیدان بە ناوەرۆک زۆر بەرچاوە، بە شێوەیەک کە زۆر جار دەقەکان لەگەڵ دەقێکی ئاساییدا جیاوازییەکیان نامێنێت! چونکوو پێوەر ئەوە نییە کە کامە دەنگ تەکنیکیترە یان زمانەکەی بەهێزترە، ئەوە پێوەری موتڵەق نییە! بۆ ئەنوەری مەسیفی نەیتوانی بەقەد شێرکۆ یان عەبدوڵڵا پەشێو یان ڕەفێق سابیر خوێنەری هەبێت؟ بۆ نەیتوانی لە ئاست ئەوان کاریگەری بەسەر زمانیشەوە دابنێت؟ لە ئاست ئەوان کاریگەری بەسەر کەسانی دیکەوە دابنێت لە ئەدەبیاتدا؟ دیارە ئەم پرسیارانە دەکرێت ڕوو لەم دۆخەی ئێستای شیعری ڕۆژهەڵاتیش بکرێت. چونکوو هیچ داهێنانێک ناتوانێت بیچم بکوتێت مەگەر بە پێی چوارچێوەی ئەو شوێنە بێت، کە ئەو خەڵکەی بڕیارە ئەو دەقەی تێدا بخوێننەوە، داهێنانەکە کرابێت.

لە باشوور، لەم ساڵانەی دواییدا بە لێشاو کتێبی شیعر چاپ و بڵاو دەکرێنەوە، بەڵام ئایا چاپ و بڵاو کردنەوەی زۆرینەی ئەو کتێبانە لەگەڵ نەکردنەوەیاندا جیاوازی هەبوو؟ بە بڕوای من لە ئێستادا شیعری ڕوژهەڵات و باشوور، لە ڕووبەرە گشتییەکەدا چەقیون، هەردوو بە باری نارێکی خۆیاندا و هەرکام لەوسەری بانەوە کەوتوونەتە خوار. دیارە هەموان مافی ئەوەمان هەیە شیعری شار بنووسین، بەڵام ئەوەی کە من کارتۆنخەوەکەی بنووسمەوە یان ئاپارتمانەنشینەکەی، جیاوازییەکە لێرەدایە!

ئەوەی بە ناوی بەرەی چواری شیعری ڕۆژهەڵاتەوە ڕوویدا، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی چاکسازیی دەسەڵات لە ئێراندا، کە تا ڕادەیەک ڕێ بۆ ڕێکخراوە خەڵکییەکان و ناوەندە مەدەنییەکان کرایەوە و

هەندێک گۆڤار و ڕۆژنامە دەستیان بە کار کرد. کە دۆخەکەی هەنگاوێک بەرەو پێش برد، بەڵام کاتێک کە ئەم فەزایە داخرا و دۆخەکە گۆڕرا، زۆرێک ڕۆژنامە داخران و بڕێکیان کرانە حوکمی، کاتێک کە دۆخە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکە دیسان دەرگای بە ڕوودا تەنگ کرایەوە، ئەمان هێشتا مۆڵەتی لەچاپدانی کتێبەکانیان کە لە چەندین دەرگای فیلتێرەوە تێپەڕ بووبوو، دەکردە هێمای کرانەوەی دۆخ و نزیکبوونەوە لە ئازادی، چونکوو کتێبە شیعرێک بەو هەموو فیلتێرەوە چاپ بووە! وەها کە بانگەشەی سیاسیشی پێوە دەکرا و خەڵکی پێ هان دەدرا بۆ بەشداری لە دەنگدان و هەڵبژاردنە سیاسییەکان. ئا لێرەدایە کە کەسانێک لەبری وەستانەوە بەرانبەر بە دۆخەکە، تەسلیم بوون و خۆبەدەستەوەدان بکەنە کولتوور؛ وەک شاملوو شاعیری چەپی فارس دەڵێت، هونەرمەند بەرانبەر بە دەسەڵاتە، نەک لەگەڵ دەسەڵات. یەکێکی تر لە کێشەکان ئەوەیە کە ئێستاکە لە ڕۆژهەڵات زیاتر لەوەی شەڕی نێوان بەرە شیعرییەکان بێت، یان با بڵێین هەندێک جار ئەوەی بە ناوی شەڕی ئەدەبی و بەهێزبوونی بەرهەمێک یان ڕەوتێک بە خوێنەر دەفرۆشرێتەوە، زیاتر لەوەی جیاوازی لە ڕوانگەی ئەدەبی یان فیکرییەوە بێت، شەڕەکە (کە هەندێک جار بە تاک دەکرێت و بڕێک جاریش دەستە و گرووپ پێک دێنن) لە کێبڕکێی ناو داخستن وەک یەکەم داهێنەربووناس!

یەکێکی تر لە کێشەکان ئەوەیە کە ئەم بەرەیە، زمانە شیعرییەکەیان لە ئاستێکدا نزیکە لە یەک، کە تۆ بە ئاستەم بتوانی شیعری کەسێک لە کەسێکی تریان جیا بکەیتەوە. لە حاڵێکدا زمانی شیعریی بۆ وێنە کەسێکی وەک بێهزاد کوردستانی، لەگەڵ فەرەیدوون ئەرشەدی یان ئیبراهیم ئەحمەدی نیا کە هەرسێکیان سەر بە بەرەیەکی شیعریشن بە ئاسانی لێکتر جیا دەکرێنەوە و ئەو ئاستە لە نزیکایەتییان نییە کە پێمان وابێت هەموویان یەک کەس نووسیونی، یا بتوانین لە جێی یەک

دایاننێین. هەرچەند ئاساییە لە هەرڕەوتێکدا یەک دوو کەسێک زیاتر دەر دەکەون و ئەوانی دیکەش بە دوایاندا بە جۆرێک دەبنە پاشکۆ و لاساییکەرەوە.

ئەگەر تەکنیک و گەمە زمانییەکان هەموو شتێکی شیعر بن، ئەوا دەکرێت هەرکەسێک بە فێربوونی چەند تەکنیکێک ببێتە شاعیر! پێکهێنەری ئەم دۆخە ئاڵۆزە کە سەری لە خوێنەریش شێواندووە تەنها خودی شاعیران نین و لەوانەیە بەشێکی بگەڕێتەوە بۆ نەبوونی ڕەخنە بە واتا ڕاستەقینەکەی خۆی. کە هەرشاعیرێک هەستاوە وتار یان وتارگەلێکی بە جۆرێک نووسیوە کە لە کۆتاییدا خوێنەر هەست بکات تاقانە شاعیری زانا و ئەدەبیکار خودی نووسەری وتارەکەیە! زۆرینەی ئەوەی بە ناوی ڕەخنەوە هەیە بە هۆی خاتروخۆتر و دەستە و تاقمگەرییەوە نەیتوانیوە کاریگەرییەکی ئەوتۆ دابنێت. بۆیە ئەوەی وەک ڕەخنە هەیە زۆر کەمە و نایەتە ئەژمار و حسێبی لەسەر ناکرێت.

هەموو شاعیرێک یان نووسەرێک دواهەمین کتێبی خۆی، ئەوەی کە لە باری زەمانییەوە تازەترین بەرهەمیەتی، بە باشترینی دادەنێت و پێی وایە ئەمە نزیکترە لەو شتەی ویستی خۆی، بەڵام باسەکە ئەوەیە کە هیچکات پێی وا نییە ئەوەی نووسیویەتی، ئەوە هەموو ئەو شتەیە کە مەبەستی بووە؛ ئەگەر وەها نەبوایە، ئەوا ئیتر شیعری دیکەی نەدەنووسی. یانی ئەو هەستی نەگەیشتنەیە، ئەو ئێرزا نەبوونەیە کە وا دەکات دەقێکی تر بێتە بەرهەم. لەوانەیە شاعیر یان نووسەر، دەقێکی خۆی زۆر پێ شاکار بێت، بەڵام لە لای خوێنەر و ڕەخنەگر دەقێکی دیکەی ئەو شاعیرە جێگیرتر بێت، یان بە پێچەوانەکەی. ئەوە ڕای ئەو، وەک نووسەری شیعرەکە نییە کە دیاری دەکات دەقەکەی چەندە کاریگەرە، یان چەند دەمێنێتەوە و دەستبەدەست دەکرێت و دەخوێنرێتەوە.

گرنگ لێرەدا بەردەوامی لە داهێناندایە. ئێمە ئێستاکە هێشتا شیعرەکانی نالی و مەولەوی دەخوێنینەوە، یان چوارینەکانی خەییام، یان شانۆنامەکانی شێکسپیر، ئەگەرچی لەدوای ئەو شانۆنامانەش بە دەیان بەرهەمی شاکاری دیکە خوڵقابن. مەبەستم ئەوەیە هیچکام لەو بەرهەمە شاکارانە وەها نین کە جێی یەکتر تەنگ بکەن! ئەوە خەسڵەتی هونەرە. هیچ دەقێکی شاعیرێک، جێی دەقێکی دیکەی ناگرێت.

بێگومان هیچ دۆخێک ناتوانێت شیعر ڕام بکات، شیعر لە هەر دۆخ و شەرایتێکدا هەوڵیداوە حزووری ببێت، جا ئەو حزوورە چ وەک بەرپەرچدانەوە بێت، چ وەک تۆمارکەر و دژە فەرامۆشی و لە بیر بردنەوە بەرانبەر بە ڕووداوەکان و تراژدییەکان. دیارە پێناسە و ڕاڤەی شیعر لەو سەردەمە تێپەڕیوە کە پێمان وابێت شیعر تەنها نواندنەوەیەکی لاساییکارانەیە. هەرشیعرێک نزیکایەتی بە ڕوانگەیەکی ئەدەبییەوە هەیە، یان بۆ خۆی ڕوانگەیەکی ئەدەبی پێک دەهێنێت، هەرڕوانگەیەکی ئەدەبیش بۆ خۆی پشتئەستوورە بە مەعریفەتێک؛ بەڵام ئەوەی کە دەقێک تا چەند توانیبێتی لەو مەعریفەتە لە جێی خۆی و بە باشی کەڵک وەرگرێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ژیان و کاریگەریی لێ وەربگرێت، یان پێچەوانەکەی، کاریگەری بەسەر ژیانەوە دابنێت، چونکوو حزووری شیعر، حزوورێکی یەکلایەنە نییە!

شیعر هاوکات کە بابەتێک دەهێنێتەوە ئاراوە و باسی لێوە دەکات، بۆ خۆشی دەبێتە بابەتێک و باسی لێوە دەکرێت، چونکوو ئەو ئێستاکە لە درەوەی واقیع و هەقیقەت نەوەستاوە، تشتی هونەری تشتێکی جیاواز لە جیهان نییە، بەڵکوو درێژە و تەواوکەری جیهانی واقیعە.

ئەگەر ئێمە بمانهەوێت دۆخی مێژوویی، سیاسی، کومەڵایەتیی وڵاتێک تاوتوێ بکەین و لێکی بدەینەوە، بێگومان یەک لەو شتانەی بۆ

لێکۆڵینەوە لەم بوارانەدا دەستی بۆ دەبەین، شیعرە. کەوایە شیعر بۆ خۆشی لە زۆر ڕەهەندەوە دەتوانێت ببێتە بابەت!

ئەگەر ئەدەبی کورد لە چاو ئەدەبی وڵاتە دراوسێکانی چاو لێ بکەین، دەبینین بۆ وێنە شانامەی فێردەوسی لە ئەدەبی فارسیدا، سەرەتا بە ئامانجی دەستکەوتنی پارەوە هاتووەتە نووسین، بەڵام لە ئەدەبی کوردیدا زیاتر لەوەی شتەکە بەرنامە بۆ داڕێژراو بێت، یان پشتگیرییەکی بنچینەیی و ئەساسی بۆ بکرێت، ئەوە لەسەر ئەرکی خودی ئەدیبان چالاکییە ئەدەبییەکان بە ڕێوە چوون و هەوڵ بۆ پاراستن و بەرەو پێشبردنی زمان و ئەدەبەکە دراوە. دیارە کەموکورتی هەیە و ئەو کەموکورتییەش زیاتر پێوەندی بە دۆخی کومەڵایەتی و سیاسیی کوردستانەوە هەیە، بەڵام بەگشتی زمان ناتوانێت تاکە شوێن بێت بۆ درکەوتنی شوناس، مەگەر ئەوەی کە وەک شوێنی بیرکردنەوە چاوی لێ بکرێت! ڕاستە ئەوە شاعیرانن کە زەرفیەتی زمان تاقی ئەکەنەوە و خەسڵەتەکانی بەکار دەهێنن و کارتێکەرییان لەسەر یەک دەبێت!

هەموو ئەو خاڵانەی ئاماژەتان پێ کردوون هەرکامێکیان بەشێکن لە پێکهاتەی شیعرێک، لەوانەیە شیعرێک چەند خەسڵەتێکی لەوانەی لە پرسیارەکەدا ئاماژەیان پێدراوە، تێدا بێت؛ بەڵام بە پێی شێوازی شیعرەکان، ڕەنگدانەوەی خەسڵەتەکانیش جیاوازن. یانی لەوانەیە لە شیعرێکدا زیاتر باری وێنەسازی زاڵ و بەرچاوتر بێت و لە شیعرێکی دیکەدا ڕەوانبێژی و سۆز! لەوانەیە کۆی بەرهەمەکانی شاعیرێک، بکرێت لە ڕێی چەند خەسڵەتێکی وەهاوە لە زەینی خوێنەردا جێ بگرن و پێناسە بکرێن. ئەوەی کە هەرکام لەو خەسڵەتانە چەندە بە پوختی و دوور لە دەستکردبوون بەکار چووبن. پێم وا نییە هیچکام لەو ڕەگەزە ئاماژەدراوانە بکرێت بە تەنها داهێنانکردن لە بەشێکیاندا بەرهەمێکی جوان بخوڵقێت. چونکوو هەرشیعرێک خاوەن پێکهاتە و فۆڕمێکە!

شیعری لار و گێڕ ناتوانێت لەژێر قورسایی و سەختگریی زەماندا هەڵ بکات!

دیارە داهێنان ناکرێت تەنها لە شکڵ و شێوازدا بکرێت، یان بە تەنها لە ناوەرۆکدا و ئەو دوانە گرێدراوی یەکترن! شکڵ و شێوازیش بۆ خۆیان بەشێکن لە مانا. ئێمە کاتێک دەتوانین زرووفێک بگۆڕین، بۆ وێنە پارچەیەک ئاو یان گۆزەڵەیەک ئاو کاتێک دەکرێتە زرووفێکی گەورەتر کە ئیتر ئەو گۆزەڵەیە ئاوی لێ سەررێژ بووبێت و لێی بڕژێت، ئەوکات دەبێت زرووفێکی گەورەتر بدۆزینەوە. بەگشتی داهێنان ئەو شتەیە کە شیعری لە مردن ڕزگار کردووە و هەناسەی شیعرە.

وشە وەک خشت و ئاجۆری ماڵ وەهایە، ئەگەر ئێمە لە سوچێکی ماڵێکی گڵینەدا جۆرە بەردێکی ڕازاندنەوە و ڕەنگیی ئەمڕۆییانە بەکار بێنین، ئەوا ماڵەکە ناشرین دەکەین، ئەگەر لە ماڵێکی ئەمڕۆییدا بەشێکی بکەینە گڵ و خشت هەر دیسان ماڵەکە ناحەز دەبێت. هەرشیعرێک وشەی خۆی هەڵدەبژێرێت و داوای دەکات. پێش نوێکاری لە وشە، دەبێت خودی شیعرەکە نوێ کرابێتەوە، هەندێک جاریش مامەڵەکردن لەگەڵ وشەکانە کە گرنگە، بە پێی ژیانێک کە ئەو وشانە لە ئێمەدا دەیکەن! بۆ وێنە، وشەی تەنیایی یان وشەی باوک، ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ هەزاران ساڵ پێش، بەڵام مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو وشانە و ژیانێک کە ئەو وشانە بە پێی گۆڕانکارییەکان دەیبەنە سەر و ئەو پێوەندییە نوێیە کە ئەو وشەیە گرتوویەتی و چۆنیەتی نواندنەوەی لە ژیانی سەردەمی خۆیدایە کە دیاری دەکات شیعرێک چەند دەتوانێت لە نوێبوونەوەدا جووڵابێتەوە یان نا، دەنا خودی وشەکە نییە بە تەنها. ئێمە ئەگەر نوێترین وشەکانیش بهێنینە ناو شیعرێکەوە کە ڕەگەزەکانی لاواز بن، هیچ ناژی!

## دیدار لەگەڵ جەلال بەرزنجی

**جەلال بەرزنجی: شیعر ڕاقیترین جۆری دەربڕینی ئەدەبییە.**

**پێشاندان: جەلال بەرزنجی، لە ساڵی ١٩٥٣ لە هەولێر لە دایک بووە، لە سەرەتای حەفتاکانەوە دەنووسێت، وەکوو شاعیریش شوناسی خۆی وەرگرتووە.**

**دیار لەتیف:** ئایا وەک شاعیرێک لەگەڵ چ جۆرێک لە ناونیشاندان؟ ئایا چۆن ناونیشان هەڵدەبژێرن و  بایەخی ناونیشان بۆ دەق چییە؟ پێوەرەکانی شیعری باش چین؟ چ شیعرێک مەودابڕ و کات لەتکەرە؟ لە نێوان چی گوتن و چۆن گوتندا لایەنگری کامیان دەکەن؟ ئایا دەبێت هەموو شیعرێک خاوەن بابەتێک بێت؟ هەندێ دەربڕاو هەن، ناشیعریین، سواون، گوتەی ڕۆژانەن، چۆن شیعری کوردیی خۆی لێ بپارێزێت؟ یان بە جۆرێکیتر بێژین، ئایا پێویست دەکات شیعری کوردیی و ئەدەبی کوردیی خۆی لێ بپارێزێت؟ ئایا ڕاتان لەسەر کەمنووسی و زۆرنووسیی چییە؟ یان جۆرێکیتریش بپرسمەوە، چی لەبارەی کەم بڵاوکردنەوە و زۆر بڵاوکردنەوە بەیان دەکەن؟

**جەلال بەرزنجی:** لەگەڵ ئەو ناونیشانەم کە لەگەڵ ناوەرۆک، یان پەیامی دەقەکە دێتەوە. بە زۆری ناونیشان دوای تەواوبوونی نووسینی دەق دادەنێم، بۆ دۆزینەوەی ناونیشانێک لەگەڵ دەقەکە هارمۆنیەتی هەبێت، جاری وا هەیە، زۆرم پێدەچێت، زۆریان دەگۆڕم. هەندێک جاریش بە ئاسانی دێت. ناونیشان بۆ دەقەکە بایەخی هەیە لای من، وەک دەرگای چوونە ژوورەوەیە لە دەق! بە زمانێکی چڕ، سادە، جوانی ڕاو بکات و خۆشی و دڵنەوایی بە مرۆڤ بدات، بیخاتە ئەتمۆسفیرێکی ئاشتی، ئارامی و دیمەنەکان بێنە بەرچاو! لە هەمانکات وا بکات دیدی قووڵ و هەستی جوان بکات. شیعری پاک، ئەوانەی بە دیدی مرۆڤایەتی دەنووسرێن و لە کاریگەری ئایدۆلۆژی، ڕاستەوخۆ لە کێشە دوورن، زمانیان هونەرییە، ڕەنگدانەوەی هەستن لەسەر جوانییەکانی

دەوربەرمان و ناکۆکییە ئاڵۆزەکانی ناوەوەمان و لە کاتی داهێنان دەژین و کاتی ئاسایی تێدەپەڕێنن.

هەردووکیان لای من گرنگن لە نووسینیش دەبێت، نووسەر شتێک بڵێت. یان پەیامێکی هەبێت، بەڵام دەبێت چۆنایەتی باش بێت و بە ستایلێکی هونەری و جیاواز بنووسرێت. خۆپاراستن لەو جۆرە شیعرانە دەوەستێتە سەر پێشینەی ڕۆشنبیریی شاعیر، چۆنایەتی زمانی، خەیاڵی تازەی و چۆنیەتی دنیابینینی ئەگەر لە سەرەوە تەنک نەبن، بەرهەمیان جوان و زیندوو دەبێت!

هەڵبەتە، چونکە ئەگەر شتی سواو، کلێشە و لاسایی ئەوانی تر بکەیتەوە و داهێنان نەکەیت و شتی جیاواز نەنووسیت، خۆت نیت، نازانم ئەوانە خۆیان نین چۆن و تا کەی لەژێر کاریگەری و پەراوێزی نووسینی ئەوانی تر دەنووسن؟! بە ڕای من، باڵای داهێنان بە زۆر نووسین و کەم نووسین ناپێورێت، ڕامبۆ یەک کۆمەڵەشیعری هەیە، کاریگەری زۆری هەبوو، لەسەر شیعری مۆدێرنی فەڕەنسی و سنووری فەڕەنسای بڕی. ئێستە لە هەموو دنیا دەخوێندرێتەوە لە زۆر وڵاتان خراوەتە بەرنامەی خوێندن. زۆر نووسەریش هەن دەیان کتێبیان هەیە، زەمەن بڕ ناکەن. لای من چۆنایەتی گرنگە نەک چەندایەتی. کەم نووسین لەگەڵ کەم بڵاوکردنەوە جیاوازە، نووسەری وا هەیە زۆر دەنووسێت، بەڵام کەم بڵاو دەکاتەوە. هی واش هەیە، ئەوەی دەینووسێت حەز دەکات، زوو بڵاوی بکاتەوە. هێمینگوای، دەڵێت: پێش ئەوەی بەرهەمەکانم بڵاو بکەمەوە دووسەد جار پێیاندا دەچمەوە و پاک نووسیان دەکەم. ڕۆماننووس هەیە ڕۆمانێک بە شەش حەوت ساڵ دەنووسێت، بە بۆچوونی من پەلە هەم لە نووسین هەم لە بڵاوکردنەوە نەکەیت، لێگەڕێیت بەرهەمەکەت لە ناوەوە پێبگات بۆ ئەوەی ئاماژەت بداتێ تا بینووسیت. تێناگەم هی وا هەنە چۆن دەتوانن ڕۆمانێکی قەبە بە ساڵێک، یان کەمتر بنووسن؟

**دیار لەتیف:** درەخت و شاعیر لە ڕوویەکەوە لێک دەچن، درەخت پێویستی بە ئاو و خۆرە، شاعیریش بۆ بەپێزکردنی دەقەکەی ئاتاجی بە مەعریفە و زانیارییە. ئایا کۆمەڵگە و مرۆڤی کوردی، بۆچی هەرگیز پێی خۆش نەبووە بە شاعیر بانگی بکەیت! ئاخۆ نەریتی خێڵ لە نیمچە دوورگەی عەرەبی، ڕەنگدانەوەی بەسەر ئایین و شیعر هەبووە؟ شیعر لە ئیسلامدا هەم نەخوازراوە، لە لایەکیتریشەوە ڕێپێدراو، بەتایبەت لەو وەختەی نەبێتە زیان بۆ سەر بەهاکان! ئیسلام لەگەڵ شیعری چاکەخواز و بێگەرددایە و شیعرێک خزمەت بە ئاسمان بکات. هەرچەندە دەقی پیرۆز هەوڵی بۆ ئەوە دا ئەو نەریتە عەرەبییەی پێش ئیسلام لەناو ببات و خێڵ لە بەرانبەر بنەبڕکردندا وەستایەوە و تەنانەت ڕێساکانی خێڵ بووە هۆکاری دیسان چاکسازی لە سڕینەوەی کولتوور و کولتووری شیعریی ئەوکاتی دوورگەی عەرەبیی بەر لە ئیسلام، کە ئاسەوارەکانی بۆ ئێستاش درێژ دەبێتەوە. ئیسلام توانی ژیانی کۆمەڵایەتی عەرەب بگۆڕێت، بەڵام لە گۆڕینی کولتووری ئەدەبییدا شکستی هێنا. ئایا ئەوە هێزی ئەدەبە بەرانبەر بە هێزی ئایین دەوەستێتەوە؟

**جەلال بەرزنجی:** لەبەر ئەوەی تێگەیشتنی کورد بۆ کەسیەتی شاعیر لاوازە، جاران جیاوازییان لە نێوان شاعیر و شایەر نەدەکرد. جگە لەوەش، هەتا ئێستە کەسانی وا هەنە شاعیر بە کەسێکی دەست و پێ سپی، خەیاڵی ناو هەوران دەزانن و پێیان وایە شاعیران هەمیشە مەست و حەیرانن وەک پەپوولە حەزیان لە دووری مۆمە. لەوەش سەیرتر، چونکە دنیای واقیعی و کلێشە شاعیران تێر ناکات، مامەڵە لەگەڵ دنیای جوانی و فەنتازی دەکەن، پێیان کەسی زۆر تەواو نیین.

لەبەر ئەوەی شیعر هێز لە گیان، خەیاڵ و ڕەنگدانەوەی هەستی لەسەر ئاڵۆزییەکانی ناخی مرۆڤ و سرووشت وەردەگرێت و ڕاقیترین جۆری دەربڕینی ئەدەبییە، بۆیە ئەو هێزانە لە هەوڵدان بۆ سڕینەوەی، شکستیان هێنا و شکست دەهێنن. هەتا ئەو ئایەتەی لە کاتی

بڵاوبوونەوەی ئیسلام لە دژی ئەو شیعرانەی لەسەر بنچینەی قورئان نانووسرێن، خەون، ڕاوکردنی جوانی و ڕامان سەرچاوەی  نووسینیانە، نەیتوانی ئەو کارە بکات و کولتووری پێش ئیسلام کە شیعری جاهیلیە، دوای ئیسلامیش شیعری هونەرییە بسڕێتەوە.

## دیدار لەگەڵ کۆچەر ئەبوبەکر

کۆچەر ئەبوبەکر: لە ئێستادا ئەوەی ئێمەی بە دنیای دەرەوە ناساندووە تراژیدیاکەمانە، نەک وێژەمان.

کۆچەر ئەبووبەکر: خاوەنی کتێبێکی شیعرییە بە ناوی (کۆترەکانی باوکم). یاداشتنامەیەکیش بە ناوی (هیچ)، هەنووک لە دەرەوەی وڵات دەژی.

**دیار لەتیف:** نووسەر دەروون نەخۆشە، نەخۆشییەکەی لێ وەربگریتەوە، نەک نووسین، تەنانەت کەڵکی ژیانی نامێنێت. لەو دێڕەدا زێدەتر مەبەستم لە وێژەکارە. هەندێک نووسەر هەن تووشی دوورەپەرێزییەکی لەڕادەبەدەر لەگەڵ کەتواری دەورووبەر و تێکەڵاوی کۆمەڵایەتی دەبنەوە، خۆیان دەپەستێننە گۆشەیەک و لەبارەی ژیان و خەڵک و جڤاتەوە وتار و بەرهەم دەهۆننەوە، بەڵام گوتارێک بە یارمەتی کتێب، نەک بە کۆمەکی ئاوێتەی کۆمەڵگە و دەوروبەر، نووسەر لە زەوییەک و کۆمەڵگەش لە زەوییەکیتر. ئایا ئەمە وا ناکات گوتارێکی بانزەوینی و دوورە کەتواری دۆخ بهێنێتە ئارا و نامۆبوونی گوتار بۆ وەرگر درووست بکات؟

لە هەمانکاتدا نووسەر هەن تێکەڵاو بە دۆخ و کۆمەڵگەن و گوتاریان هەڵقووڵاوی دڵی کۆمەڵگە و کەتوارە. ڕاستییەکەی دەکرێت بڵێین نووسەر کوڕی کۆمەڵگە و کەتوارەکەی خۆیەتی؟ نووسەری چاک و نووسەری خراپ کێن؟ چی خەسڵەتێک وا دەکات ئاوەڵناوی خراپ، یان باش بەسەر نووسەردا بسەپێت؟ نووسەری مشەخۆر کێیە؟ بە دیاریکراوی ئەم ساڵە نزیکانەی دوایی، پێگەی نووسەری کورد کەوتووەتە لێژایی و بەرانبەر هێرش و تەنانەت سووکایەتی تووش بوونەتەوە، ئەو ناوبانگە ئەفسانەییەی لە ماوەکانی پێشیندا هەیانبوو کەوت و تا ڕادەیەک ڕێز و بەها و پیرۆزی لە دەست دا. لەبارەی نووسەربوون و نووسەرەوە چی دەڵێین و هەروەها کورتەیەکی ئەزموونی وێژەیتمان بۆ باس دەکەیت؟

**کۆچەر ئەبوبەکر:** پرسیارەکان هەریەکەیان، ڕووبەری چەند تەوەرێکیان پێویستە بۆ وەڵامدانەوە. نووسەر مرۆڤی ئەشکەوت نییە و لە نێوجەرگەی کۆمەڵگەیەکەوە هاتۆتە بوون و هاتۆتە نووسین، بێگومان نووسینیش زادەی بەریەککەوتن و ئەزموونیەتی لەو کۆمەڵگەیەدا.

کۆمەڵگە وامان لێ دەکات، ئەوەی لە دەوروبەرمان ڕوودەدات بە بەڵگەنەویست وەریبگێڕینە نێو نووسینەوە، هەر بەم هۆکارەش کاتێک نووسەر نووسین دەکاتە کێشەی خۆی، پردێک لە نێوان نووسەر و کۆمەڵگەدا درووست دەبێت. مەرج نییە نووسین تەبا بێت لەگەڵ کۆمەڵگەدا، لەگەڵ زەمەنەکەی خۆیدا، هەتا لەگەڵ مرۆڤایەتیدا، بەڵکوو زۆر جار پێچەوانەی ڕەوتی کۆمەڵگە ئاڕاستە وەردەگرێت و دەشبێت وا بێت. تۆ پێچەوانەی ڕەوتی کۆمەڵگە پیاسەکانت دەکەیت و مەڕە ڕەشەکە تۆیت.

نووسین بۆیە هەیە، چۆن ناکۆکییەک هەیە لە نێوان نووسەر و زەمەن و کۆمەڵگەکەیدا، ئێمە بوونەوەرە قەلەق و ڕاراکەی نێو مرۆڤایەتین. ئێمە لەگەڵ زۆربەی شتەکاندا ناکۆکین، دژایەتی ئایین دەکەین، سیاسەتمان قەبوڵ نییە، دەمانەوێت مێژوو بگۆڕین، خاوەنی وچانێک نین سەبارەت بە دنیای ناوەوەمان، ئەمەیە وا دەکات بڵێین نووسەرەکان لە جیهاندا تەنیان. منی نووسەر، کە نامەوێت چالاکوانی سیاسی بم، کە نامەوێت هەڵسوڕاوێکی کۆمەڵگەی مەدەنی بم، کە نامەوێت لە کۆبوونەوە ناکۆتاکاندا بەشدار بم، هۆکارم هەیە، هەراوزەنای ناو ئەم قاپە ئایسکرێمە وا دەکات لە خۆم دوورکەومەوە، کە من لە هەرشت و هەرکەس زیاتر پێویستم بە خۆمە و پێویستمە لای خۆم بم. دەکرێت لە پەنجەرەکەمەوە سەیری دەرەوە بکەم و لەبارەی دنیا و ئاڵۆزیەکانیەوە بنووسم. ئەمە واتای ئەوە نییە دەرەوە لە پەراوێزدایە، دەکرێت بەشداری خۆپیشانەکان بکەم و لە کۆتاییدا هوتافی من لە خزمەتی نووسیندا بێت. کاری من نووسینە و کچی نەک تەنیا کۆمەڵگەیەک، بەڵکوو خۆم بە کچی دەیان کۆمەڵگە دەزانم و لەبارەیانەوە دەنووسم. واتای ئەوە نییە، کە من سەر بە عەوام نەبووم ئیدی لە دنیا بێئاگام و ناتوانم خەمی مرۆڤایەتی بهێنمە نێو نووسینەکانمەوە، کاری من ئەوەیە بە دنیادا بگەڕێم و شادی و نیگەرانییە

وردەکان ببینم، دەبێت سەرقاڵی دۆزینەوەی فرەچەشنی و فرە ڕەهەندی بین، سەرقاڵی دۆزینەوەی کەرەستەی بەکار نەهاتوو بۆ نووسینەکانمان. دڵنیام بۆ هەموو نووسەرانی تریش هەر وایە. بەڵێ وەک پێشتر لە دیدارێکی تردا ئاماژەم پێکردووە، نووسین نەخۆشییە، نەخۆشییەکی دەرونی.

کاری ئێمەیە مێژوو نۆژەن بکەینەوە و کار لە مێژووماندا بکەین، ئەمەیش بەوە ناکرێت، کە تۆ گوتارت لەسەر هەموو پرسێکی ڕۆژ هەبێت و خۆت لە هەموو کێشەکانی نێو کۆمەڵگە هەڵقورتێنیت، ڕاستییەکەی، ئەوە ساتی مەرگی نووسەرە. کاری تۆ ئەوەیە، کار لەسەر ئەدەبیاتی نەتەوەیەک بکەیت و بە جیهانی بناسێنیت، کاری تۆ ئەوەیە، لەبارەی زەوییەکەوە بنووسیت، کە خەریکە ئەفلیقێتەوە، نەک سەبارەت بەوەی چەند مانگە مووچە نەدراوە. بێگومان هەموو ئەمانە دەکەونەوە سەر نووسەر و لە منەوە بۆ تۆ دەگۆڕێت. دەکرێت لای هەندێک ڕێچکەی وەک دەڵێیت نامۆبوونێکی بێزراو بگرێت. نامەیەکی مارکسم بیر دەخاتەوە، کە بۆ (ڕووگ)ـی نووسیوە، دەڵێت: (هەلومەرجی نائومێدی ئەو کۆمەڵگەیەی تیایدا دەژیم، پڕم دەکات لە ئومێد) نائومێدی، بێزراوترین وشەی نێو ئەدەبیاتی کوردییە.

با کاری من نەبێت بەوەی نووسەری باش و خراپ پۆلێن بکەم، بەڵام بە ئاماژەیەکی بچووک مەبەستمە بڵێم، کە جیاکردنەوەی بنووس لە نووسەر ئەوەیە، کە ڕووداوێک لە زماندا بخوڵقێنێت، ئێمە دەبێت خەریکی زمان بین و کار لە زماندا بکەین، کار لە تەکنیکدا بکەین، بەردەوام لە خۆ نوێکردنەوەدا بین، یەک کەسایەتیمان نەبێت، بەڵکوو بە چەندین کەسایەتییەوە بەر دنیا و دەوروبەری بکەوین و مامەڵە بکەین، مامەڵەی ئێمە تەنیا لەگەڵ شتە گەورە و ڕووداوە گەورەکاندا نەبێت. من لەسەر ئەم بۆچوونەم ڕووبەڕووی ڕەخنە بوومەتەوە، بەڵام ئەوە هەقیقەتە، کە نووسەر پێویستە چەندین کەسایەتی لە خۆیدا بدۆزێتەوە

و لەگەڵ هەریەکەیاندا مامەڵەیەکی جودا بکات. ناکرێت من تەواوی ژیان یەک ئایدیاڵم هەبێت و بە یەک چاو سەیری جیهان بکەم، ناکرێت من تەواوی ژیان لە یەک گۆشەنیگاوە شرۆڤە بکەم، تەواوی ژیان سەر بە یەک ئایین بم و بە یەک پیاوم خۆشبوێت و لە یەک جوگرافیادا بمێنمەوە و پێشم وابێت خەریکم باش دەنووسم، نوسەری باش خەریکی بیرکردنەوە و ئەخلاقێکی ئازادە. نووسەر پێویستە بنووسێت پاشان بژی، نەک بژی و پاشان بنووسێت. نووسەر پێویستە گەڕۆک بێت، هیچ ماڵێکی نەبێت و هەموو شوێنێکیش ماڵی بێت.

پێویستە کار لەسەر ماف و مرۆڤ بکەین، نەک مافی مرۆڤ، ئەم دوو چەمکە لێک جودا بکەینەوە و بە جیا کار لەسەر هەریەکێکیان بکەین. لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، زۆر سیاسیانە و ئایینیانە ئەم چەمکانە دابەشکراون و کاریان لەسەر کراوە و ئەمە لە ئەدەبیاتیشدا ڕەنگی داوەتەوە.

لەبارەی پەراوێزخستنی نووسین و نووسەری کوردەوە، دەمەوێت بڵێم باسەکە تەنیا پەیوەست نییە بە یەک لایەنەوە، بەڵکوو دەکرێت چەند هۆکارێک و چەند مۆدێلێک هەبن، بێگومان دەیبەستمەوە بە کرانەوەی دنیای کوردی بە ڕووی جیهاندا، ئەمەش خوێنەری چاوکراوە و زیتەڵەی درووست کردووە، خوێنەرانێک، کە تا ئاستێکی باش ئاگاداری ئەدەبیاتی دنیان و بە ئاگاییەوە مامەڵە لەگەڵ نووسین و نووسەری دنیای کوردیدا دەکەن. خوێنەری ئێستا قسەی هەیە و ئەو چیدی بە نووسینی کاڵ و کرچ ڕازی نابێت.

ژیانی ئێستا، ژیانی شوقەنشینی و فاستفوودە، خوێنەرەکانیشی بێ کات و بێ حەوسەڵەن، کە من پێم وایە زۆر شت بەرەو لەناوچوون دەچن، هیچ زەمەنێک هێندەی ئەم زەمەنە، نووسەری کورد پەیوەندی خۆی لەگەڵ خوێنەردا ون نەکردووە. هەتا دێت مەودای نێوان نووسینی

کوردی و خوێنەر فراوانتر دەبێت. نووسەری کورد جۆرێک سووڕانەوەی نوێی هەیە، کە دەکرێت لە گۆشەی جیاوازەوە سەیری بکەین، ئەگەر ئەدەبی کوردی لەناو ئەم سووڕانەوەیدا مۆدێلە زاڵەکەی خۆی نەدۆزێتەوە، پێم وانییە، بتوانێت بمێنێتەوە. هەروەها، دەیگەڕێنمەوە بۆ جۆری چێژی تاکی ئێستا، کە پەیوەندی بە تەکنۆلۆجیاوە زیاترە لە پەیوەندی بە کەرەستە ڕۆحییەکانەوە.

کە بێگومان نووسین بەدەر نییە لەو کەرەستە ڕۆحیانە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەموو لینکەی کە تاکی ئەمڕۆی سەرقاڵ کردووە بە خۆیەوە، ئەو هەموو ئۆپشنەی کە لەبەر دەستیایەتی، مرۆڤی ئێستا زۆر سەرقاڵە، پێم وانییە هەرگیز پێشتر مرۆڤ هێندەی ئەم سەردەمە سەرقاڵ بووبێت. لەناو ئەم سەرقاڵییەدا دوایین شت کە بیری لێ دەکاتەوە بچێت بەلایدا ئەدەبیاتی کوردییە. زۆر پێویستە ئەوە بڵێم کە کاتی ئەوە هاتووە نووسەری کورد، خۆی نۆژەن بکاتەوە و نەزمی نووسینی بگۆڕێت، کاتی نوسەری دووبارە و دەقی دووبارە و زمانی دووبارە بەسەرچوو. پێویستە گوتاری کوردی گۆڕانی ڕیشەیی بە خۆیەوە ببینێت، خوێنەری ئێمە چیدی منداڵۆچکە نین و گەورە بوون، ئێمە کەرەستەی باشمان هەیە بۆ نوسین، وەلێ زمانێکمان نییە ئەو کەرەستانە لە نێو نووسیندا جێبکاتەوە.

**دیار لەتیف:** هەموان دەڵێن کاتی کۆن و دووبارەیی بەسەر چوو، باشە دەبێت کەی کاتی نوێبوونەوە بێت، کەی نوێی دەکەنەوە، چ کات کاتی ڕابوونەوە دێت!؟ هەموو تەنیا قسە دەکەین وەک لەوەی کارێکی گرنگی تێدا بکەین. سەرەتا کار، پاشان قسە، ئەوەی هەیە قسەیە و بێکار! تەنانەت ڕێزمانیانە بڕوانین، کردار لە زمان دەربهێنە زمان بێ مانا و ناتەواو دەکەوێتەوە. درووستبوونی هاوکێشەکە پێویستی بە کردارە. نایەژم کۆمەڵگەیەکی بێ کردارین، بەڵام کاتی ئەوەیە بێ کرداریی گوتار و کارمان بە ڕەخنە بکەین. لە جێیەکی وەڵامەکەتدا دەبێژی نووسەر

پێویستە بنووسێت پاشان بژی، نەک بژی و پاشان بنووسێت. ئەمە چی واتایەک دەگەیەنێت؟!

ئەوەی پێویستە بۆ نووسین کەرەستەکانی ژیاندنە. ژیان فێرگەیە، وزە و سەرچاوەشە بۆ کتێب، وەک ئەو پەندەی هەیە و دەگوترێت: گەڕۆکێک هێندەی حەکیمگەلێک دەزانێت! بە ڕابردوو و ئێستاشەوە ژنانێک و پیاوانێک لە ڕەخنەگر و وێژەکار و فێمێنیست دەکارن و هەوڵیانداوە ئەدەب بەسەر ڕەگەزی نێر و مێدا دابەش بکەن، ئەمە ڕەوایە؟ ئێوە وەک نەوەی تازە لەگەڵ نەوەی پێش خۆتان چی جیاتان دەکاتەوە؟ ڕێژەی کاتی نێوان نەوەکان مەبەست لەوە، لە ڕاپەڕینی دەیەی نەوەدەکانەوە دەپرسم. تۆ وەک شاعیر چیت سەرباری وێژەی کوردی کردووە؟!

**کۆچەر ئەبوبەکر**: بەو پێیەی ئەدەب پرۆژەی تاکەکەسییە و پەیوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ناوەوەی تاکدا هەیە، گرنگە بڵێم سەر ڕێخستنی ئەم بابەتە پێویستی بە بەخشینە لە نووسەرەوە، بەخشینی وزە، کات و هتد... بە کورتی نووسەری لەخۆبوردوو ئەم کارە بەرەو پێشەوە دەبات، کە تا ئەو ئاستە ئامادەیی کرانەوەی هەبێت بە ڕووی دنیای دەرەوە و ئەدەبیاتی دەرەوەدا بکرێتەوە و گوتارەکانی گوتاری جیهانی بن. چەندە گرنگە نووسەر وەرگربێت و ئامادەیی کرانەوەی هەبێت، ئەوەندەش گرنگە ئامادەیی فڕێدانی هەبێت، فڕێدانی ئەو کەسایەتییە گرگنانەی لەناویدان و کاریان بچووک هێشتنەوەیەتی، بەڵام لە پاڵ هەوڵی تاکەکەسی و خودیدا، ئەوەی گرنگە و خەمخۆرانی وێژەی کوردی پێویستە لە خەمیدا بن، ڕەخنەیە.

ڕەخنە ڕۆڵێکی ئێجگار گرنگی لە پێشخستنی ئەدەبیاتدا هەیە، کە لە دنیای ئێمەدا لە غیابدایە. تۆ تا ڕەخنەگری ئەکادیمی و دەزگایەکت

نەبێت بێلایەنانە دەق هەڵسەنگێنێت، ناتوانی ئەدەبیاتی نەتەوەیەک پێش بخەیت. لە خۆراوا ڕەخنە بووە بە کردەیەکی نەریتی و مێژوویەکی دووری هەیە. ڕەخنە چەندین ڕەهەند و قوتابخانەی هەیە و کار لەسەر هەربەرهەمێک دەکات، کە بڵاو دەبێتەوە. کەسی پسپۆڕ و شارەزا لەو بوارەدا قاڵ بوونەتەوە، ئەمە وای کردووە ئەدەبیاتی خۆراوا چەندین دەیە لە پێش هەر جێگەیەکی ترەوە بێت لە بواری وێژەدا، نەک هەر خۆراوا، تەنانەت لە وڵاتەکانی دراوسێشماندا بە هەمان شێوەیە.

لێرەوە لە کەوانەیەکدا مەبەستمە بڵێم ڕەخنەگری ئێمە یەک دوانێک نەبێت، ئەکادیمی نین و ڕەخنەگری ئێمە لەسەر بنەمای خزمایەتی، یاخود کینەیەکی زۆر لە نووسەر دەست بۆ دەق دەبات. بۆیە ڕەخنەی ئێمە یان ستایشە، یاخود لێدانە لە دەق. گوتاری ڕەخنەی ئێمە هەر لە سەرەتاوە، کە دەنووسرێت بۆ ئەوەیە بەدیلێک بۆ دەق بدۆزێتەوە و پێی وابێت گەر ئەم دەقە بەو جۆرەی ئەو دەیخوازێت بنووسرابا باشتر دەبوو. ئەم جۆرە لە ڕەخنە، کە بە دوای جێگرەوەدا دەگەڕێت بۆ دەق، ترسناکە. لە کەم ئەزموونی و بێئاگایی ڕەخنەگرەوەیە، لەم جۆرە ئافراندنەدا چاوەڕوانکردنی ڕەخنەگر لە نووسەری کورد و بەراوردکردنی بە نووسەرانی خۆراوا، یاخود نووسەری وڵاتانی دراوسێ کارێکی بێمانایە، چۆن هەموومان دەزانین ئەدەبیاتی هەروڵاتێک بۆ خۆی مێژوویەکی دووری هەیە.

ئێمە پێویستە لە سەرەتاوە دەست پێ بکەین، ئەدەبیات لای ئێمە تازەیە، ڕاستە لە سەرەتای سەدەی یازدەهەمەوە بابا تاهیر عوریان (بابا تاهیری هەمەدان) یەکەم چوارینەکانی خۆی نووسیوە، بەڵام هەتا چەندین سەدە دوای ئەو ئەدەبیاتی کوردی بێدەنگە و بە بۆشاییدا دەڕوات، کە بێگومان هاتنی ئیسلام بۆ ناوچەکە و گرنگیدانی کورد بە ئایینەکە، کاریگەری خۆی هەبووە هەتا دەگاتە سەردەمی حاجی قادری کۆیی. ئەم باسە زۆری دەوێت و بە کورتی مەبەستمە بڵێم ناکرێت

چاوەڕوانیمان لە نووسەرێکی کورد ئەوەبێت کە وەک نووسەرانی خۆراوا بنووسن. ئەدەبیاتی ئێمە هەتا ئێستایش لەو قۆناغەدایە، کە پێی وایە نووسین خۆخاڵیکردنەوە و هەستە، لە کاتێکدا لە خۆراوادا لە مێژە کراوە بە پڕۆژەی ژیانی نووسەر و بەرهەمی لۆژیک و هەست و ئاوەز و هتد...

ڕەخنەگری ئێمە هەتا ئێستاش کاری بەسەر ڕێزمان و خاڵبەندی کتێبەوە هەیە، ڕێگە بە خۆی دەدات سەرلەبەری کتێبێک ڕەت بکاتەوە بە بیانووی ئەوەی ڕێزمان و خاڵبەندی تەواو نییە، کە خۆی لە بنەڕەتدا ئەرکی ئەو دەزگایەیە، کە ئەو بەرهەمە چاپ دەکات، بەر لە بڵاوبوونەوەی کتێبێک پێویستە ئەو بابەتە یەکلایی بووبێتەوە و کتێب بە چەند فلتەرێکدا ڕۆیشتبێت، کە ئەمەش بۆ خۆی بابەتێکە پێویستە قسەی لەسەر بکرێت، بەڵام بۆ ئێستا نا. لە پاڵ ئەمەشدا، دیسانەوە دەگەڕێمەوە سەر ئەو خاڵەی، سەرەتا بەر لە هەرشتک نووسەر نووسین بکاتە پڕۆژەی ژیانی، هەر ئەوەی کە پێشتر ئاماژەم پێکرد، نووسەر گرنگە بنووسێت، پاشان بژی، نەک بژی پاشان بنووسێت.

بەو مانایەی نووسین تاکە پڕۆژەی ژیانی بێت، ژیانی ئاسایی بخاتە ئەولاوە و باجی گەورە بۆ نووسین و دنیای نووسین بدات و خۆی بۆ نووسین تەرخان بکات. نووسین جۆرێک لە شەڕی ئەوێت، کە دەبێت لەگەڵ خۆت و دنیای دەرەوەی خۆتدا بەرپای بکەیت، گەر یەک دوو نموونەی نێو دنیای ئەدەبیاتی کوردی بێنمەوە، دەتوانم ئاماژە بە ئەحلام مەنسوور و بەختیار عەلی بدەم. ئەمانە ژیانی تایبەتی خۆیان بەلاوە ناوە، ماڵێکی گەرمیان لەنێو وشەدا درووست کرد. نووسین گرنگە ئامانجە باڵاکە بێت، ئەو نووسەرانەی، کە نووسین ئامانجە باڵاکەیە لەنێویاندا، باجی قورسیان داوە و بەردەوامیش دەیدەن و دەکەونە بەر تانەی مرۆڤی سەردەمەکەی خۆیانەوە، بەتایبەتی لە میللەتانی ڕۆژهەڵاتدا. نووسین ڕێڕەوی ژیانیان دیاری دەکات. بەگشتی تۆ کۆیلەیت، کۆیلەی

دنیاکەی خۆت، کۆیلەی ئایدیاکانی نێو سەرت، کۆیلەی نووسین، ئەو دیاری دەکات لەگەڵ کێدا بچیتە ژوان.

ئەو جوگرافیایەی سەفەری بۆ دەکەیت، دەتکات بە پەناهەندە، ئەو ئەپارتمانەی بە کرێی دەگریت، چۆن مامەڵە لەگەڵ دراوسێکانتدا دەکەیت، تەنانەت ئەو فەڕشەی لە ماڵەکەتدا ڕایدەخەیت، دیاری دەکات لەگەڵ کێدا ئاشنابیت و کێن ئەوانەی لە قاوەخانەیەکدا قاوەیان لەگەڵدا دەخۆیتەوە، هەتا بڕیار لە جۆری بۆنەکەشت دەدات، وا دەکات دەست لە یار و یاوەر هەڵبگریت. دەست دەخاتە ژیانتەوە، دەتکات بە کەرەستەی دێڕەکانی، قوربانی بۆ دەدەیت، قوربانی گەورە. نیتچە گوتەنی لە پێناو مەعریفەدا هەموو قوربانییەک ئاسانە، بەڵام بەگشتی نووسەرانی ئێمە دەژین پاشان دەنووسن، پاش هەموو شتێکی ژیانی، هەر وەخت مەیلی بێت دەنووسێت، وە ئامادە نییە بچووکترین گۆڕانکاری لە ژیانیدا بکات لە پێناوی دنیای نووسیندا.

ئەدەبیاتی ژنانە و پیاوانە ئەو بابەتەیە، کە دەیان جار قسەمان لەسەر کردووە و بابەتێکی سواوە، بەڵام هێشتاش ئەوە دەهێنێت قسەی زیاتری لەبارەوە بکەین، چۆن هێشتا بەرەیەک هەن نەک تەنیا لەنێو وێژەی کوردیدا، بەڵکوو لە ئەدەبیاتی هەموو دنیادا لێرە و لەوێ دەبینرێت بەمەبەست کار لەمەدا دەکەن، بە پاڵپشتی چەند بزووتنەوەیەک، کە لێرەدا پێویست نییە تیشک بخەینە سەریان، بەتایبەتی لە کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکان و ئەو کۆمەڵگەیانەی دەسەڵاتی نێرسالاری تیایاندا زاڵە، بەڵام با سەرنجی ئێمە زیاتر لەسەر ئەدەبیاتی کۆمەڵگەی کوردی بێت.

مێژووی ئەم جیاکارییە لە ئەدەبیاتدا یەکسانە بە مێژوی چەوساندنەوەی ژن لە کۆمەڵگەدا و بەڕێوەبردنی دنیا لە لایەن پیاوانەوە، دیسانیش ئایین ڕۆڵی خۆی هەبووە لەم جیاکارییەدا. وەک

دەزانین نووسینی ژنان هەتا سەدەی هەژدەش شاراوە بووە و ژنان ناچار بوون لەژێر ناوی پیاوێکدا نووسینەکانیان بڵاو بکەنەوە. بەو پێیەش ناچار بوون وەک پیاو بنووسن. ئەم سەنگەرگرتنەی ژن و پیاو لە یەکتر لەنێو وێژەی کوردیدا زۆر بە زەقی دەبینرێت و بە ڕوونی ژن بە بابەت کراوە و وەک کەرەستەی سێکس چاوی لێکراوە و پیاویش وەک سیمبولی دەسەڵات و شکۆ و توانا خۆی ناوزەد کردووە.

لە ئەدەبیاتی کوردیدا ئەم جۆرە لە دەق لە ئەدەبیاتی پیاوانە دەرچووە و بووە بە ئەدەبیاتی سێکسیزم، نموونەی زیندووشمان هەجووەکانی شێخ ڕەزای تاڵەبانییە، کە چۆن خۆی وەک چەقی دەسەڵات و نێرینە دەبینێت و ژنیش وەک ئامڕازی خۆخاڵیکردنەوە، یاخود نالی لە شیعری «مەستوورە»دا چۆن هێرش دەکاتە سەر مەستوورە و تەواوی ئەدەبیاتی مەستوورە ڕەت دەکاتەوە و تەنیا وەک ئامڕازی سێکس دەیبینێت و باس لە خەونێک دەکات کە بە مەستوورەوە بینیویەتی. نالی لەوێدا سکێچێکی سێکسی، خاڵی لە مەعریفە بۆ مەستوورە دەکێشێت. دەیان نموونەی ترمان هەیە و لە ئەدەبیاتی جیهانیشدا ئەمە بە ڕوونی دیارە. گەر چاوێک لە مێژوو بکەین ئەو داستانانەی کە نووسراون زۆربەیان ژنیان وەک بوونەوەرێکی شەڕانگێز، ئاژاوەگێڕ و کەم توانا، یاخود وەک کەرەستەیەک بینیوە. وەک دەبینین لە داستانی ئیلیادەی هۆمیرۆسدا شەڕی تەروادە لەسەر هێلینی ژنی شای سپارتە هەڵدەگیرسێت.

داپڵۆسین و دەستدرێژی بۆ سەر ژن لەنێو کۆمەڵگەوە گواستراوەتەوە نێو ئەدەبیات، ئالێرەوەیە ژن ئەدەبیاتی وەکوو ماڵی ڕازەکانی بینیوە و لەنێو ئەدەبیاتدا باس لە خەمە خودییەکانی خۆی دەکات. ئەم سەنگەرگرتنە مێژووی هەیە و بەو ئاسانییەش ئەم سەنگەرانە تێکناشکێنرێن. لە دەرەوەی هەموو ئەمانەش لەبەر ئەوەی پیاو کەرەستەکانی پیاوانەن و ژنیش کەرەستەکانی ژنانە، تا ئاستێک دەکرێت

ئاسایی وەریگرین بەو مەرجەی نەبێت بە تیرێک بۆ ڕەگەزی بەرانبەر. ئێمە ناتوانین ڕەخنە لە ژنێک بگرین کە وەک ژن دەنووسێت، پیاویش بەهەمان شێوە، بەو مەرجەی نەچێتە بابی پۆلێنکردنەوە و بە مەبەست کار بۆ ئەو پۆلێنکارییە نەکرێت. وەک چۆن ناتوانین ڕەخنە لەوە بگرین، کە بۆچی کەرەستەکانی تۆی پیاو جیاوازترە لە هی منی ژن، بۆچی تۆ چاکەت و پانتۆڵ لەبەر دەکەیت و منیش کراسی ژنانە، بۆچی من ماکیاژ دەکەم و تۆ ڕیش دەهێڵیتەوە، ئاواش ناتوانین ڕەخنە لە دەقێک بگرین کە کەرەستەکانی ژنانە، یان پیاوانەن، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە، لە هێڵە گشتییەکە لانەدەین و مرۆڤایەتی لەسەروو هەموو ڕەگەزەکانەوە لە بیر نەکرێت.

لە وەڵامی ئەو پرسیارەتدا، کە چ شتێک من وەک نەوەی تازە لە نەوەی پێش خۆم جودا دەکاتەوە، نامەوێت ئەدەبیاتی پێش خۆم بنرخێنم، چۆن نە کاری منە و نە ئێرەش شوێنی ئەوەیە، بەڵام خۆزگە کەسێک ئەوەی دەکرد. ئەوەی مەبەستمە لێرەدا زۆر بە کورتی ئاماژەی پێ بکەم ئەوەیە کە نووسەرانی پێش من نووسەرانێک بوون کەمتر من بە فەزا و ژینگەی ژیاریی سەردەمەکەی خۆیان ئاشنا دەکەن. باسی شێرکۆ و یەک دوانێکی تر ناکەم، بەڵام بەگشتی مامەڵەی ئەدەبیات زیاتر لەگەڵ ئەبستراکدا بووە و کەرەستەکانیان کەرەستەی خەیاڵی بوون، وەک ئەوەی کە ئەمان خۆیان لە هەقیقەتێک دزیبێتەوە، کە کۆمەڵگە و نەوەی ئەوکات بە دەستییەوە ناڵاندوویەتی. ئەم کەرەستە ئەبستراکیانە لە دنیای ئەمڕۆدا کاری پێناکرێت و ئەدەبیات ئیشی پێیان نەماوە. خوێنەری ئەم نەوەیە چاوکراوەن و نووسەرانیش خودایەک لە نووسیندا داناتاشن بەقەدەر ئەوەی بە ڕەقی بەر هەقیقەت دەکەون و لەبارەیەوە دەدوێن.

من لە ڕێی وێژەوە ناتوانم بزانم چی گوزەراوە لە ڕابردوودا و جەنگ و هەموو کارەساتەکان چ سیمایەکیان هەبووە، ئەوان زیاتر ڕۆحانی

بوون، (لێرەدا مەبەستەکەم کلاسیکیش دەگرێتەوە) ئێمە مەبەستمانە دەست لەو کەرەستانە بدەین، کە لەبارەیانەوە دەنووسین و دڵنیا دەبینەوە لە بەرجەستەبوونیان. کەرەستەکانمان کەرەستەی ڕۆژن، هەموو شتێک دەکرێت ڕۆڵی پێ بدەین لە دەقدا، لە کاتێکدا بەر لە ئێمە کۆمەڵێک وشە نەفی کرابوون لە دەقدا و بۆیان نەبوو ڕۆڵیان هەبێت. من تاوانباریان ناکەم، بەڵام وەک نەوەی دوای ئەوان مافی ئەوەم هەیە ڕەخنە بگرم، وەک چۆن نەوەی دوای من مافی ئەوەی هەیە ڕەخنە لە من بگرێت. ئەو پیرۆزییەی بە ئەدیب بەخشراوە لە ڕابردوودا، نەوەی ئێمە پیرۆزییەکان تێکدەشکێنێت و داب و نەریت و مۆدێلی تازە لە نووسیندا دەهێنێتە ئاراوە و پشتگیری ئایدیای تازە دەکات. نەوەی ئێمە بەردەوام لە خۆتێپەڕاندندایە، هەمیشە خەریکی نوێگەرییە و مەبەستییەتی خۆی و ئەوانی تریش بە هەمان خێرایی مۆدێرنە تێپەڕێنێت.

وێژەی پێش من و نەوەی پێش ئێمە ئەم ناهاوسەنگییەی نەبووە، ئەم نادڵنیایی و ڕاراییەی نەبووە، بەڵکوو زۆر خەیاڵساف لەسەر هەمان ڕیتم ساڵانێک نووسیویەتی و بگرە ئێستایش بە هەمان ڕیتم و ڕێچکە دەنووسێت. ئێمەی ئەم نەوەیە نەوەی ڕارایی و لەخۆڕازی نەبوو، پێمان وایە ناکرێت دەقی ئێستامان لەگەڵ دەقی ساڵێک لەمەوبەرمان جیاوازی گەورەی نەبێت، ئەم ڕاراییەش ئەدەبیات بەرەو پێش دەبات. بەگشتی نەوەی پێش ئێمە خولیای جێگیری و هاوسەنگی هەبوو و نەوەی ئێمە خولیای ناهاوسەنگی و ناسەقامگیری، هەم لە ئاکاریدا هەم لە وێژەیدا ڕەنگی داوەتەوە. ئەگەر بمخەیتە بەردەم ئەو پرسیارەی، کە من وەک نەوەی نوێ چیم بۆ ئەدەبیاتی کوردی زیاد کردووە، ڕاشکاوانە پێت دەڵێم، من هێشتا دەستم بە نووسین نەکردووە و ئێستا ئیدی بە نیازم دەست بە نووسین بکەم.

**دیار لەتیف:** ئایا چی قۆناخێکی وێژەییمان فرەتر قوتووێنراوە؟ بە شێوەیەکیتر بپرسمەوە، ئایا وێژەی کوردی قۆناغێکی هەبووە لە دۆخی هاوردەییەوە چووبێتە دۆخی هەناردەییەوە؟ لە جێیەک لە وەڵامەکەتدا تەواو تاریکبینانە لە بابەتی ڕەخنە و ڕەخنەسازی کوردی دەڕوانیت و وەک ئاماژەت بۆداوە دوو کەسێک ئەگەر هەبن! پێت وانییە هێجگار بەوجۆرە نییە و نەک لە ئێستادا، لە ڕابردوودا و چەند دەیەیەک پێش ئێستا کەسانێک هەبوونە ڕێبازیانە و بابەتیانە دەقیان شیکار کردووە. بە ئاگادارییەوە خۆم لەناوهێنان دەپارێزم، ئەگەرنا ناوی پێویست هەن جێی ئەوەن تیشکیان بخرێتە سەر. هەنووک کەسانێک هەم لەناو زانستگەکان کە ڕێژەیان سنووردارە، پاشان لەناو کایە ڕووناکبیرییەکە هەن، دەق لە دەرەوەی ناسنامەی کەسێتییەوە دەخوێننەوە. دەکرێت لە ئاستێکی کەمدابێت و تەنانەت زۆریش دڵخۆشکەر نەبێت، بەڵام خۆ لانیکەم ناوەندەکە هێجگار چۆڵیش نییە وەک ئەوەی ئێوە وێنای دەکەن؟!

ڕەخنە بە دەزگاییکردن خۆدزینەوە و خۆفریودانە. ڕەنگە لەو باوەڕەدابین دەبێت و پێویستە بینایەک درووست بکرێت و ناوی لێ بنرێت: خانەی ڕەخنەی کوردی و ئیدی ئاسوودەبین و پێمان وابێت ڕەخنەسازیمان هەم ساخ و بێگەردە، هەم بە دەزگایی بووە، گەر ئاوا بۆ ڕەخنە بڕوانین، ئەوە تێڕوانینێکی ساویلکانەیە. ئەوەی لە ڕۆژاوا لە بواری ڕەخنەدا هەیە، بابەتەکە کاتە و ساڵانێکی زۆر لە پێش ئێمەوە دەستیان پێکردووە، ئێمە وڵاتێکی داگیرکراوین و بە ئێستاشمانەوە لەژێر هەژموونی ترسێکی بێپایان دەژین و تا ئەم چرکەساتە لە قۆناغی بەرگریداین. لەگەڵ ئەوەشدا نیمچە سەربەخۆییەکمان تاقی کردەوە و حکومڕانییمان تەواو فشۆڵ و گەندەخۆر و جەردەیی دەرچوون و نەمانتوانی ناوچەکە ببینە قۆناغێکی ترەوە و کرۆکیانە پێشی بخەین، نەک ڕووکەشانە. ئەوە وایکردووە وێژە و ڕەخنەسازیمان دواکەوتووانە

بێت بە بەراورد بە وڵاتە پێشچووەکان، هۆکاری ناسەرکەوتووی لە بەڕێوەبەری و ناتەواوی لە خۆ پەروەردەکردن و بە فیرۆدانی کاتە!

لەگەڵ ئەوەدانیم ڕەخنەگر کاری خۆی لە ڕێنووس و خاڵبەندیدا کورت بکاتەوە، بەڵام خۆ ئەرکیشە لەسەر نووسەر ڕێزمانزان و لە هەمانکاتدا ڕێنووسساز و ئاشنای خاڵبەندی بێت. ئەوەش بەهانەیە باوەڕمان وابێت، چونکە زمانی کوردی ستاندارد نییە، ئیدی بایەخدان لەسەرمان پێویست ناکات. زمانی کوردی هەم پێشچووە و هەم پێشکەوتووشە و ئەوە بڕیاری سیاسییە ڕێگرە لە بەردەم بە فەرمی ستاندارد ناساندنیدا و هۆکاری دیکەش هەن. بەهانەی ئەوەی گوایە دەزگای چاپ، یان هەڵەگر ئەوکارە بۆ نووسەر کورت بکاتەوە و ئەنجام بدات. من لەگەڵ هەڵەگردام، بەڵام ئاخۆ بۆچی لەگەڵ ئەوەدا نەبین، کە شەرمە نووسەر ئاگاداری زمانەکەی خۆی نەبێت. نووسەر نموونەی باڵای بەکارهێنەری زمانەکەیەتی، هەڵەگر لەو کاتانەدا گرنگە کە نووسەر قاڵ و بێ کات بێت، نەک کتێبێک زبڵ لە ڕووی ڕێنووس و خاڵبەندییەوە بخاتە بەردەم هەڵەگرەوە و داماوی بکات.

لە پاژێکیتری وەڵامەکەتان ئاماژە بۆ دوو ناو دەکەن، کە چونکە ژیانی تایبەتی خۆیان بۆ نووسین تەرخان کردووە، ئیدی خاوەن ماڵی گەرمن! لەو ڕستەدا جۆرێک زێدەڕەویی دەبینرێت، دەیان ناو هەن نەچوونەتە خەڵوەتی نووسینەوە و دەژین و دەنووسن، ئەزموون دەکەن، کەچی خاوەن بەرهەمی گرنگ و تایبەت و دیارن و لە کاتێکدا ناویشن و هەر لێرەدا ناوبهێنم دەناسرێن و هەموان دەیانناسن، چ دەستەبژێر و چ جەماوەی خوێنەر و چ خوێنەری چالاک، لە بەردەم ڕێژەگەریداین، کەواتە مەرج نییە لە بواری ڕۆشنبیریدا یەک سەرباری یەک بخەیت دوو بکات! لە جێیەکدا دەڵێیت ئەدەبیاتی نەوەی پێشوو بەکلاسیکەوە، ڕۆحانین و وێنای سەردەمەکەی خۆیان ناکەن جگە لە سێ ناو، کە ئاماژەت پێکردووە. دەپرسم: ئایا چامەکەی نێوان نالی و سالم وێنای

سەردەم و ڕۆژگارەکەی خۆیان نەکردوون؟! ئایا مەحوی نابینیت چۆن وێنای کۆمەڵگەی مەلا و سۆفیمان بۆ دەکات؟ ئایا ئەحمەد موختار و گۆران و ڕەفیق سابیر و حوسێن عارف و دەیان ناوی دیکە، کە ڕۆژگاری کۆمەڵگەی کوردیمان بۆ دەخەنە سەر خوان.

لە هەمان ناوبەنددا دەڵێن تازە دەتانەوێت دەست بە نووسین بکەن، ئاساییە ئەزموونی لە پێشینە ڕەت بکەیتەوە، ئەمە بۆ هەرکەسێکمان ڕێپێدراوە، بەڵام ئەو دەستەواژە ڕستەییە ئاماژەیەکی ترسناکی تێدایە لەوەی نووسەر ئەورووپایی نەبێت ناتوانێت نووسەر بێت! ئێوە بۆیە دەخوازن ئەزموونی ڕابردووتان ڕەت بکەنەوە، لە نیشتمان نووسراوە؟ بە نموونەیەک باسەکە کۆتایی دەهێنم، عەرەب و پاشان مرۆڤایەتی محەمەد ماغوتی هەیە، تەنانەت تا کۆتایی تەمەنی لە نیشتمانی عەرەبیدا ژیا و مرد و هاوکات جگە لە زمانی عەرەبی هیچ زمانێکی تری نەدەزانی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ماغوت لە گەورەترین شاعیرانی عەرەب نا، بەڵکوە لە مەزنترین شاعیرانی جیهانە! لەناو کوردیشدا وێژەکارمان هەن، تا لە زێد بووە لە دەنگە بەرچاوەکان بووە، کە چووەتە تاراوگە ئاستی نووسین و بەرهەمی بۆ خواری خوارەوە دابەزیوە.

**کۆچەر ئەبوبەکر**: وا دەر دەکەوێت، کە کۆی بەرسڤەکانی منت لە چوارچێوەیەکدا بچووک و بەرتەسک کردوونەتەوە و لە قاڵبت داون. من کاتێک باسی ڕەخنە دەکەم، قسەی من لەسەر پێشخستنی وێژەی نەتەوەیەکە، لەسەر ڕەخنەگرێک و دوان نییە، باسی من لەسەر چەندین ڕەخنەگر و چەند قوتابخانەیەکی ڕەخنەیی ئەدەبی مۆدێرنە، کە بە میتۆد و سکێچ و ڕەوشتمەندییەوە کار بکات، قوتابخانەیەک لە ڕێبازە ڕەخنەییەکان، کە دەق بخاتە ژێر چاویلکەی فیکر و فەلسەفەوە، دەق لە هەڵگری واتایەکەوە بگۆڕێت بۆ هەڵگری چەند واتایەک، چۆن هەر لێکۆڵەرێک جۆرێک خوێندنەوە بۆ دەق دەکات، چونکە وەک پێشتر

گوتم، ئەوەی ئەدەبیات لە قۆناغێکەوە دەباتە قۆناغێکی تر، دەکرێت بوونی ڕەخنەی جددی بێت. تۆ پێت وایە لە ڕابردوودا و ئێستایش چەند کەسانێک هەن، من باسی کەسانێک ناکەم، قسەی من لەسەر ڕەوتێکە، نموونەیەک و دوان کافی نین بۆ پێشخستنی ئەدەبیاتی نەتەوەیەک، ئەوە ئەگەر بمانەوێت ئەدەبیاتەکەمان پێشکەوتنێک بە خۆیەوە ببینێت، ئەگەریش نا، تا ماوین بەدیار چەند نموونەیەکەوە دادەنیشین و دڵیان پێ خۆش دەکەین و هیچ هەنگاوێک نانێین.

لە وەڵامی پرسیاری پێشوودا ئاماژەم بەوەدا، کە ئەدەبیاتی ئێمە ساوایە و چاوەڕوانی و بەراوردکردنی بە ئەدەبیاتی خۆراوا کارێکی بێمانایە، بەڵام خۆ دەبێت خاڵێک هەبێت ئێمە تێیدا هەنگاوێک بنێین و بچینە قۆناغێکی ترەوە، ئەم هەنگاوە بە چەند نموونەیەک ناکرێت، بەڵکوو پێویستی بە سەدان نموونە و کتێبخانەیەکی دەوڵەمەند هەیە لەسەر ئاستی زۆربەی ژانرەکان. چاوەڕوانی من ئەوە نییە لە ئێستادا ببینە خاوەنی تیۆری ڕەخنەی خۆمان، ئەمە ڕەنگە هەرگیز ڕوونەدات، بەڵام خۆ لانیکەم دەتوانین بەپشتبەستن بە تیۆری ڕەخنە و لێکۆڵینەوە لە خۆراوا جووڵەیەک بخەینە بوارەکەوە و ڕەخنە بکرێت بە پرس لە بوارەکەدا و غەمی بخورێت، وە کاتێک باس لە دەزگایەک دەکەم، مەبەستم دەزگای پڕکار و ئەکادیمی و جددیە، نەک ئەو دەزگا بێئاگایانەی، کە ئێستا لە کوردستان هەن و من تاقەتم نییە کەموکورتییەکانیان ڕیز بکەم، کە دەڵێم دەزگا، پێناسەی من بۆ دەزگا، هەمان پێناسەی تۆ نییە.

لەوەدا هاوڕام، کە پێت وایە نووسەر گرنگی بە ڕێنووس و خاڵبەندی بدات، بەڵام کام ڕێنووس، ئێمە هەتا ئێستا خاوەنی ڕێنووسێکی یەکگرتوو نین، ڕەنگە ئەو ڕێنووسەی من کاری پێ دەکەم تۆ کاری پێنەکەیت، ڕێنووسەکەشمان وەک سیاسەتمانی لێهاتووە، هەرناوەندێکی چاپ و

بڵاوکردنەوە لە دژی ئەوی دی ڕێنووسێکی قوت کردۆتەوە و کاری پێدەکات.

پێم وابێت هێشتا زۆر زووە بۆ کردنی پرسیاری ئەوەی، ئایا ئەدەبیاتی ئێمە هیچ قۆناغێکی هەبووە، لە هاوردەوە پێ بنێتە قۆناغی هەناردە، کردنی وەها پرسیارێک بە پشتبەستن بە پاشخانێکی دەوڵەمەند دەکرێت، ئێمە دەبێت جارێ بێین ژانرەکان جیا بکەینەوە و چەندین بەرهەمی وێژەییمان هەبێت، وەک ڕۆمان و چیرۆک و نۆڤلێت و ژیاننامە و هتد... و بە پڕۆژە کار بۆ وەرگێرانی بەرهەمەکانمان کرابێت بۆ زمانی بیانی و خاوەنی کتێبخانەیەکی باش بین، ئەوکات دەتوانین وەها پرسیارێک بخەینە بەر باس، لە ئێستادا ئەوەی ئێمەی بە دنیای دەرەوە ناساندووە تراژیدیاکەمانە، نەک وێژەمان، واتە ئێمە لە ڕێگەی هەڵەبجە و ئەنفال و شەنگال و هتد... لە خۆراوادا ناسراوین، نەک لە ڕێی ئەدەب و میوزیک و سینەماوە. باسی هەوڵی تاکەکەسی ناکەم، کە بە هەوڵ و جوهدی تاک لێرە و لەوێ کار کراوە، بۆ نموونە وەرگێڕانی مەحوی لە لایەن بەڕێز ئەحمەدی مەلاوە بۆ زمانی فەڕەنسی، یەکێک لەو هەوڵانەیە و من بەرز دەیانرخێنم.

کاتێک ئاماژە بەوە دەدەم، کە ئەدەبیاتی ئێمە و بەتایبەتیش کلاسیک ئەدەبیاتێکی ڕۆحانی و تەسەووفی بووە، درووست مەبەستم ئەوەیە، کە ئێمە قۆناغێکی درێژمان هەیە، کە قۆناغی ئەدەبیاتی مزگەوت و حوجرەیە، مەزەندەی ئەوە بکە کە ئەدەبیاتێک لەنێو حوجرەدا بەرهەم هاتبێت چەند دەرگای لێ داخراوە و چەند بچووک و تەسک کراوەتەوە، ئەوە جگە لە شیعر و لەم دواییەشدا جۆرێک لە پەخشان، هیچ ژانرێکی تر دەستی بۆ نەبراوە، زیاتر ڕێچکەی تەریقەتێکی وەرگرتووە وەک لە ئەرکی ڕاستەقینەی ئەدەب، مەحویش پێوەی دیارە، کە چەند دەستداخراو کاری کردووە بۆ ئەوەی لەنێو کۆمەڵگەکەیدا جێی بێتەوە.

ئەوە ڕەنگە هۆکارێکی گرنگ بێت، کە وای کردووە ئەدەبیات لە مێژودا نائامادە بێت.

بۆچی پێت وایە، من بە هۆکاری ئەوەی لە غوربەتدا نەمنووسیوە، ئەزمونی ئەدەبی خۆم لە وڵات ڕەت دەکەمەوە؟ من پێم وایە تائێستا کات و دەرفەتم نەبووە، وەک ئەوەی پێویستە کار لە ئەدەبیاتدا بکەم و پێم وایە ئێستا کاتیەتی بە جددی کار لە ئەدەبیاتدا بکەم و ئەوەی لەپێشووتردا نووسیومە لە پەراوێزی ژیان و کار و وزەی مندا نوسراوە و ئێستا ئیدی مەبەستمە بەرپرسیاریەتی ئەدەب هەڵبگرم.

## دیدار لەگەڵ بەیان سەلمان

**بەیان سەلمان: لە کۆمەڵێکی باوکسالار و نێرپەرستدا، فیگۆری پیاو نووسەرێکی ستەمکار بەرهەم دەهێنێت، نەک ڕۆشنبیرێکی ڕاستەقینە.**

**پێشاندان: بەیان سەلمان ڕۆماننووس و شاعیر و وەرگێڕ، ژنە نووسەری ڕژدی کورد، لە (١٩٦١) لە کەرکووک هاتووەتە ژیان. لە تاراوگە دەژی و چەندین بڕوانامەی لە بواری ئەدەبی هاوچەرخ و ئەدەبی فەڕەنسایی بە دەست هێناوە.**

**دیار لەتیف:** ڕۆمانی «بوراق» چەمکێکی ئایینیی وەرگرتووە و مەغزای پشتەوەی ئەم ناونیشانە بۆچی دەگەڕێتەوە؟ بوراق چیرۆکی ونبوونەکان و کۆمەڵانێک دەگێڕێتەوە، کە کەوتوونەتە ناو ماشێنی هەلاجی بەعسییەکانەوە. ئایا ئەم ڕۆمانە هەڵگری خەونێکە، کە پێویستە گۆزاری بکات و لێرەوە گوزارشت و سەربارێکی دیکەت هەیە؟

**بەیان سەلمان:** ئەو ناونیشانە بە مەبەستەوە دەستنیشانم کرد. دروستە لە واتایەکی ئایینییەوە هاتووە، بەڵام بۆ من سەرچاوەی ئەفسانەیە. یاریم لەسەر ناوی گەڕەکێک کرد بە بولاخ ناسراوە. هەردوو وشەکەم تێکەڵ کرد بۆ ئەوەی لایەنی ئەفسانە و ناوی ڕاستی ئەو گەڕەکە

لەیەک بدەم. وایە ڕووداوەکانی بۆ سەردەمی حوکمی بەعسییەکان دەگەڕێتەوە. خەڵکی ئەو سەردەمە، سەرەتا لە حوکمڕانی ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر و دواییش سەدام حوسێن، کەسانێک لە خۆیانەوە دیار نەدەمان، بەڵام هەموانیش دەیانزانی کە ڕفێندراون، یان لە «قەسر النهایە» زیندان کراون، یان بێسەروشوێن کراون، یاخود کوژراون. چیرۆکی ئەو کەسانەیە کە تێکەڵ بە ژیانی پیرێژنێکی بە ئەسڵ مەسیحی ئەرمەنیی بووە و دوا ساتەکانی مردنیم تێکەڵ بە ژیانی کەسایەتییە سەرەکییەکە و ڕووداوەکانی تر کردووە، کە هەمووی لە ڕێی بیرکردنەوەی ئەو کەسایەتییە دەورووژێندرێن. هەروەها، دۆخی ئەو سەردەمەی ڕووداوەکان تێیدا ڕوویان داوە.

**دیار لەتیف:** وەک ئەوەی لە ڕۆمانی «نەوەکانی مادایی»ـدا هەیە، گەڕانەوەیە و باسکردنە لە کۆیلەیەتی و داگیرکاری، ئاخۆ دەتانەوێت ئەوە بەرباس بدەن کە مرۆڤ خووڕەوشت و سرووشتێکی حەز جووڵاو بەرەو زۆرداری و ستەمی هەیە؟

**بەیان سەلمان**: زۆر بە کورتی، دەتوانین بڵێین نەوەکانی مادایی پێشبینیکردنێکی تاڵە بۆ چارەنووسی مرۆڤ بە درێژایی مێژوو. باس لە سەردەمێک دەکەم کە کارەسات و نەهامەتی گەورەیان بەسەردا هاتووە، ئێستاش مرۆڤی ئەم ناوچانەی ئێمە لە هەڕەشە و مەترسی بە دوور نین، بەڵام هەتا چەند دەتوانن بەرگری بکەن؟ هەتا کەی مرۆڤەکان بێئاگا دەبن لەوەی دراوسێکەت چی لە پشتییەوە شاردۆتەوە! مرۆڤ بە ئاگا نەبێت بێگومان دەبێتە کوێلە، زمانی تێکدەشکێندرێت و مێژووی دەسڕدرێتەوە. هیچ سەردەمێکیش لەوە بە دوور نییە. پێشکەوتنی گشتی لە جیهاندا دۆخی نەگۆڕیوە، پتر ئاڵۆزتری کردووە. ئەوەتا خۆمان لەناو ئەو دۆخانەدا دەژین! کورد مەحکومە بەوەی هەرساتێک ڕووداوێکی کارەساتاوی بێتە پێشێ و هەموو دۆخەکە بگەڕێتەوە ئاستی سەرەتای سەرەتا.

**دیار لەتیف:** لە ڕۆمانی «یاداشتی عەتر و ئاگر»دا بە کەسایەتییەک بەرجەستەمان دەکەیت، وەک ئەوەی شکست مانایەکی کاتییە و هەمیشە هەوڵ بۆ بەگەڕخستنی خەونگەل دەدات و دەبێتە نموونە و پێشەنگ بۆ کەسانیتر، ئایا چیترمان پێدەڵێت گەر سەرنجێکی دیکەت بۆ خستنەڕوو هەبێت؟

**بەیان سەلمان:** کەسایەتییەکانی ناو ئەو ڕۆمانە وێڕای شکست، هەڵدەسنەوە. وێڕای هەلومەرجی ژنبوون و تەنیایی وجوودی هەر بەردەوام دەبن لەوەی ژیان واتای لە لایان هەبێت. زۆر گرنگە مرۆڤ بتوانێت لە هیچ و لە بەدبەختی واتای گەورە بدۆزێتەوە و ببێتە وزەیەکی هاندەر بۆ خۆی و بۆ دەوروبەری. باجە و دەوڵەت وەکوو دوو پاڵەوانی سەرەکی ڕۆمانەکە لەو کەسانەن کە هیچ ڕایان ناگرێت. ئەو مرۆڤەی لە دۆخێکی نالەباردا قەتیس دەبێت ناتوانێت خۆی بۆچوونی تەندرووستی بۆ دەوروبەری هەبێت. ئەو ژنانە بە پێچەوانەوە ژیلەمۆی ڕووداوەکانی دەوروبەریانن. ئەوانن کە ژیان لە لایان بەهای هەیە بە هەموو ناخۆشییەکانەوە. ئەوە سیفەتی مرۆڤی تێکۆشەریشە.

**دیار لەتیف:** پاراتێکست خامی کتێبە، چ ناونیشان و ڕووبەرگ و کلێشەسازیی، هەریەک ڕۆڵی زانین و ڕامان و تێگەیشتن بە بەردەنگ دەبەخشن، پرسگەی چوونە ژوورەوەن بۆ ماڵی دەق و ناوەرۆک. پاراتێکست وەک پارچەکانی ماشێنە و بونیاد و هاوکار و بزوێنەرە بۆ گەیشتنە ئامانجێک. پێگەی ناونیشان لە ڕۆماندا و بەتایبەت ڕۆمانی کوردی چۆن هەڵدەسەنگێنیت و پاشان پێش ئەوەی بپرسم، دەمەوێت بێژم ناونیشانی «یاداشتی عەتر و ئاگر» بزوێنەر و سەرنجبەر دێتە پێشچاو. دەپرسم، ئایا پایەی ناونیشان لای ئێوە لە چ ئاستێکدایە؟ چەند گرنگی بە ڕەگەزی ناونیشان دەدەن و لاتان جێی بایەخە؟

**بەیان سەلمان:** بەڵێ زۆر گرنگە، چونکوو بەشێکی خوێندنەوە پشت بەو ناونیشانە دەخوێندرێتەوە. ناونیشان بۆ خودی نووسەر وەکوو سەرەتای داوەکەیە کە دەیگرێت و ڕێنمایی دەکات بۆ داڕشتنەوەی دەقەکە، تەنانەت کە دواتر ئەگەر خواستت بێت بیشیگۆڕی هیچ لەوە ناگۆڕێت کە سەرەتا ڕێی خۆش کردووە بۆ چوونە ناو چیرۆکەکە. بۆیە ناونیشان بۆ هەموو نووسەرێک وەکوو بناغەیەکە، گرنگە زۆر بیری لێ بکرێتەوە پێش ناونان. بۆ «یاداشتی عەتر و ئاگر» دەیان ناونیشانم بۆ هەڵبژارد هەتا هاتمە سەر ئەوەی بە درووستم زانی، چونکوو هەردوو تەوەری ئاگر کە کەرکووک پێی ناسراوە و ڕووداوە گرنگەکانی ڕۆمانەکە و ژیانی کەسایەتییەکان لە هەڵقووڵانی نەوتەوە لە عەردەکانیان دەبێتە خاڵی وەرچەرخان لە ژیانیان. بەشەکەی تری پابەندە بە عەترێک (بێگومان بە ئەنقەست نەمکردووە بە بۆن) کە بە نێوەندییەوە ڕووداوەکان یاداشت دەکرێن. عەتر فاکتەرێکی گرنگە لەو ڕۆمانە بۆ وروژانی یادەورییەکانی کەسایەتییەکان.

**دیار لەتیف:** شارێک خەیاڵێکی شاعیرانەی تێدا نەبێت، ڕۆیشتنیش پێیدا دڵتەنگکەرە، خاڵییە وەک بەرینایییەکی بەتاڵ لە ژیان. ئایا ئێمە شارمان نییە، خاوەن کۆمەڵێک بلۆک و چیمەنتۆ و قیرین!؟  کۆمەڵگەی نیشتەجێی ئۆردووگاین و لەژێر ناوی شاردا؟ هەمیشە حیزب لە ژینگەی ناشارییدا گەشە دەکات و زاڵدەستە. حیزبی کوردی سوودمەندی سەرەکییە لەو پاشاگەردانییە نائاوەزییە دەرە شارستانەی کە ڕێگرە لە بەردەم تاکی هۆشیار و دامەزراندنی بنەمایەکی تاکگەرایی شارییانەدا. حیزب گرنگی بە کۆمەڵان دەدات، ئیشی ڕشتنی ژەهری ئایدۆلۆژیاکەیەتی بەناو خەیاڵدانی جەماوەردا. حیزب جەماوەری دەوێ نەک تاک. شاری ڕاستەقینە لە وێنای حیزبدا دووژمنە.

**بەیان سەلمان:** پێم باشترە بڵێم دەسەڵات بە گشتیی ژەهرێکە و دەپرژێندرێتە سەر ژیانی هەموو کەسێک بۆ ئەوەی ملکەچ بێت و لە

بڕوای ئەوانەوە «لادەر نەبێت.» دەسەڵات، کاتێک دەبێتە نوێنەری فەرمیی دەوڵەتیش لە حوکمڕانی، فۆڕمێکی تیرۆریست لە خۆی دەگرێت. چونکوو پرەنسیپی مرۆڤ تیرۆر دەکات، نەک ئامانجی کەسەکان بهێنێتە دی بە خواستی ژیانێکی شکۆمەند. دەسەڵات هەمیشە دەترسێت لە کەسی یاخی، بچووکترین ڕووداو لە لای دەبێتە دیاردەی زەق و بە پیلانگێڕان تەماشای دەکرێت. لەبەر ئەوە کە باس لە شار دەکەین، باس لە شوێنێکە، کە تاکەکان بتوانن ژیانیان تێیدا بە ئاسوودەی بەسەر بەرن. بوێرن بیروڕایان دەربڕن، تەنانەت ئەگەر دژی دەسەڵاتیش بن، ئەوە خراپکارییەک نییە و ئەوەندەی مەبەست چاککردنی دۆخ و هەلومەرجی خەڵکە، مەبەستی بەدفڕیی لە دوا نییە، چونکە مەبەست چاککردنی ژیان و هاوتەباییە لە نێوان هاوڵاتییان، نەک تێکدانی. بێگومان ئەگەر تاکەکان هەست بە ئازادی نەکەن، بواری دەربڕینی خۆشەویستی نەبێت، شەوان لەگەڵ هاوڕێیانیان کاتی خۆش بەسەر نەبەن، پیشەیان نەبێت بتوانن بە ڕێز و شکۆی خۆیان خەرجییەکانیان دابین بکەن، ئەوە لە کۆنسێپتی شار لادەدات و وەک گوتت دەبێتە ئۆردووگایەکی نیوچە کراوە کە مرۆڤ دەکاتە ناو وەهمی نیشتەجێبوون لە شار.

**دیار لەتیف:** بۆچی توێژینەوەی قووڵ و فرە لقمان لەسەر شار لە ڕۆمانی کوردیدا نییە؟ دەگەینە ئەو باوەڕەی کە شار لە ڕۆمانی کوردیدا وەک پێویست نەڕسکاوە، شارێک بە ڕووخسار و کرۆکی شارێتی و تازەگەرییەوە. ئایا ئەوە کێماسی ڕۆمانی کوردی نییە کە نەیتوانیوە وێنای شار لە گێڕانەوەسازیدا بخاتە یادگە و هەرێمی بینینەوە؟ یان هەر لە سەرەتاوە نەمانتوانیوە شارمان بە پێوەرەکانی شارێتیبوون هەبێت و ئەوەی هەیە ڕووکەشە و هەربۆیە ڕۆمانەکانمان گرتەیەکی تەڵخی شارمان بۆ دەگوازنەوە کە وەرگر تێر ناکات؟

**بەیان سەلمان:** دەبێت لە زانکۆکان، واتە بواری ئاکادیمی بیر لەو جۆرە کار و نووسینانە بکەنەوە. بە بڕوای خۆم توانیومە بابەتی شار لە هەریەکێک لە ڕۆمانەکانم بخەمە کار، بە بۆچوونی جیاواز و سەردەمی جیاوازیش. شار پێکهاتەی فیکرییە و پێگەیەکی کۆمەڵاتی گرنگە بۆ گەشەکردنی تاکەکان. گرنگ نییە باس لە کام شار دەکەیت، گرنگ ئەوەیە ستراکتووری شاری تێدا بەدی بکرێت. بۆیە لە لای خۆمەوە، لە یاداشتی عەتر و ئاگردا، کەرکووک بە تەواویی ئامادەیە، وەکوو شارێکی گرنگ خۆی سەپاندووە، گرنگە لە ڕووی هەڵقوولانی نەوت و چینە کۆمەڵایەتییەکان و پێگەی زانستی کەسایەتییەکان و هاوپەیوەندی و ئاخافتنی هەمەجۆر لە نێوان هەموو پێکهاتەکانی بە کورد، عەرەب، مەسیحی، جوو، تورکمان، کاکەیی، سوبی و هتد...

لە بەسەرهاتەکانی خەزنە مەملوک دەچمەوە سەردەمی شاری بەغداد کە ئەو دەمانە لە گەرمەی گەشەکردنیدا بوو. لە «دەریا و خەونە شاراوەکەی مەرجان» دەچینەوە سەر سەردەمی دێرینی بەسرا وەکوو شارێکی گرنگی گەشەکردنی بازرگانی. لە «باڵندەکانیش دەنیشنەوە» دەچینە ناو شارێکی وەکوو پاریس. ئەو ئامادەبوونەی شار لە خۆڕا نییە، پوختەی بۆچوونی سەردەمەکەش دەخاتە بەر دید و بۆچوونی خوێنەران.

**دیار لەتیف:** گێڕانەوەی شار لە ڕۆمانی کوردیدا سەرمەستە بە یادەوەری و گەڕانەوە بۆ منداڵیی و سۆز بۆ لەدەستچوونی کات و جێیەکی بارگاوی بە یادەوەری، سڕینەوەی ئەو کاتجێ و یادگارییانەی کە نووسەری کورد وەک بەهایەکی مەزن لێی دەڕوانێت. شار لە کۆی قۆناغەکانی ڕۆمانی کوردیدا بە ئێستاوە، پێوەری شاری مۆدێرن تا چەند ڕەنگی داوەتەوە؟

**بەیان سەلمان:** نیوەی ئەو پرسیارەم وەڵام دایەوە، بۆ نیوەکەی تری دەڵێم، یادەوەریی، دوور و نزیکیش، واتە لەوانەیە دوێنێکە ڕووداو

هاتبێتە پێش و ئەوەش دەبێتەوە بە یادەوورییەکی نزیک؛ زۆر گرنگە بۆ هەڵسووڕانی کارێکی ئەدەبی. گرنگە بزانی چۆن ئەو یادەوەرییە دەورووژێنیت، چۆن دیسان تاوتوێیان دەکەیت و کەرەستەکانی دەکەیتە بابەتێکی ئەدەبی پشت بە پێگەی ڕۆشنبیریی نووسەرەکە، ئەزموونی و خوێندنەوەکانی بۆ فیکر و دەقی تر. یادەوەریی ڕووت بەهای نییە تیشک بخەیتە سەری، بەڵکوو چۆن ئەمڕۆ ئەو یادەوەرییە دەبینیت. هەر بۆیە بەشێکی ڕۆماننووسەکان دیمانە و چاوپێکەوتن ناکەن، چونکە دەترسن لە دەرچوونی زانیاریی تایبەتی بە ژیانیان کە بۆ نووسینەکانیان بەکاری دەبەن، کێشە لەوەیە ئەو نووسەرانە لە وەهمدان، چونکوو وەکو گوتم یادەوەریی وەک «کەرەستەی خاو» بەهای نییە، بەڵکوو کاتێک دەیکەیتە کاری داهێنان. مەبەستم لەوەیە، تەنانەت ئەگەر هەموو شتێکیش بخاتە بەر دەستی خوێنەر لە چاوپێکەوتنێکی وەکی ئەمە، ئەگەر بە ڕاستی داهێنەر بێت ناترسێت، چونکوو دەکاتە ئەوەی هەرگیز هیچی نەگوتووە سەبارەت بە ڕاستی ئەوەی لە ڕۆمانەکانیدا بەکاری دەبات. ئەوەی ناو ڕۆمان دەقی ئەدەبییە نەک داڕشتنەوەی یادەوریی، ئەگینا بە ژیاننامە و خودنووسینەوە ناوی دەبەین، ئەوەی لە دیمانەدا ئەنجامی دەدات بۆچوون و بیروڕایە لەبارەی کاری کۆمەڵێ سەرنجی ئەدەبی.

**دیار لەتیف:** ئایا چی قسەیەکت هەیە لەسەر ئاییندەی ڕۆمانی کوردی و بە پێچەوانەوەش قسەیەک لەسەر ڕابردووی ڕۆمانی کوردی؟ ئایا دەقی ڕۆمانی کوردی وەک ئەوەی ڕۆلان بارت لە کتێبی «s/z» دەستنیشانی کردووە دەقی نووسەرانە و دەقی بەردەنگانە. دەقێک، کە بەرهەمهێنە و دەقێکی تریش یەک ڕەهەند و ناچالاک لە بەرهەمهێنانی مانا، دەقێک کارگەیی و دەقیکی تریش بەرخۆر. ڕۆمانی کوردی لە کام وێستگە بەرهەمهێنە و لە کوێدا شەمەندەنەفەرێکی پەککەوتووە بە فارگۆنێکی پڕ سەرنشینی وێژەوانی غەمگینەوە؟ ئایا دەقی ڕۆمانی

کوردی لە پاش پرۆسەی 2003، تا ئەم ساتەوەختە دەلاقەی نوێی بە ڕووی نەشونمادا کردووەتەوە؟ یان لە گۆشەیەکی قەتیسماودایە و تەنانەت تاریکیش؟! ئایا تا چەند پێویستە ڕۆمان بۆ خودی سەربەخۆیی خۆی بگەڕێتەوە وەک لەوەی سەر بە ڕێبازێک بێت؟

**بەیان سەلمان:** ئەوانە پرسیارگەلێکی زۆرن پێکەوە، بەڵام دەتوانم بڵێم، بە تەنیا من نیم تاکوو حوکمی ڕۆمانی کوردی بکەم لە ڕابردوو، بەڵام دەتوانم بڵێم لە داهاتوودا ڕۆماننووس و ڕۆمانی زۆر لە دایک دەبن. هەموو ئەوە ناکاتە کواڵەتییەکی پێشنیارکراو، بەڵکوو ئەزموون زۆر دەبێت بە حوکمی کرانەوەی جیهانی بەسەریەکدا و پێشکەوتنی ئامرازی هاوپەیوەندی و فێربوونی زمانی جیهانی تر. هەر بوون بە ڕۆماننووس واتە دەبییەوە بە کەسایەتی، چونکە ئەزموونی هەریەکێک لە کاراکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکەت دەکەیەوە، تەنانەت بە دار و بەرد و بوونەوەریش.

مادەم نموونەکەی ڕۆلان بارتت هێنایەوە، منیش لەدوای ئەو جەخت لە گرنگی ئەوەی پێی دەڵێت «لیزیبلیتێ lisibilité» واتە ئەوەی دەخوێندرێتەوە، ئەوەی خوێنەرێک دەیخوێنێتەوە لێی تێبگات. جاری وایە نووسەر خۆی شتێکی نووسیوە، بەڵام نازانێت بۆ! هەر بە هەمان واتاکەی بارت، گرنگە دەق پڕاوپڕ بێت لە واتا. دەقێک لاسای دەقی تر بکاتەوە دەق نییە، چونکوو ناکاتە ئەوەی خۆی دایهێناوە. ئەوەش جودایە لە ئیستلهامکردن، واتە ئەوەی دەقی تر وەک شوێنەوار بەسەر هزری و خەیاڵیدا بە جێی دەهێڵێت. ئافراندن مەرجێکی دنیای ڕۆماننووسینە، مەرجێکی ڕەهایە بۆ وەرگرتنی دەقێک ئەگەرچی کەمێک دواش بکەوێت، ئەمە ناکاتە ئەوەی کە دەقێکە (ناخوێندرێتەوە) بەڵکوو دەقێکە درەنگ کۆدەکانی هەڵدەهێنێت و کلیلەکەی دەدۆزییەوە، ئەوەش زۆر جیاوازە لە بیرۆکەی دەقێکی خراپ.

**دیار لەتیف:** لە بواری ڕۆژنامەنووسی و ڕۆشنبیریی و وێژەییدا، ژنانی کوردی سەدەی بیستمان، پۆلێکی پەراوێز دەبینرێن بەتایبەت لە گەرمەی دەرچوونی ڕۆژنامە و گەشەی بزاوتی گێڕانەوەی پەخشانی و نەشونمای وێژەییدا، باشوور لە بیستەکانەوە دەست پێ دەکات، تا کۆتایی پەنجاکان. دواتر دەیەیەک دۆخی وێژەیی و ڕۆژنامەگەری بەرەو سڕبوون دەچێت، لە دەستپێکی هەفتاکان دوو بزووتنەوەی وێژەیی کارنامەی نوێگەری ڕادەگەیەنن، خۆ دەبینین ژنان کەمترین ڕۆڵیان تێیدا نابینرێتەوە. ئەمە بۆ فەرامۆشکاری و قۆرخی نێرسالارانەی پیاوانی ڕووناکبیرانی ئەو سەردەمە دەگەڕێتەوە، یانژی ستەمی کۆمەڵایەتییانەی نەریت و ئایین، یاخود هەر بە ڕاستی هۆکاری نەهاتنە پێشەوە بۆ خودی ژنان خۆیان گەڕاوەتەوە؛ دەگەڕێتەوە؟ دەخوازم بپرسم و تەنانەت تامەزرۆی هەڵهێنانی ئەو ڕازەم، بۆچی لەناو کورد و تایبەتتر باشوورییەکان، بە درێژایی سەدەی بیست، ڕووبەڕووی قڕوقەپیی ڕۆماننووسی ژن دەبینەوە؟ ئاخۆ هەنووکەش ئاستی نووسەری ڕۆماننووسی ژن، دڵخۆشکەر و هەڵکشاوانەیە؟ کاتێک دەڵێم هەڵکشاو، مەبەستم پێوەری ژمارەیی نییە، پێوەری هونەریم پێ گرنگە.

**بەیان سەلمان:** ژنی ڕۆژنامەنووس و نووسەری ژن بەگشتی، پێویستە لە ڕاستییەک تێبگات، ئەگەر دەیەوێت بە ڕەنجی شانی خۆی بگاتە پلەیەک دەبێت خۆی هەوڵی بۆ بدات، بۆی تێبکۆشێت، کار و بەرهەمی داهێنەرانە بەرهەم بهێنێت. نەک بۆ بڵاوبوونەوەی شیعرێکی لاواز ئامادە بێت بەرانبەری بدات. گرنگە ئەو جۆرە ژنانە بزانن کاتێک ئەوە دەکات هەرگیز نایهێنێتە پێشێ. بێجگە لەوەش، دەیان کەسی باش ماوە کە هاوکاری بکەن بۆ گەیاندنی بیرۆکەکانیان، با درەنگیش بگات. کەسێک پەلەپەل دەکات ئەنجامەکەی بەسەریدا دەشکێتەوە. لە کۆمەڵی باوکسالار نابێت کچان چاوەڕوانی مەرحەمەتی ئەو جۆرە پیاوانە بن کە پێشوەخت داویان بۆ ناونەتەوە. من هیچ کاتێک ئەوەندە ژنی

ڕۆژنامەنووسم نەبینیوە وەک ئەوەی ئەمڕۆ، بەڵام دەنگیان وەک نووزەیەکە، ڕۆژنامەنووسی وەکوو هەموو بوارێکی نووسین داهێنانە، دەبێت زۆر بخوێنێتەوە، ئامادەبێت خۆی لە بابەتی گرنگ بدات و بۆی تێبکۆشێت، نەک بابەتێک بنووسێت دەیان جار بەرهەم هێندراوەتەوە!

**دیار لەتیف:** وەک پایەیەکی پیاوانە، پێگەی ڕووناکبیریی ژنان گۆشەنشین خراوە، هەرچەندە ڕەنگدانەوەی ئەم دیاردەیە تەنیا بۆ کورد و لەناو کورددا نییە، فرەگەلێک لە نەتەوەکان دەگرێتەوە، ئامادەیی ژنێکی وەک ڕۆزا لۆکسمبۆرگ، دەبێتە دەرچەی ڕووخانی مەزنترین ئیمپڕاتۆری ئەورووپایی، قەیسەری ئەڵمانیایە. ئێمەش مەستوورەی کوردستانیمان هەیە، ناوێکی پرشنگدارە لە مێژووی ڕۆشنبیریی و وێژایەتیمان، سەرنجێک بدەین لەو شیعرەی نالی هەجووی دەکات، تێڕوانینی پیاوانی منەوەری ڕۆژگاری پێشوومان بۆ دەر دەکەوێت. دەبینین مێژووش هێندە لەگەڵ ژندا نییە، ناوی ژنانی هزربەرهەمهێن، پاشکۆی بیرمەندان و نووسەرانێک دێت! کاتێک ئۆنتۆلۆژیای شیعری فارسی دەنووسرێتەوە، ناوێکی ڕەونەقداری وەک فرووغ فەروخزاد، دەسڕدرێتەوە و نەبان و تیرۆر دەکرێت.

**بەیان سەلمان:** مێژوو هەتا دوێنێکە پیاو بە تەنیا نووسیوێتییەوە. پیاوێک بەرهەمی سیستەمێکی باوکسالارە و لەسەر سەیرکردنی ژن بە کەم پەروەردە کراوە. کە دەشڵێین پیاو، واتە مرۆڤ بە هەموو باشیی و نەخۆشییە دەروونییەکانیشی، لەبەر ئەوە ئاساییە کە ناوی ژنانی داهێنەر ئەگەر هەشبوون نایەتە پێشێ و ناورووژێندرێت. بەڵکوو ژێر دەخرێت بۆ ئەوەی ژن لە ئاستی خۆی بمێنێتەوە. هەموو ئەو بۆچوونانە لەدوای شەڕی جیهانی گۆڕانیان بەسەردا هات، ئەو دەمانە ئیتر پیاو چوون بۆ بەرەکانی شەڕ و کارگەکان پێویستیان بە دەستی کاری ژن هەبوو.

دوای ئەمە، ژنان دەستیان بە وتووێژی جیدی کرد بۆ مافەکانیان و لەو وڵاتە ڕۆژاواییانە پێگەی ژن هەڵسەنگێندرا. ئێستا سەدان ژنی پسپۆڕ و زانا و فەیلەسووف و نووسەر و توێژەرەوەی زۆر گەورە هەن و ناتوانن بە لایاندا بڕۆن بێ ئەوەی شەپقەکانیان بۆ هەڵنەبڕن. ژنی لای ئێمە دەبێت بگاتە ئەو ئاستە، بەڵام کێشە لەوەیە کە ئێمە کۆمەڵگەیەکی بەرهەمهێنەرمان نییە، تاکوو کار بکاتە سەر گۆڕینی هەلومەرجی مرۆڤ بەگشتیی.

**دیار لەتیف:** ئاخۆ چونکە ڕۆمان دەرگاکانی واڵایە بەسەر بەرینی گێڕانەوەی ناکۆتکراوی ڕەگەزە ڕەوانبێژییەکان، وەک لای شیعر دەبینرێت، ئاسانترە بۆ خۆبەیانکردن و کرانەوەی زۆرتر بەسەر خۆتدا و هەڵڕشتنی ژیننامە و گرێیە دەروونی و جڤاتییەکان، وا دەکات ژنان دوور بن لەم ڕەگەزە وێژەییەی ناوی ڕۆمانە، لەبەر ئەوەی کۆمەڵگەی ناپێشکەوتووین و تاکگەرایی نیین و دەستەکۆ دەژیین و بیر دەکەینەوە، بۆیە دەرفەتەکە تەسک و دژوارترە بۆ ژنان ڕووبکەنە کایەی ڕۆماننووسین. ئایا ئێستا دۆخی کۆمەڵگەی کوردی باشتر و تەندرووستترە؟ یان ئەوەی کۆمەڵگە هیچکات دۆخی جێگر بە خۆیەوە ناگرێت. کۆمەڵگەی پەروەردەیی ڕاهێنراو ڕێی تێدەچێت، بەڵام یەک ئاڕاستە لە تێگەیشتن بۆ کۆمەڵگە دەمانخاتە بەردەم هەڵەبڕیاردان لەسەر کۆمەڵگە. بۆ نموونە دەکرێت ژنکوژی لە دەیەی ئەمڕۆ بەراوردی دەیەی ڕابردوو، ڕێژەی کەم ببێتەوە، یان بووبێتەوە، ئەوەش بە هۆکاری بڵاوبوونەوەی هۆشیاری گشتییەوە و چاندنی زانین و پەروەردە و بالگاشی میدیایی و ڕۆژنامەییانە و هەڵمەت و بڵاوکراوە، ڕێژەکە دابەزێنین، بەڵام دەرەنجام کۆمەڵگە هەمووی خوێندەوار نین، هەموویان خاوەن تۆڕەکانی ڕاگەیاندن نین و جگە لە بەرهەڵستی ڕەوتە ئایینییەکان و هۆزگەرییەکان، بەڵام ئاخۆ تا چەند بە ڕاستی دۆخی ئەمڕۆمان ئاوارتەییانەیە؟

دەخوازم دەرچەی پرسێک لە ئەدەبیاتمان بکەمەوە، ئەویش ئەدەبیاتی فێمێنستییە. ڕەچەڵەکی وشەکە بەر لە هەر شت لە پزیشکیدا بەکار هاتووە و مێژووەکەی بۆ ساڵی 1871 دەگەڕێتەوە، بە مانای لێکۆڵینەوە دێت سەبارەت بەو ژنانەی ڕواڵەت و هەڵسوکەوت و مامەڵەیان لە پیاو دەچێت. لێرەدا بە مانای (نێرەمووک) دێت، نەک هەر تەنیا مەبەست لە شێوازی ڕواڵەت و جلوبەرگ. دواتر، ئەم زاراوە بە پێی قۆناغ و کات گۆڕانکاری بەسەردا هات و بەتایبەت ساڵانی 1970 گەشەی فراوانی کرد، پەلیهاویشتە ئەدەبیات و کۆمەڵناسی و ڕەوتی هزرییەوە. ئەم بزووتنەوە ژنانەیە لە بەرانبەر کولتووری زاڵی پیاوسالاریدا سەری هەڵدا و لقی جۆراوجۆری لێ کەوتەوە.

بگەڕێینەوە سەر قەڵەمی ژن لە ئەدەبیاتی کوردیدا، دایەتەورێزی هەورامی یەکەمین ژنە شاعیرە دوو بەیتی نووسیوە. هەروەها، زیلەخانم لە هۆزی جاف و نەرگس خانمی شارەزوور، فاتمەلوڕە، ڕێحان خانمی لوڕستان و... بە هەورامی هۆنراوەیان نووسیووە، بەڵام سەرنج بدەین دەبینین ئەم ئەدەبەی ژنانی شاعیرانی کورد بە پێی پێوەرە هزرییەکەی ئەم ڕەوتە، بزاوتی ژنانە نین و لاسایکردنەوەی هەمان ڕەوتی شیعری پیاوانە و ناوەرۆک ئایینی بووە، کەمتر زۆر کەمتر ئاوێتەی هەستی ژنانەی خۆیان بوونە.

لەمەشدا هۆکارە مێژووییەکەیە و ئەم ڕەوتە لە ڕووی ڕاگەیاندن و دامەزراندنی مۆرکی هزرییەوە بەرهەمی ڕۆژاوایە، بۆ ئەو سەردەمە هێشتا نەک هەناردە، تەنانەت چێ نەبووبوو. ئەگەر خوێندنەوەیەکی مێژوویی بۆ کۆمەڵگەی کوردەواری بکرێت، زۆر باشتر ڕوون دەبێتەوە، کە خاوەن کۆمەڵگەیەکی کراوەین و بە هۆکاری هەڵکەوتەی تۆپۆگرافی و کشتوکاڵییەوە، هیچ جیاوازییەکی زەق نەخراوەتە نێوان نێر و مێ، باشترین و زیندووترین نموونەی ئێستاییمان هەورامانە. کارە هەرەوەزییەکان ئەو مەودا تۆخەی جیاوازی نێوان هەردوو ڕەگەزەکەی

سڕیوەتەوە و کاڵ کردووەتەوە، لە هەمانکاتدا دەکرێت بە جۆرێکیتریش ئەم پرسە بخوێنینەوە، بەڵام دەبینین ئەدەبیاتمان جۆرێکیترە، ئەدەبیات هاوشانی ئەو پێشکەوتنە ڕەگەزییەی قۆناخەکە نەبووە، نەیتوانیوە تابووشکێن بێت، بەتایبەت ئەدەبیاتی قۆناغی یەکەمی کلاسیک، بەڵام ئەدەبیاتی فۆلکلۆرییمان لەبەر ئەوەی دەرهاویشتەی توێژی خەڵکە گشتییەکەیە، پێشکەوتوو و دەستکراوەتر بووە.

مەستوورە وەک ئەدەبیاتی نووسراو هەوڵی دەرچوون لەو ڕێسا باوانەی هەیە، ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردی هاوشان نەبوونی بۆ هۆکارێکی زۆر گرنگ دەگەڕێتەوە، چونکە ئەم ئەدەبیاتە، سەر بە چینێکی باڵابووە، بۆ توێژی گشت نەنووسراوە، ئەمەش وایکردووە درەنگ ڕۆچووەتە ناو بەردەنگەوە و درەنگ دەستی خەڵکی پێگەیشتووە، پەرچەکرداری توێژی گشتیی لە خەڵک بەرانبەر ئەم ئەدەبیاتە کەمتر بووەتەوە و زۆرتر ڕووگەی لە ئەدەبیاتی فۆلکلۆریی بێت و بکات. هۆکارێکیتریش ئەوەیە کۆمەڵگە کرانەوەی پێخۆشتر بووە وەک لە ڕێسا و لە بریتیدان و پێبەستە نەریتییەکانی ئەدەبیاتی کلاسیک.

پاش خوێندنەوەی سرکمان بۆ ڕەوتی ئەدەبی ژنانە لەناو ئەدەبیاتی کورددا، لەدوای ڕاپەڕینەوە قۆناغێکی تازەی ئەدەبیی لە ئەدەبی ژنانە سەر هەڵدەدات و دەنگی نوێی ژنە وێژەوان هاتە ئارا. لێرەوە پرسیارێک نەشونما دەکات، ئاخۆ ئەم ژنە شاعیرانە لەپێناو بوێریدا، هونەری شیعرییەتیان لە دەقدا نەکردووەتە قوربانی؟ ئایا چەمکی ئەدەبیاتی ژنانە و ئەدەبیاتی پیاوانە تا چەند درووستە؟ ئایا مەرجە هەموو جار ئەدەبیاتی ژنانە ئەدەبیاتێکی فێمێنیستی بێت؟

ڕەنگە بۆچوونێکی لەمجۆرە هەبێت، کە نابێت ئەدەبیاتی ژن ئەدەبیاتێکی مرۆڤانە بێت و لە پێناو دۆزی مرۆڤایەتیدا بنووسرێت، ئەوەش لە پێناو ونکردنی دەنگی ژنێتی لەناو دەقدا، ئایا ئەمە

تۆخکردنەوەی جیاکاری نابێت؟ هەڵبەت ژن هەم مرۆڤە و هەمیش مێ، ئایا بەوجۆرە، جۆرێک لە قاڵبدان و بەرتەسککردنەوە نایەتەوە بۆ ئەدەبیاتی ژنانە؟ ڕەنگە ئەو بۆچوونە بۆ ئەوە بێت جەخت لەسەر ئاواز و کەرەستەی مێیینەبوون لەناو دەقدا بکاتەوە، بەڵام بیرمان نەچێت پیاوی شاعیر هەیە و دەشکرێت هەبێت بە زمانێکی زۆر ژنانە بنووسێت و وا هەست بکەیت ئەو دەق و دێڕانە لە هەست و نەست و سۆزی ژنەوە داچۆڕاون، کەواتە ئەوە پاساوێکی لاوازە و ئایا پێت وایە ئەو بۆچوونە چەند جێی خۆی دەگرێت؟

**بەیان سەلمان:** پێگەی نووسین بۆ هەندێک ژن سەختە، لە کۆمەڵێکی باوکسالار و نێرپەرستدا، فیگۆری پیاو نووسەرێکی ستەمکار بەرهەمدەهێنێت، نەک ڕۆشنبیرێکی ڕاستەقینە کە گاریگەریی هەبێت لەسەر گۆڕینی کۆمەڵ. مەرج نییە بەرهەمەکانیان لە خۆیان بدوێن، بەڵکوو قومار بە وێنەی خۆیان دەکەن. پیاوی نووسەری کورد، هەروەکوو پیاوانی تری دراوسێکانی کوردن، ئەگەر نەڵێم نەیارەکانیان، لە پیاوێکی خێڵەکی ستەمکارترە، نەک تەنها بەرانبەر بە ژن بەڵکوو بەرانبەر بە نەوەی نەوجەوانانیش. لە ڕووکەشدا کۆمەڵێک پیاو بە قات و بۆینباغ دەبینیت، بەڵام لە ناوەرۆک و ئەقڵییەتدا مەحکومە بە هەلومەرجی نێرێک کە کۆمەڵ هەقی پێ دەدات ئیگۆ سەنتەریزمی خۆی بەسەر دەوروبەریدا بسەپێنێت. کەسێکی خۆپەرست و هەلپەرستی لێ دەردەکات، بەڵام نابێت بڵێین هەموو پیاو و هەموو نووسەرێکی پیاو، هیچ دۆخێک بە ڕەهایی بوونی نییە، چونکوو بە ڕاستی هەموویان نین، دەیان پیاوی چالاک بە جددی بۆ پرسی ژنان تێدەکۆشن، ئەوەش گرنگە وە بەرچاو بگیرێت.

ژن لە کۆمەڵی کوردی و کۆمەڵگەکانی دەوروبەردا مامەڵە لەگەڵ ئەو فیگۆرە نیگەتیڤەی پیاو دەکات، کە لە بنەڕەتدا سیستەمێکی ناڕەوا درووستی کردوون و «ڕەشمە»ی داوەتە دەستیان نەک «قەڵەم.» ئەو

دۆخە وایکردووە پیاوانی کاراما و لێهاتووی بواری نووسینی ناشرین دەر بکەون. بۆیە ژن دوو بەرانبەری پیاوێکی ستەملێکراوی ئەو سیستەمانە تێدەکۆشێت. خۆشبەختانە کە گەنجانێکی زۆر، بە کوڕ و بە کچ، کەم تا زۆر ئەمڕۆ لەو ڕاستییانە نزیکبوونەتەوە و داهاتوو بۆ مرۆڤی ڕاستەقینەیە، بۆ ئەوانەی درووست دەکەن، نەک ئەوانەی تێک دەدەن و دەڕووخێنن.

# Literary Journalist

Diyar Latif